پێشەكی

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبيه بعده , وبعد

ئەم كتێبە پێكهاتووە لە ٢٠٠ فەرموودە لە ٢ صحیحی دێرین كە بریتین لە صەحیحی ئیمامی بوخاری و صەحیحی ئیمامی موسلیم ڕەحمەتی خوایان لێ بێت, كە بەڕاستی خزمەتێكی زۆریان كردووە بە فەرموودەكانی پێغەمبەرمان ﷺ وە دوو ڕاسترین كتێبن لە پاش قورئانی پیرۆز.

لەم كتێبەدا من ٢٠٠ فەرموودەم هیناوەتەوە كە ١٠٠ فەرموودە هی ئیمامی بوخاری یە وە ١٠٠ فەرموودەكەی تریش هی ئیمامی موسلیمە.

وە من بۆ ئاسانكاری هەر فەرموودەیەكم هێنابێتەوە ئەوا ناونیشانێكم بۆی داناوە بۆ ئەوەی زیاتر سوودی هەبێت بۆ ئێوەی بەڕێز تاوەكو تێكەڵ نەبن و بە ئاسانی ئەو فەرموودە بدۆزیەوە كە مەبەستتە.

زیاتر ئەو فەرموودانەم هێناوەتەوە كە كورتن و ئاسانن بۆ لەبەر كردن و مانایەكی ڕەوان و ئاشكرایان هەیە.

مەگەر بەدەگمەن فەرموودەیەكم هێنابێتەوە كە هەندێك درێژبێت بەڵام سوودێكی زۆری تیایە بۆیە هێناومەتەوە.

لە هەر شوێنێك پێویستی كردبێت تێبینیەكی كورت لەسەر فەرموودەكە نووسراوە وەك ڕوونكردنەوەیەك و بەرچاو ڕۆشنیەك بۆ ئێوەی بەڕێز.

داواكارم لە خوای گەورە كە ئەم كارەم لێ وەربگرێت و تەنها لەبەر ڕەزامەندی ئەو بێت و سوودی هەبێت بۆ موسڵمانان و خزمەتیك بێت بۆ فەرموودەكانی پێغەمبەرمان ﷺ .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

نووسەر
ئەبو ئەنەس كوردی
١٨/شوال/١٤٣٤ كۆچی
٢٠١٣/٨/٢٥ زاینی
یەك شەممە

پێشەکی بەڕێز: م.ئەبو موسلیم ئاریانی

الحمدلله والصلاة والسلام علی رسول الله وعلی آله وصحبه ومن اهتدی بهداه ، وبعد

بێگومان لەدوای ووتەی خوا (سبحانه وتعالی) ووتەیەکی ڕاستڕو پڕ فەڕتر و سوود بەخشتر نی یە جگە لە ووتە شیرینەکانی پێغەمبەری خودا ﷺ ، بێگومان ئەو لە زاناترینی خەڵکی یە نموونەی بەرزی ڕاستگۆیشە، ووتەکانی گەوهەرە خەمڕەوێنە دڵی پێوە بەند دەبێ ، چونکە خۆشی لە گرۆی خۆشەویستانی خوایە بەڵکو خۆشەویسترینیان .

بۆیە ئاتاج بە دەستگرتن بە سوننەت وڕێبازەکەی ئەوین کە لە کرۆکی ووتەو فەرمایشتە بەرزو بەپێزەکانی خۆی دەنوێنی ، پێویستە موتالا بکەین ولەبەریان بکەین و خەڵکیشی لێ فێر بکەین، وەکاربکەین بۆ ڕەنگدانەوەی ئەم فەرموودانە لە کردارو ڕەفتارماندا، بەڕاستی تەنها لاساکەرەوەیکی ئەو زاتە بەڕێزە بین شوێن سوننەتەکەی بکەوین وبەرگریشی لێ بکەین.

بڵاوکردنەوەی فەرموودە ڕاستەکان و بەکوردی کردنیان واتا لە بەرگری کردن لە سوننەت وخزمەتکردنی ئەدات، بۆیە دەستخۆشی لە برامان بەڕێز (باوکی ئەنەس) دەکەم بەم کارە جوانەی پێی هەڵساوە ئومێدەوارم هەرکەسێ توانای ئەنجامدانی

کاری لەم جۆرەی هەیە با درێخی لێ نەکات، ئیتر بەهیوای بەهرەمەندبوون لەم بابەتەو سوودوەرگرتن وکارکردن پێی.
وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليما كثيرا

ئەبو موسلیم ئاریانی
١١/محرم/ ١٤٣٥

ئەركانەكانی ئیسلام

١ عَن ابْنِ عُمَرَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ﴿بُنِيَ الْإِسْلَامُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ﴾ رواه البخاري ٨.

واتە: ((ئیسلام بنیاتنراوە لە سەر پێنج شت: شایەتومان هێنان بە وتنی {لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ، مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّه}، نوێژكردن ، زەكات دان ، حەج كردن ، بەڕۆژوو بوونی مانگی ڕەمەزان)).

❖ دەبێ باوەڕیت بە هەموو ئەمانە هەبێت وبێ گومان بیت لێیان, چونكە ئەگەر كەسێك باوەری نەبێ یان گومانی هەبێ لە یەكێك لە ئەركانەكانی ئیسلام ئەوا ئەو كەسە لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە،((نووسەر)).

بڵاوكردنەوەی سەلام

٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ﴿لَا تَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ حَتَّى تُؤْمِنُوا ، وَلَا تُؤْمِنُوا حَتَّى تَحَابُّوا ، أَوَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى شَيْءٍ إِذَا فَعَلْتُمُوهُ تَحَابَبْتُمْ؟ أَفْشُوا السَّلَامَ بَيْنَكُمْ﴾ رواه مسلم ٥٤.

واتە: ((ناچنە بەهەشتەوە تاوەكو ئیمان نەهێنن ، وە ئیمان ناهێنن تاوەكو یەكتریتان خۆش نەوێ ، ئایا شتێكتان پێ بڵێم ئەگەر ئەنجامی بدەن یەكتریتان خۆش بوێت؟ سەلام بڵاو بكەنەوە - سەلام لە یەكتری بكەن)).

❖ سەلام كردنیش هەر ئەوە نی یە كە تەنها ئەوەی دەیناسی سەلامی لێبكەی بەڵكو دەبێ سەلام بكەی لەو كەسەی كە دە یناسی و لەو كەسەش كە نایناسی. ((نووسەر)).

موسڵمان دەبێ لە زمان و دەستت سەلامەت بێ

٣ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ)) رواه البخاري ٩.

واتە: ((موسڵمانی-تەواو-ئەو کەسەیە کە موسڵمانان لە زمان و لە دەستی سەلامەت بن)).

❖ سەلامەت بوون لە زمان واتا غەیبەتیان نەکەی و جوێنیان پێ نەدەی ، وە سەلامەت بوون لە دەست واتا کەس ئازار لە دەستی تۆ نەبینێت. ((نووسەر)).

کێ تامی ئیمان دەچێژێ؟

٤ عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: ((ذَاقَ طَعْمَ الْإِيمَانِ مَنْ رَضِيَ بِاللهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا)) رواه مسلم ٣٤.

واتە: ((ئیمانی هیچ یەکێك لە ئێوە تەواو نابێت تاوەکو چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ براکەشی پێ ی خۆش بێ)).

❖ لە تەواوی باوەڕو ئەو خەصڵەتانەی پێویستە لە کەسی موسڵمان بێتە جێ ئەوەیە، لە خێر و چاکە چی بۆ خۆی پێ خۆشە ئەوەشی بۆ براکەی پێ خۆش بێت، هەروەها ئەوەی بۆخۆیشی ڕقی لێ دەبێتەوە بە هەمان شێوە. هەر کەسێ ئەم خەصلەتە لەدەستبدات و فەرامۆشی بکات بەرەو کزی باوەڕی دەبات ((نووسەر)).

فەرمان كردن بە هێشتنەوەی ریش

٥ عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ:((خَالِفُوا الْمُشْرِكِينَ أَحْفُوا الشَّوَارِبَ، وَأَوْفُوا اللِّحَى)) رواه مسلم ٢٥٩.

واتە: ((پێچەوانەی موشریكەكان بكەن سمێڵتان كورت بكەنەوە وە رِیشتان بهێڵنەوە)).

❖ وە هەر چوار مەزهەبەكە كۆكن لەسەر ئەوەی كە ریش تاشین حەرامە والله أعلم (نووسەر).

چۆن دەبیت بە ئیماندارێكی تەواو؟

٦ عَنْ أَنَسٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)) رواه البخاري ١٣.

واتە: ((ئیمانی هیچ یەكێك لە ئێوە تەواو نابێت تاوەكو چی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ براكەشی پێ ی خۆش بێ)).

❖ لە تەواوی باوەڕو ئەو خەصڵەتانەی پێویستە لە كەسی موسڵمان بێتە جێ ئەوەیە، لە خێر و چاكە چی بۆ خۆی پێ خۆشە ئەوەشی بۆ براكەی پێ خۆش بێت، هەروەها ئەوەی بۆخۆیشی رِقی لێ دەبێتەوە بە هەمان شێوە. هەر كەسێ ئەم خەصلەتە لەدەستبدات و فەرامۆشی بكات بەرەو كزی باوەڕی دەبات. ((م.ئەبو موسلیم)).

تاوانی ئەو کەسەی نوێژی عەسر بچوێنێ

٧ عَنْ أَنَسٍ عَنْ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَا يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لِأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ)) رواه البخاري ١٣.

واتە: ((ئەو کەسەی نوێژی عەسری بچێت وەك ئەوە وایە کە ماڵ و منداڵی لە بەین بچێت)).

❖ ئەوەی تەنها نوێژی عەسری بچێت تووشی ئەم ماڵ وێرانیە دەبێت, ئەی ئەگەر هەر نوێژ نەکات دەبێ چی بەسەر بێت!!!. ((نووسەر)).

شەرم بەشێکە لە ئیمان

٨ عَن أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((الْإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الْأَذَى عَن الطَّرِيقِ وَالْحَيَاءُ مِنْ الْإِيمَانِ)) رواه مسلم ٣٥

واتە: ((ئیمان حەفتاو ئەوەندە یان شەست وئەوەندە بەشە بەرزترینی وتنی{لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ}یە وە نزمترینی لابردنی نارەحەتیە لە سەر ڕێگا وە شەرمیش بەشێکە لە ئیمان)).

چ شتێك زۆر چاكە لە ئیسلام دا؟

٩ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو أَنَّ رَجُلًا سَأَلَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَيُّ الْإِسْلَامِ خَيْرٌ قَالَ ((تُطْعِمُ الطَّعَامَ وَتَقْرَأُ السَّلَامَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ)) رواه البخاري ٢٨

واتە: عبداللە ی كوڕی عمرو دەڵێ پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەری خوا كرد ﷺ چ شتێك زۆر چاكە لە ئیسلام دا,ئەویش فەرمووی ((خواردن بدەی بە هەژاران و سەلام بكەی لەو كەسەی كە دەیناسی و ئەوەیشی كە نایناسی)).

خۆپارێزی لە بیدعە

١٠ عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ)) رواه مسلم ١٨١٧.

واتە: ((هەر كەسێك شتێك لە ئاینەكەی ئێمە دابهێنێت و كە فەرمانی ئێمەی لەسەر نەبێ ئەوا ڕەتدەكرێتەوە-واتا قبولْ نابێت-)).

❖ **بیدعە: واتا داهێنراو,هەر كارێك بكەی كە لە شەرع دا بەڵگەی لەسەر نەهاتبێ ئەوا بە بیدعە ناو دەبرێ, وە مەبەست لە بیدعە لە ڕووی دینەوە نەك دونیا ,چونكە بیدعەی دونیایی هیچی لە سەر نی یە وداهێنەرەكەی لە ئایندا خەتابار نابێت وەك دروستكردنی كۆمپیوتەرو تەیارەو سەیارەو ...هتد. ((نووسەر)).**

فریشتەکان صەڵاوات لەسەر کێ لێدەدەن؟

١١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((الْمَلَائِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَادَامَ فِي مُصَلَّاهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ مَا لَمْ يُحْدِثْ تَقُولُ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ)) رواه البخاري ٤٤٥.

واتە: ((بەردەوام فریشتەکان صەڵاوات لە سەر ئەو کەسە لێدەدەن کە لە شوێنی نوێژکردنەکەی دا نوێژدەکات و قسە ناکات وە فریشتەکان دەڵێن:خوایە لێی خۆشبە, خوایە ڕەحمی پێ بکە)).

❖ صەڵاواتی فریشتە بۆ بەندەکان:واتا دوعاو پاڕانەوە لە خواو داوای لێخۆشبوون کردنە بۆ بەندەکان واللە أعلم. ((نووسەر)).

دەتەوێ لە خوای پەروەردگار نزیك ببیتەوە؟

١٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ، وَهُوَ سَاجِدٌ، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ)) رواه مسلم ٤٨٢.

واتە: ((نزیکترین کات کە بەندە لە خودای خۆی نزیك بێت ئەو کاتەیە کە لە سوژدە دا بێت, کەواتە لەو کاتەدا زۆر بپاڕێنەوە)).

پاداشتی نوێژی بە کۆمەڵ

١٣ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((صَلَاةُ الْجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلَاةَ الْفَذِّ بِسَبْعٍ وَعِشْرِينَ دَرَجَةً)) رواه البخاري ٦٤٥.

واتە: ((نوێژی بەکۆمەڵ چاکترە لە نوێژی تاك بە بیست و حەوت پلە)).

بەرەکەت لە پارشێو دایە

١٤ عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((تَسَحَّرُوا، فَإِنَّ فِي السُّحُورِ بَرَكَةً)) رواه مسلم ١٠٩٥.

واتە: ((پارشێو بکەن چونکە بەرەکەت لە پارشێوکردن دایە)).

گەورەیی {ئامین} کردن

١٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا قَالَ أَحَدُكُمْ آمِينَ وَقَالَتْ الْمَلَائِكَةُ فِي السَّمَاءِ آمِينَ فَوَافَقَتْ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)) رواه البخاري ٧٨١.

واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە وتی ئامین-لەکاتی نوێژدا- وە فریشتەکانیش ئامین دەکەن, جا ئەگەر ئامینەکە هاوتای ئامینی فریشتەکان بێت ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت)).

نیشانەکانی کەسی دووڕوو

١٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ : إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ)) رواه مسلم ٥٩.

واتە: ((نیشانەکانی دووڕووو سیانن: کاتێك قسە دەکات درۆ دەکات, کاتێك بەڵێن دەدات نایباتە سەر,کاتێك ئەمانەتێکی پێ ڕابسپێردرێت خیانەت و ناپاکی لێ دەکات)).

نیشانەکانی نزیك بوونەوەی قیامەت

١٧ عَنْ أَنَسٍ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يُرْفَعَ الْعِلْمُ وَيَثْبُتَ الْجَهْلُ وَيُشْرَبَ الْخَمْرُ وَيَظْهَرَ الزِّنَا)) رواه البخاري ٨٠.

واتە: ((لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە زانست نامێنێ-زانستی شەرعی- وە نەزانین سەرهەڵدەدا وە عەرەق دەخورێتەوە-بە ئاشکرا- وە زینا سەر هەڵدەدا)).

ڕۆیشتن بە پێش نوێژخوین دا

١٨ عَنْ أَبِي جُهَيْمٍ قَالَ قَالَ ﷺ ((لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَيِ الْمُصَلِّي مَاذَا عَلَيْهِ، لَكَانَ أَنْ يَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرًا لَهُ، مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ)) قَالَ أَبُو النَّضْرِ: لَا أَدْرِي قَالَ: أَرْبَعِينَ يَوْمًا أَوْ شَهْرًا أَوْ سَنَةً؟. رواه مسلم ٥٠٧

واتە: ((ئەگەر بیزانیبا ئەو کەسەی کە بەپێش نوێژخوێنێك دا تێپەڕ دەبێت چەندە گوناهبارە ئەوا چل وەختان ڕابوەستایە باشتر بوو لەوەی کە بەپێش

نوێژخوێنێك دا تێپەڕبێت)). ئەبو نەچر دەڵێ نازانم وتی چل ڕۆژ یا چل مانگ یا چل ساڵ.

نابێ شانەكانت دیار بێت لە كاتی نوێژ دا

١٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((لَا يُصَلِّي أَحَدُكُمْ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ لَيْسَ عَلَى عَاتِقَيْهِ شَيْءٌ)) رواه البخاري ٣٥٩.

واتە: ((با كەستان لە ئێوە نوێژ نەكات بە پۆشاكێك كەشتێك لەسەر شانی نەبێ -شانەكانی دانەپۆشرابێ-)).

❖ زۆر جار حاجیەكان كە لە حەجن تووشی ئەم هەڵەیە دەبن كاتێ شانی بە دەرەوەیە لە كاتی نوێژكردن دا ((نووسەر)).

پاداشتی دروست كردنی مزگەوت

٢٠ عَنْ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ بَنَى مَسْجِدًا لِلَّهِ بَنَى اللهُ لَهُ فِي الْجَنَّةِ مِثْلَهُ)) رواه مسلم ٥٣٣.

واتە: ((هەر كەسێك مزگەوتێك دروست بكات بۆ خوا ئەوا خوای گەورە شتێكی هاوشێوەی ئەوی بۆ دروست دەكات لە بەهەشت دا)).

گەورەیی حەج کردن

٢١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ حَجَّ هَذَا البَيْتَ، فَلَمْ يَرْفُثْ، وَلَمْ يَفْسُقْ، رَجَعَ كَمَا وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)) رواه البخاري ١٨١٩.

واتە: ((هەر کەسێك حەجی ئەم ماڵە-واتا کەعبە-بکات وە قسەی ناپەسەند و خراپ نەکات -نەچێتە لای خێزانی-وە بێ فەرمانی خوا نەکات ئەوا دەگەڕێتەوە وەك ئەوەی تازە لە دایك بوو بێت-واتا پاك دەبێتەوە لە هەموو تاوانێك-)).

ئادابی خواردن

٢٢ عَنْ جَدِّهِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِهِ، وَإِذَا شَرِبَ فَلْيَشْرَبْ بِيَمِينِهِ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَأْكُلُ بِشِمَالِهِ، وَيَشْرَبُ بِشِمَالِهِ)) رواه مسلم ٢٠٢٠.

واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە ویستی خواردنێك بخوات ئەوا با بە دەستی ڕاستی بیخوات, وە ئەگەر ویستی خواردنەوەیەك بخواتەوە ئەوا با بە دەستی ڕاستی بیخواتەوە, چونکە شەیتان بە دەستی چەپی خواردن دەخوات وە بە دەستی چەپی خواردنەوە دەخواتەوە)).

گەورەیی ڕەمەزان

٢٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًاوَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ)) رواه البخاري ٣٨.

واتە: ((ئەوەی لە ڕەمەزان ڕۆژوو بگرێت بە ئیمان و چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورە بکات ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت)).

بینا کردن لە سەر قەبر

٢٤ عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ فِي مَرَضِهِ الَّذِي لَمْ يَقُمْ مِنْهُ ((لَعَنَ اللهُ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى، اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ)) رواه مسلم ٥٢٩.

واتە: ((لەعنەتی خوا لە جولەکە و گاورەکان ، -چونکە-گۆڕی پێغەمبەرە کانیان دەکرد بە مزگەوت)).

❖ لەعنەت: واتا بێ بەشبوون و دەرکراو لە ڕەحمەتی خودا والله أعلم. ((نووسەر)).

فەرمانکردن بە خۆشووشتن بۆ نوێژی هەینی

٢٥ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((الغُسْلُ يَوْمَ الجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ)) رواه البخاري ٨٥٨.

واتە: ((خۆشووشتن لە ڕۆژی هەینی دا واجبە لە سەر هەموو-موسڵمانێکی-بالغ)).

چۆن نیعمەتەکانی خودات بۆ بەدیار دەکەویٚ؟

٢٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ:قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((انْظُرُوا إِلَى مَنْ أَسْفَلَ مِنْكُمْ، وَلَا تَنْظُرُوا إِلَى مَنْ هُوَ فَوْقَكُمْ، فَهُوَ أَجْدَرُ أَنْ لَا تَزْدَرُوا نِعْمَةَ اللهِ عَلَيْكُمْ)) رواه مسلم ٢٩٦٣.

واته: ((سەیری لە خۆتان بەرەو خوارتن بکەن وە سەیری لە خۆتان بەرزتر مەکەن, ئەمە شیاوترە بۆ ئەوەی کە بەبێ رِێزی سەیری ئەو نیعمەتانە نەکەن کە خودا پێی بەخشیون)).

لە چ کاتێك دا شەیتانەکان زنجیر دەکرێن؟

٢٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((إِذَا دَخَلَ رَمَضَانُ فُتِّحَتْ أَبْوَابُ الجَنَّةِ، وَغُلِّقَتْ أَبْوَابُ جَهَنَّمَ وَسُلْسِلَتِ الشَّيَاطِينُ)) رواه البخاري ٣٢٧٧

واتە: ((کاتێك رِەمەزان دێت دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە, وە دەرگاکانی دۆزەخ دادەخرێن ، وە شەیتانەکان زنجیر دەکرێن - واتا دەبەسترێنەوە-)).

دوو وشە هەن قورسن لە سەر تەرازووی چاکە

٢٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللهِ الْعَظِيمِ)) رواه مسلم ٢٦٩٤.

واتە: ((دوو وشە هەن سووكن لە سەر زمان,وە قورسن لە سەر تەرازوو,وە خۆشەویستن لە لای ڕەحمان: سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ ، سُبْحَانَ اللهِ الْعَظِيمِ)).

نوێژی سڵاوی مزگەوت

٢٩ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ السَّلَمِيِّ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ المَسْجِدَ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ)) رواه البخاري ٤٤٤.

واتە: ((هەر کەسێك لە ئێوە کە هاتە ناو مزگەوت با دوو ڕەکعات نوێژ بکات پێش ئەوەی دابنیشێت ، واتە: نوێژی تَحِيَّةُ المَسْجِد)).

لەکاتی دوعا کردن دا مەڵێ { إن شاءالله }

٣٠ عَنْ أَنَسٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِذَا دَعَا أَحَدُكُمْ فَلْيَعْزِمْ فِي الدُّعَاءِ، وَلَا يَقُلْ: اللهُمَّ إِنْ شِئْتَ فَأَعْطِنِي، فَإِنَّ اللهَ لَا مُسْتَكْرِهَ لَهُ)) رواه مسلم ٢٦٧٨.

واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە دوعای کرد با پێداگری بکات لە دوعا کردنەکەی دا,وە نەڵێ: خوایە ئەگەر دەتەوێ ئەوا پێم ببەخشە,چونکە خوای گەورە زۆر لێکەری نی یە)).

ئافرەت بۆ چوار مەبەست مارە دەکرێ

٣١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ز قَالَ: ((تُنْكَحُ الْمَرْأَةُ لِأَرْبَعٍ: لِمَالِهَا وَلِحَسَبِهَا وَجَمَالِهَا وَلِدِينِهَا، فَاظْفَرْ بِذَاتِ الدِّينِ، تَرِبَتْ يَدَاكَ)) رواه البخاري ٥٠٩٠.

واتە: ((ئافرەت بۆ چوار مەبەست مارە دەکرێ: بۆ ماڵەکەی ، بۆ ناوداریەکەی ، بۆ جوانیەکەی ، بۆ دینەکەی ، جا تۆ دیندارەکە بخوازە و دەستت بچێت بە خێردا)).

❖ ئەو مارەکردنەی لەسەر بنەمای ئاین بێ پڕ خێرو بەرەکەتە, ئەگەر یەکێك ئافرەتێك لە پێناو دینداریەکەی بخوازێت هەرگیز زەرەرمەند و ڕەنج بە خەسار نابێت, بەڵام ئەگەر مەبەستێکی تری جگە لە دینداریەکەی هەبوو ئەو کاتە وەك ئەوە وایە بەسەر دەستەکانی کەوتبێتە سەر زەوی و بێ دەرەتان دەبێ و پەشیمانی دادی نادات. ((م.ئەبو موسلیم)).

گوێڕایەڵی فەرمانڕەوا و سەرکردەکان

٣٢ عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنِ النَّبِيِّ ز أَنَّهُ قَالَ ((عَلَى الْمَرْءِ الْمُسْلِمِ السَّمْعُ وَالطَّاعَةُ فِيمَا أَحَبَّ وَكَرِهَ، إِلَّا أَنْ يُؤْمَرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَإِنْ أُمِرَ بِمَعْصِيَةٍ، فَلَا سَمْعَ وَلَا طَاعَةَ)) رواه مسلم ١٨٣٩.

واتە: ((پێویستە کەسی موسڵمان گوێڕایەڵی سەرکردەکەی بێت لەوەی پێی خۆشە وە لەوەشی کە پێی ناخۆشە, تەنها ئەگەر فەرمانی کرد بە خراپە, ئەگەر فەرمانی کرد بە خراپە ئەوا گوێڕایەڵی و ملکەچی ناکەی)).

تاوانی جوێن دان بە موسڵمان

٣٣ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((سِبَابُ الْمُسْلِمِ فُسُوقٌ وَقِتَالُهُ كُفْرٌ)) رواه البخاري ٤٨.

واتە: ((جوێن دان بە موسڵمان فاسقیە وە شەڕکردن لەگەڵی کوفرە)).

❖ فاسق: واتا ئەو کەسەی دەرچووە لە فەرمانی خودا, وە ئەو کوفرەی لەم فەرموودە دا باس کراوە مەبەست پێی لە کوفری بچووکە ئەو کوفرە نی یە کە لە ئیسلام دا بیخاتە دەرەوە والله أعلم, بەڵام تاوانێکی زۆر گەورەیە دەبێ ئاگاداری بین. ((نووسەر)).

گەورەیی سیواك كردن

٣٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَوْلَا أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لَأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلَاةٍ)) رواه مسلم ٢٥٢.

واتە: ((ئەگەر ئەزیەت نەبوایە لە سەر ئوممەتەکەم ئەوا فەرمانم پێ دەکردن بە سیواك كردن لە گەڵ هەموو نوێژێك)).

خوای گەورە سەیری کێ ناکات لە قیامەت دا؟

٣٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((لاَ يَنْظُرُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَى مَنْ جَرَّ إِزَارَهُ بَطَرًا)) رواه البخاري ٥٧٨٨.

واتە: ((خوای گەورە سەیری کەسێك ناکات لە قیامەت دا کە جلەکانی درێژ بکات و لەدوای بخشێ بۆ فیز و خۆبەگەورە زانینی بێت)).

تاوانی ئەو کەسەی بە موسڵمانێك بڵێ { کافر }

٣٦ عَنْ أَبِي ذَرٍّ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((...وَمَنْ دَعَا رَجُلًا بِالْكُفْرِ، أَوْ قَالَ: عَدُوُّ اللهِ وَلَيْسَ كَذَلِكَ إِلَّا حَارَ عَلَيْهِ)) رواه مسلم ٦١.

واتە: ((هەر کەسێك بانگی پیاوێك بکات بە کوفر-بڵێ ئەی کافر-یان بڵێ ئەی دوژمنی خوا ، واش نەبێ ئیللا بۆ خۆی دەگەڕێتەوە)).

❖ پێویستە بەندە زمانی خۆی لەبە کافر دانانی موسڵمانان بپارێزێ، چونکە مرۆڤی وا هەیە بە وشەیەك کە لە سەرپێچی خوا دەریدەبڕێ کردەوەچاکەکانی هەمووی بەتاڵ دەکاتەوەو دونیاو دوارۆژیشی تاریك دەبێ خوا پەنامان بدات، با کەسی ژیرو هۆشمەند سوور بێ لەسەر تێفکرین لەو قسانەی کەدەیکات پێش دەربڕینیان. ((م.ئەبو موسلیم)).

هەموو سەرخۆشکەرێك حەرامە

٣٧ عَنْ عَائِشَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((كُلُّ شَرَابٍ أَسْكَرَ فَهُوَ حَرَامٌ)) رواه البخاري ٢٤٢.

واتە: ((هەر خواردنەوەیەك سەرخۆشکەر بێت ئەوا حەرامە)).

ڕەحم و بەزەیی

٣٨ عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنْ لَا يَرْحَمِ النَّاسَ، لَا يَرْحَمْهُ اللهُ عَزَّ وَجَلَّ)) رواه مسلم ٢٣١٩.

واتە: ((هەر کەسێك ڕەحم بە خەڵك نەکات خوای گەورەش ڕەحمی پێ ناکات)).

هەر کەسێك کە باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە

٣٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلاَ يُؤْذِ جَارَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ، وَمَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أَوْ لِيَصْمُتْ)) رواه البخاري ٦٠١٨.

واتە: ((هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە با ئازاری دراوسێ کەی نەدات, هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە با ڕێز لە مێوانەکەی بگرێت, هەر کەسێك باوەڕی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەیە با قسەی خێر بکات یان بێدەنگ بێت)).

قەدەغەکردن لە ڕق لێبوونەوە و حەسوودی و پشت هەڵکردن

٤٠ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((لَا تَبَاغَضُوا، وَلَا تَحَاسَدُوا، وَلَا تَدَابَرُوا، وَكُونُوا عِبَادَ اللهِ إِخْوَانًا، وَلَا يَحِلُّ لِمُسْلِمٍ أَنْ يَهْجُرَ أَخَاهُ فَوْقَ ثَلَاثٍ)) رواه مسلم ٢٥٥٨.

واتە: ((ڕق و قینە بەرامبەر بە یەکتری مەنوێنن, وە حەسودی بە یەکتری مەبەن ، وە پشت لەیەکتر هەڵمەکەن, ببن بە برای یەکتر ، وە دروست نی یە بۆ هیچ موسڵمانێك پشت بکات لە براکەی لە دوای سێ-ڕۆژ-)).

❖ دروست نی یە موسڵمان قسە لە برای موسڵمانی خۆی بگرێتەوە و لە سێ ڕۆژ زیاتر ئاخاوتن لە نێوانیان دا نەبێ ، بەڵام ئەگەر هۆکار و بیانوویەکی شەرعی هەبێت ئەوا دروستە بەڵکو پێویستیشە، وەك ئەوەی کەسێکی موبتەدیع بێت یان تاوان بە ئاشکرا بکات. ((م.ئەبو موسلیم)).

پاداشتی وتنی " سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِه "

٤١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ ، حُطَّتْ خَطَايَاهُ ، وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ البَحْرِ)) رواه البخاري ٦٤٠٥.

واتە: ((هەر کەسێك بڵێ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ لە ڕۆژێکدا سەد جار ، ئەوا تاوانەکانی ڕەش دەبێتەوە ئەگەر بە قەد کەفی دەریاش بێت)).

ئادابی سەلام کردن

٤٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((يُسَلِّمُ الرَّاكِبُ عَلَى الْمَاشِي، وَالْمَاشِي عَلَى الْقَاعِدِ، وَالْقَلِيلُ عَلَى الْكَثِيرِ)) رواه مسلم ٢١٦٠

واتە: ((ئەوەی بە سواری یە سەلام لە پیادە دەکات ، وە پیادە سەلام لەو کەسە دەکات کە دانیشتووە ، وە کەم سەلام لە زۆر دەکات)).

گەورەیی یادی خوای گەورە

٤٣ عَنْ أَبِي مُوسَى، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((مَثَلُ الَّذِي يَذْكُرُ رَبَّهُ وَالَّذِي لاَ يَذْكُرُ رَبَّهُ، مَثَلُ الحَيِّ وَالمَيِّتِ)) رواه البخاري ٦٤٠٧

واتە: ((نموونەی ئەو کەسەی کە یادی خوای گەورە دەکات وە ئەو کەسەی کە یادی خوای گەورە ناکات, وەك نموونەی زیندوو و مردوو وایە)).

ئەگەر سیٚ کەس بوون دووانتان بە نهیٚنی قسە مەکەن

٤٤ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُود، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً، فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ صَاحِبِهِمَا، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ)) رواه مسلم ٢١٨٤

واتە: ((ئەگەر سیٚ کەس بوون با دووانتان بەتەنها قسە و چپەچپ نەکەن بەبیٚ کەسەکەی تر ، چونکە ئەوە دلگرانی دەکات)).

زولٚم و ستەم تاریکی یە لە ڕۆژی دوای دا

٤٥ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ, عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((الظُّلْمُ ظُلُمَاتٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) رواه البخاري ٢٤٤٧

واتە: ((زولٚم و ستەم دەبیٚتە تاریکایی لە ڕۆژی دوایی دا)).

تاوانی قسە هیٚنان و بردن

٤٦ عَنْ حُذَيْفَةُ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ قَتَّاتٌ)) رواه مسلم ١٠٥

واتە: ((ئەو کەسەی قسە دەهیٚنیٚت و دەبات-دووزمانی دەکات-ناچیٚتە بەهەشت)).

مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان

٤٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((حَقُّ المُسْلِمِ عَلَى المُسْلِمِ خَمْسٌ: رَدُّ السَّلاَمِ، وَعِيَادَةُ المَرِيضِ، وَاتِّبَاعُ الجَنَائِزِ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ، وَتَشْمِيتُ العَاطِس)) رواه البخاري ١٢٤٠

واتە: ((مافی موسڵمان لەسەر موسڵمان پێنجە: وەڵام دانەوەی سەلام, سەردانی نەخۆش ، شوێنکەوتن بە دوای تەرمەکەی ، وەڵامی بانگێشتی بدەیەوە ، ئەگەر پشمی وەڵامی بدەیەوە)).

❖ وە لە ڕیوایەتی موسلیم دا دەفەرموێ مافی موسڵمان لە سەر موسڵمان شەشە: ... ئەگەر داوای ئامۆژگاری لێ کردی ئەوا ئامۆژگاری بکە... ((نووسەر)).

تاوانی ئەو کەسەی کە سەگ ڕادەگرێ

٤٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنِ اتَّخَذَ كَلْبًا، لَيْسَ بِكَلْبِ صَيْدٍ، وَلَا غَنَم، نَقَصَ مِنْ عَمَلِهِ كُلَّ يَوْمٍ قِيرَاطٌ)) رواه مسلم ١٥٧٥

واتە: ((هەر کەسێك سەگ ڕابگرێ ، بێجگە لە سەگی ڕاو وە سەگی مەڕو ماڵات ، ئەوا هەموو ڕۆژێك بە ئەندازەی قیراتێك-واتا شاخێکی گەورە-لە کردەوە-چاکەکانی-کەم دەبێتەوە)).

سزای کاربەدەستێك کە فێڵ لە ژێردەستەکانی بکات

٤٩ عَنْ مَعْقِلَ بْنَ يَسَارٍ قَالَ سَمِعْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ: ((مَا مِنْ عَبْدٍ اسْتَرْعَاهُ اللَّهُ رَعِيَّةً، فَلَمْ يَحُطْهَا بِنَصِيحَةٍ، إِلَّا لَمْ يَجِدْ رَائِحَةَ الجَنَّةِ)) رواه البخاري ٧١٥٠.

واتە: ((هەر بەندەیەك خوای گەورە کردیە کاربەدەست بە سەر ژێـر دەسـتەکەی ، پارێزگاری لـێ نـەکات بـە ئامۆژگاری کردنـی ئـەوا ئـەم کەسـە بـۆنی بەهەشـت ناکات-واتا ناچێتە بەهەشتەوە-)).

سووکترین سزای دۆزەخ

٥٠ عَنِ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ز يَقُولُ ((إِنَّ أَهْوَنَ أَهْلِ النَّارِ عَذَابًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَرَجُلٌ تُوضَعُ فِي أَخْمَصِ قَدَمَيْهِ جَمْرَتَانِ، يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ)) رواه مسلم ٢١٣

واتە: ((سـووکترین سـزای ئـەهلی دۆزەخ بـۆ پیاوێکـە کـە دوو پشـکۆی ئـاگرین لـە ژێر پێی دادەنێن کە مێشکی لەگەڵ دەکوڵێ)).

❖ پەنا بەخوا سوکترین سزا ئاوا بێت ئەی ئەبێ سزاکانی تر چۆن بێت !!!. ((نووسەر)).

ڕۆیشتنی گوناهەکان لەگەڵ کردنی نوێژە فەرزەکان

٥١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللَّهِ ز يَقُولُ ((أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهَرًا بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَغْتَسِلُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسًا، مَا تَقُولُ: ذَلِكَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ, قَالُوا: لاَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ شَيْئًا، قَالَ: فَذَلِكَ مِثْلُ الصَّلَوَاتِ الخَمْسِ، يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الخَطَايَا)) رواه البخاري ٥٢٨

واتە: ((هەواڵم پێ بدەن ئەگەر یەکێك لە ئێوە ڕووبارێك لەبەر دەرگای -ماڵەکەی تێپەڕکات- ڕۆژێ پێنج جار خۆی تێدا بشوات ئایا هیچ پیسی یەك لەسەر لەشی دەمێنێت, وتیان نەخێر هیچ پیسی یەك لەسەر لەشی نامێنێ, فەرمووی ئەوەش نموونەی پێنج نوێژە فەرزەکەیە خوای گەورە بە هۆیەوە لە گوناهەکان خۆش دەبێت)).

❖ پێنج نوێژەکان خوای گەورە بەهۆیەوە گوناهی بەندەکانی پێ دەشۆرێتەوە، تاوای لێ دێت ئەو بەندەیە بێ خەوش ودوور دەبێ لەتاوان. ((م.ئەبو موسلیم)).

زمانت بپارێزە

٥٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ صَلَّى اللهُ ز قَالَ ((إِنَّ الْعَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ، مَا يَتَبَيَّنُ مَا فِيهَا، يَهْوِي بِهَا فِي النَّارِ، أَبْعَدَ مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ)) رواه مسلم ٢٩٨٨

واتە: ((بەندەی وا هەیە کە قسەیەك دەکات کە لێی ناکۆڵێتەوە-بیری لێناکاتەوە-دەکەوێتە ناو ئاگر بە ئەندازەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا)).

❖ واتە: بیر لە قسەکەی ناکاتەوە کە چەندە قسەیەکی ناشیرینە,وە بیر لەوە ناکاتەوە کە لەوانەیە قسەکەی فیتنەی لێ بکەوێتەوە. ((نووسەر)).

پێنج جۆر شەهید هەن

٥٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ز قَالَ ((الشُّهَدَاءُ خَمْسَةٌ: المَطْعُونُ، وَالمَبْطُونُ، وَالغَرِقُ، وَصَاحِبُ الهَدْمِ، وَالشَّهِيدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ)) رواه البخاري ٢٨٢٩.

واتە: ((شەهید پێنجن: ئەوەی بە تاعون بمرێ وە ئەوەی بە سك ئێشە بمرێ وە ئەوەی بخنکێ وە ئەوەی خانووی بەسەر دا بڕوخێ وە ئەوەی لە پێناوی خوا دا بکوژرێ)).

❖ تاعون: جۆرە نەخۆشی یەکی توندی بەکتریایە لە گەدە. ((نووسەر)).

درۆکردن بە دەم پێغەمبەری خواوە ﷺ

٥٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ:قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا ، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ)) رواه مسلم ٣.

واتە: ((هەر کەسێك درۆیەك بە دەمی من دا بکات, ئەوا با جێگای خۆی لە ئـاگر ئامادە بکات)).

❖ بۆیە دەبێ ئێمە زۆر وریا بین کاتێك فەرموودە یـەکی پێغەمبـەری خوا ﷺ بـاس دەکـەین دەبـێ دڵنیـا بین لەڕاستی و دروستی فەرموودەکە نەوەك گوێمان لە هەر فەرموودەیـەك بێـت کـە پـاڵ درابێـت بـۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ یەکسەر باسی بکەین بۆ خەڵك. ((نووسەر)).

ئەگەر پیاو داوای لە خیزانەکەی کرد ئەویش ڕازی نەبوو

٥٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا لَعَنَتْهَا الْمَلاَئِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ)) رواه البخاري ٣٢٣٧

واتە: ((ئەگەر پیاو داوای سەرجێی لە خێزانەکەی کرد ئەویش ڕازی نەبو وە پیاوەکەش بە توڕەیی خەوت ، ئەوا فریشتەکان تا بەیانی نەفرەت لەو ئافرەتە دەکەن)).

بەردەوام کۆمەڵێك لە سەر حەقن

٥٦ عَنْ ثَوْبَانَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ،لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ، حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللهِ وَهُمْ كَذَلِكَ))رواه مسلم ١٩٢٠

واتە: ((بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەق دەمێنن،نابەزن کاتێ کەسێك بیەوێ سەر شۆڕیان بکات ناتوانێت زیانیان لێبدات ، تا ئەو کاتەی کە فەرمانی خوا دیت تا دەیان گێڕێتەوە بۆ لای خۆی ، وە ئەوانە هەروا دەبن).

❖ بێگومان نەیاران ناتوانن تۆزقاڵێك کار لە بیرو هزری موسڵمانانی بۆ خوا صوڵحاوی شوێن کەوتەی سەلەف بکەن, ئەگەر ئەوان بیدعەچیەکان ژمارەیان زیاتریش بیت, هەوڵەکانیان نەزۆکانە بەسەر خۆیان دا دەشکێتەوە, چونکە دژایەتی کردنیان لەلای کەسانی پێچەوانە هیچ زیانێکیان پێناگەیەنێت تا ئەو ڕۆژەی فرمانی خوا(ڕۆژی دوایی)دێت ئەوان هەروا دەمێنن و بەردەوام ئارام لەسەر حەق دەگرن و ئاوڕ لە گۆتەی کەسانی پێچەوانەیان نادەنەوەو لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسن. ((م.ئەبو موسلیم)).

❖ ئەم فەرموودەیە ئاماژەیەکی تریشی تێدایە ئەویش پەردە لەسەر ڕووی دزێوی بیدعەچیەکان ڕادەماڵێت و لە سیفەتێکیشیان ئاگادارمان دەکاتەوە کە ئەویش بەردەوام تانەو جنێو دانیانە بە ئەهلی سوننە و شوێنکەوتوانی تا ڕۆژی دوایی. ((م.ئەبو موسلیم)).

حەڕامی مۆسیقا بە هەموو جۆرەکانیەوە

٥٧ و مَالِكٍ الْأَشْعَرِيُّ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ،يَسْتَحِلُّونَ الحِرَ وَالحَرِيرَ، وَالخَمْرَ وَالمَعَازِفَ،...)) رواه البخاري ٥٥٩٠

واتە: ((لە ئوممەتی من دا کۆمەڵێك پەیدا دەبن کە زینا و جلی ئاوریشم و مەی خواردنەوە و مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن...)).

- المعازف: ناوێکی کۆیە هەموو جۆرە ئامرازەکانی مۆسیقاژەنی دەگرێتەوە. ((نووسەر)).
- هەر چوار مەزهەبەکە کۆکن لە سەر حەڕامێتی مۆسیقا والله أعلم. ((نووسەر)).
- گۆرانی و مۆسیقا دووڕوویی لە دڵدا دەڕوێنێت هەروەك هاوەڵی بەڕێز (إبن مسعود) ڕەزای خوای لێبێ دەڵێت: **(إن الغناو ینبت النفاق في القلب كما ینبت الماو الزرع)** . ((نووسەر)).

خۆ پاراستن لە دەججال

٥٨ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الْكَهْفِ عُصِمَ مِنَ الدَّجَّالِ)) رواه مسلم ٨٠٩.

واتە: ((هەرکەسێك دە ئایەتی سەرەتای سوڕەتی الكهف لەبەر بکات, ئەوا لە دەججال دەپارێزرێ)).

تاوانی پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی

٥٩ عَنْ جُبَيْرَ بْنَ مُطْعِمٍ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((لاَ يَدْخُلُ الجَنَّةَ قَاطِعٌ)) رواه البخاري ٥٩٨٤.

واتە: ((ناچێتە بەهەشتەوە ئەو کەسەی کە-پەیوەندی خزمایەتی-پچڕاندبێت)).

❖ کاتێ بۆ ئەنجامدەرانی ئەم گوناهە دەفەرمووێت ناچێتە بەهەشتەوە، بۆ گەورە سەیر کردنی گوناهەکەیە نەوەك هەرگیز نەچێت بۆ بەهەشت، واتە هۆکارێکە بۆ نەچوونی بۆ بەهەشت. ((م.ئەبو موسلیم)).

پاداشتی دوعاکردن بۆ براکەت بە پەنهانی

٦٠ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يَدْعُو لِأَخِيهِ بِظَهْرِ الْغَيْبِ، إِلَّا قَالَ الْمَلَكُ: وَلَكَ بِمِثْلٍ)) رواه مسلم ٢٧٣٢.

واتە: ((هەر بەندەیەکی موسڵمان کاتێ پاڕایەوە بۆ براکەی بە پەنهانی ، ئەوا فریشتەیەك پێی دەڵێ: ئەوەندەش بۆ خۆت بێت - لە دوعاکە -)).

موسڵمان لە یەك شوێن دا دوو جار فێڵی لێ ناکرێ

٦١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّهُ قَالَ: ((لاَ يُلْدَغُ الْمُؤْمِنُ مِنْ جُحْرٍ وَاحِدٍ مَرَّتَيْنِ)) رواه البخاري ٦١٣٣.

واتە: ((موسڵمان لە یەك کون دا دوو جار پێوەی نادرێ)).

❖ مەبەست لەو فەرموودە واتا موسڵمانی ئاقڵ و ژیر ئەگەر جارێ فێڵی لێ کرا بۆ جاری دووەم نابێ فێڵی لێ بکرێ لە هەمان شوێن. ((نووسەر)).

❖ مانا لە تەواوی باوەڕی ئەو موسڵمانە دەدات کاتێ بەم شێوەیە بێت، پاڵنەرێکی گرنگیشە بۆ سەرکەوتن بەسەر نەیاران وهۆکاری بە فەراهەم هاتنی هێزو توانایشە، چونکە فەرموودەکە هانمان دەدات تا دەرس و پەند لە ڕابوردوومان وەربگرین. ((م.ئەبو موسلیم)).

تاوانی ئەو کەسەی سەری خۆی بەرز دەکاتەوە پێش ئیمام

٦٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ مُحَمَّدٌ ﷺ ((أَمَا يَخْشَى الَّذِي يَرْفَعُ رَأْسَهُ قَبْلَ الْإِمَامِ، أَنْ يُحَوِّلَ اللهُ رَأْسَهُ رَأْسَ حِمَارٍ؟)) رواه مسلم ٤٢٧.

واتە: ((ئایا ئەو کەسەی سەری خۆی بەرز دەکاتەوە لە پێش ئیمام ، ناترسێ خوای گەورە سەری بگۆڕی بەسەری گوێدرێژ؟)).

کێت خۆش بوێت لە گەڵ ئەوی لە قیامەت دا

٦٣ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ: عَنِ النَّبِيِّ ز أَنَّهُ قَالَ ((الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ)) رواه البخاري ٦١٦٨.

واتە: ((کەسێ مرۆڤێکی خۆش بوێت-لە قیامەت دا-لە گەڵ ئەو دایە)).

❖ لە ((الصحیحین)) دا هاتووە لە ئەنەسی کوڕی مالك ڕەزای خوای لێبێ دەڵێت : من پێغەمبەری خوا ز و ئەبو بەکرو عومەرم خۆشدەوێت، تکا دەکەم لەبەر ئەو خۆشەویستیەم بۆیان، لەبەهەشتدا لەگەڵ ئەواندابم، ئەگەر وەکو ئەوانیش کردەوەم نەکردبێت. ((م.ئەبو موسلیم)).

چ شتێك دەبێتە كەفارەتی تاوانەكان؟

٦٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ كَانَ يَقُولُ ((الصَّلَوَاتُ الْخَمْسُ، وَالْجُمْعَةُ إِلَى الْجُمْعَةِ، وَرَمَضَانُ إِلَى رَمَضَانَ، مُكَفِّرَاتٌ مَا بَيْنَهُنَّ إِذَا اجْتَنَبَ الْكَبَائِرَ)) رواه مسلم ٢٣٣.

واتە: ((پێنج نوێژە فەرزەكە ، وە هەینی بۆ هەینی ، وە ڕەمەزان بۆ ڕەمەزان ، كەفارەتی گوناهی نێوانیانە ، بەمەرجێك دوور كەوێتەوە لە گوناهە گەورەكان)).

دەستی بەرز ئەو دەستەیە كەوا دەبەخشێ

٦٥ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((اليَدُ العُلْيَا خَيْرٌ مِنَ اليَدِ السُّفْلَى ، فَاليَدُ العُلْيَا: هِيَ المُنْفِقَةُ ، وَالسُّفْلَى: هِيَ السَّائِلَةُ)) رواه البخاري ١٤٢٩.

واتە: ((دەستی بەرز باشترە لە دەستی نزم ، دەستی بەرز ئەو دەستەیە كەوا-بۆخوا-دەبەخشێ ، وە دەستی نزم ئەو دەستەیە كەوا سواڵ دەكات)).

چاكترین ڕۆژ كامەیە؟

٦٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا)) رواه مسلم ٨٥٤

واتە: ((چاكترین ڕۆژێك كەخۆری لێوە هەڵدێت ڕۆژی هەینی یە, هەر لەو ڕۆژە دا ئادەم دروستكراوە,وە هەر لەو ڕۆژە دا چۆتە بەهەشت,وە هەر لەو ڕۆژەش دا لە بەهەشت بەدەرنراوە)).

وەڵامدانەوەی دەعوەتی ژن هێنان { وەلیمە }

٦٧ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا دُعِيَ أَحَدُكُمْ إِلَى الوَلِيمَةِ فَلْيَأْتِهَا)) رواه البخاري ٥١٣٧.

واتە: ((ئەگەر یەکێك لە ئێوە بۆ دەعوەتی ژن هێنان بانگ کرا با بچێ)).

❖ مەگەر بێ فەرمانی خوای تیا بکرێ وەك گۆرانی و مۆسیقا و تێکەڵاوی پیاوان و ئافرەتانی تیا بێ ئەو کاتە نابێ بچێت. ((نووسەر)).

شین و ڕۆ ڕۆ مەکەن لەسەر مردووەکانتان

٦٨ عَنْ عُمَرَ بْنِ الخَطَّابَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((الْمَيِّتُ يُعَذَّبُ فِي قَبْرِهِ بِمَا نِيحَ عَلَيْهِ)) رواه مسلم ٩٢٧.

واتە: ((مردوو سزا دەدرێ لەناو گۆردا بەهۆی ئەو شین و ڕۆڕۆیەی کە لە سەری دەکرێ)).

❖ ئەگەر وەسیەتی کردبێت کە ئەم کارەی لەسەر نەکەن ئەوا ئەو کەسە ناگرێتەوە والله أعلم،(نووسەر).

ئازا ئەو کەسەیە کە لەکاتی توڕەبوون دا خۆی دەگرێ

٦٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((لَيْسَ الشَّدِيدُ بِالصُّرَعَةِ، إِنَّمَا الشَّدِيدُ الَّذِي يَمْلِكُ نَفْسَهُ عِنْدَ الغَضَبِ)) رواه البخاري ٦١١٤

واتە: ((کەسی ئازاو بەهێز ئەوە نی یە کە لەکاتی شەڕ و زۆرانبازی دا ئازا بێت, بەڵکو ئازا ئەو کەسەیە کە لەکاتی توڕەبوون دا دان بەخۆی دابگرێت و سنوور نەبەزێنێت).

❖ ئەم فەرموودەیە هانمان دەدات کە لەکاتی تووڕەیی دا دان بەخۆمان دابگرین، بشزانە تووڕەیی لەپێناوی جگە لەخوا لە کاری شەیتانە، بەڵام ئەگەر لە پێناو خودا بێت و تەنها بۆ ئەو ڕق لە سەرپێچیکارانی فەرمانەکانی خواو پەیامبەرەکەی ز دابگریت ئەو حاڵە نیشانەی تەواوی باوەڕە. (م.ئەبو موسلیم).

هەر کەسێك چل کەس نوێژ لە سەر تەرمەکەی بکات

٧٠ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَبَّاسٍ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلًا، لَا يُشْرِكُونَ بِاللهِ شَيْئًا، إِلَّا شَفَّعَهُمُ اللهُ فِيهِ)) رواه مسلم ٩٤٨.

واتە: ((هەر موسڵمانێك کە دەمرێ ، چل کەس نوێژی لەسەر بکەن کە شەریك و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدابێ ، ئەوا خوای گەورە بە هۆی شەفاعەت و تکای ئەوانەوە دەی بەخشێت)).

داوای لێخۆشبوون { أستغفر الله } كردن

٧١ قَالَ أَبُو هُرَيْرَةَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((وَاللَّهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ فِي اليَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً)) رواه البخاري ٦٣٠٧

واتە: ((سوێند بەخوا من لە ڕۆژێكدا زیاتر لە حەفتا جار تەوبە و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەكەم)).

❖ پێغەمبەری خوا ز ڕۆژێ زیاتر لە حەفتا جار{أستغفر الله}ی دەكرد كە سەرەڕای ئەوەی خوای گەورە لە هەموو تاوانەكانی خۆش ببوو وە هیچ تاوانیشی ئەنجام نەئەدا, ئێمەش سەرەڕای ئەو هەموو تاوانە كەچی لەوانەیە هەفتەی جارێكیش {أستغفر الله} یەك نەكەین, بەڕاستی پێویستە ئێمە ڕۆژێ زیاتر لە سەد جار {أستغفر الله} بكەین بە لایەنی كەم. ((نووسەر)).

❖ لە خوڕەوشت وخەصلەتی بانگخواز وایە كاتێ فەرمانی چاكەیەك بەكەسێك بكات، خۆی پێشتر ئەنجامی دەدات، وە ئەگەر لە كارو گوفتارێكیش قەدەغەیان لێ بكات خۆی پێشتر نایكات، بۆیە پێغەمبەری خوا ز لێرەشدا هەر پێشەنگ بوە. ((م.ئەبو موسلیم)).

تەوبە تاوەكو كەی دەمێنێ؟

٧٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنْ تَابَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا، تَابَ اللهُ عَلَيْهِ)) رواه مسلم ٢٧٠٣

واتە: ((هەر كەسێك تەوبە بكات پێش ئەوەی خۆر لە خۆرئاواوە هەڵبێت ، خوای گەورە تەوبەكەی لێ وەردەگرێ)).

ئاسانكار و موژدەدەر بن

٧٣ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((يَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّرُوا، وَبَشِّرُوا، وَلاَ تُنَفِّرُوا)) رواه البخاري ٦٩.

واتـە: ((ئاسـانكار بـن و گرانكـار مـەبن,وە مـوژدەدەر بـن و خـەڵك لـە دیـن مەڕەتێننەوە)).

دەتەوێ حەفتا ساڵ لە ئاگری دۆزەخ بە دوور بی؟

٧٤ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَا مِنْ عَبْدٍ يَصُومُ يَوْمًا فِي سَبِيلِ اللهِ،إِلَّا بَاعَدَ اللهُ،بِذَلِكَ الْيَوْمِ وَجْهَهُ عَنِ النَّارِ سَبْعِينَ خَرِيفًا))رواه مسلم ١١٥٣

واتە: ((هەر كەسێك لە پێناوی خوا دا ڕۆژێك بە ڕۆژوو بێت, ئەوا خوای گەورە بەهۆی ئەم ڕۆژووەوە دەم وچاوی حەفتا پایز-حەفتا ساڵ-لەئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە)).

چاكترین كەس كێ یە؟

٧٥ عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)) رواه البخاري ٥٠٢٧

واتە: ((چاكترین كەس ئەوەیە كە فێری قورئان خوێنـدن بێـت و خـەڵكیش فێـر بكات)).

❖ واتـە: چـاكترینی خـەڵكی ئـەو كەسـەیە ئـەم دوو وەسـفەی تێـدا بێـت ١- خـۆی فێـری بـەڕەوانی خوێندنەوەی قورئان بێت ٢- خەڵكیش فێر بكات. ((م.ئەبو موسلیم)).

❖ هەروەها زانایان دەفەرموون ئەم چاكێتی یە بۆئەو كەسانەیشە كە لەگەڵ بەرەوان خوێندنەوەی خۆیان لە ڕاڤەو ماناكەیشی بەهرەمەند دەكەن و خەڵكیش بە هەمان شێوە فێر دەكەن،((م.ئەبو موسلیم)).

خوا لە تاوانەكانی شەهید خۆش دەبێت بێجگە لە قەرزاری

٧٦ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((يُغْفَرُ لِلشَّهِيدِ كُلُّ ذَنْبٍ إِلَّا الدَّيْنَ)) رواه مسلم ١٨٨٦.

واتە: ((خوای گەورە لە هەموو تاوانەكانی شەهید خۆش دەبێت تەنها قەرز نەبێت)).

❖ خوای گەورە لێی خۆش نابێت تا بۆی نەدرێتەوە چونكە ئەوە مافی خەڵكە{حق الناس} دە بێ بۆی بدرێتەوە ، یان داوای گەردەن ئازایی لەو كەسە بكرێ كە قەرزی لا كردووە والله أعلم. ((نووسەر)).

❖ چونكە بە هۆی ئەو ناخۆشی و ئازارانەوە خوای گەورە لە تاوانەكانی خۆش دەبێت و پاكی دەكاتەوە لە گوناهەكان. ((نووسەر)).

خوای گەورە خێری بۆ یەكێك بوێت توشی ئازاری دەكات

٧٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُصِبْ مِنْهُ)) رواه البخاري ٥٦٤٥.

واتە: ((كەسێك خوا بیەوێ توشی خێری بكات,توشی ناخۆشی و ئازاری دەكات)).

❖ چونكە بە هۆی ئەو ناخۆشی و ئازارانەوە خوای گەورە لە تاوانەكانی خۆش دەبێت و پاكی دەكاتەوە لە گوناهەكان. ((نووسەر)).

ئەگەر بتەوێ دەبیت بە { شەهید }

٧٨ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنْ طَلَبَ الشَّهَادَةَ صَادِقًا، أُعْطِيَهَا، وَلَوْ لَمْ تُصِبْهُ)) رواه مسلم ١٩٠٨.

واتە: ((کەسێك داوای شەهیدی بکات بە ڕاستگۆیی ئەوا خوای گەورە پێی دەبەخشێ ، ئەگەر پێشی نەگات)).

❖ واتە: ئەگەر ئەو کەسە شەهیدیش نەبێت خوای گەورە دەیگەیەنێتە پلەوپایەی شەهیدی. ((نووسەر)).

بەهەشت و دۆزەخ بە چی دەورە دراون؟

٧٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((حُجِبَتِ النَّارُ بِالشَّهَوَاتِ، وَحُجِبَتِ الجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ)) رواه البخاري ٦٤٨٧.

واتە: ((دۆزەخ دەورە دراوە بە ئارەزوو و هەوەس بازی, وە بەهەشت دەورە دراوە بە ناخۆشی و ناڕەحەتی)).

❖ واتە: ئەگەر بتەوێ بە بەهەشت شاد بیت دەبێ ئارام بگری لە سەر نەکردنی تاوان و ئارەزووە حەڕامەکان. ((نووسەر)).

داپۆشینی عەیب و ناتەواوی بەندە

٨٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَا يَسْتُرُ عَبْدٌ عَبْدًا فِي الدُّنْيَا، إِلَّا سَتَرَهُ اللهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)) رواه مسلم ٢٥٩٠.

واتە: ((هەر بەندەیەك عەیب و ناتەواوی بەندەیەك داپۆشێ لە دونیا, ئەوا خوای گەورە لە قیامەت دا عەیب و ناتەواوی ئەو بەندەیە دادەپۆشێت)).

تـاوانە گەورەکان

(٨١) عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((الكَبَائِرُ: الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الوَالِدَيْنِ، وَقَتْلُ النَّفْس، وَاليَمِينُ الغَمُوسُ)) رواه البخاري **٦٦٧٥**.

واتـە: ((تاوانـە گـەورەکان: هاوەڵـدانان بـۆ خـوا ، وە ئـازاردانی دایـك وبـاوك ، وە کوشتنی کەسێك -بەناحەق- ، وە سوێند خواردن بە ناحەق)).

- (اليَمِينُ الغَمُوسُ) : بـەوە دەوترێـت کـە کەسـێك بەئەنقەسـت و بـەدرۆ سـوێند لەسـەر کـارێکی ڕابردووی بخوات وەك ئەوەی سوێند بخوات و بڵێ ئەو کارە ڕووی نەداوە یان سوێند بخوات و بڵێ ئەم کارە یان ئەم وتەیە بەم شێوە نەبووە، یان سوێند بخوات لەسەر کاڵایەك بڵێت بـەو بەهایـە هاتۆتە کڕین یـان بـێ خـەوش وکـەم وکوڕی یـە پاشـان دەرچێت لـە سـوێند خواردنەکـەی درۆی کردووە و ڕاستی یەکەی شاردۆتەوە ئەمانە گشـتی بـە سـوێندی غمـوس نـاو دەبردرێـت ئەمـە لـە تاوانە گەورەکانە. ((م.ئەبو موسلیم)).
- بۆیە پێی دەڵێن غموس چونکە ئەو کەسـە نقـومی نـاو تـاوان دەکات وپاشـان نقـومی نـاو ئـاگری دۆزەخی دەکات خوا پەنامان بدات. ((م.ئەبو موسلیم)).

پاداشتی بەخێوکردنی کچ

(٨٢) عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ز ((مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا، جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ كَهَاتَيْن)) وَضَمَّ أَصَابِعَهُ . رواه مسلم **٢٦٣١**.

واتـە: ((هـەر کەسـێك دوو کـچ پـەروەردە بکـات-لەسـەر ئـاینی ئیسـلام-تـاوەکو پێدەگـەن وبـاڵغ دەبـن ، ئـەوا لـە ڕۆژی قیامـەت پێکـەوە دەبـین ئـاوا)) هـەردوو پەنجەی جووت کرد.

- واتا لە ڕۆژی قیامەت دا زۆر لێك نزیك دەبین بە ئەندازەی نزیکی پەنجەکان. ((نووسەر)).

سەفەر ناکریٚ بۆ پیرۆزی تەنها بۆ سیٚ مزگەوت نەبێت

٨٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلَّا إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: المَسْجِدِ الحَرَامِ، وَمَسْجِدِ الرَّسُولِ ﷺ ، وَمَسْجِدِ الأَقْصَى)) رواه البخاري ١١٨٩.

واتە: ((سەفەر ناکریٚ-بۆ هیچ شوێنێك بە مەبەستی پیرۆزی-تەنها بۆ سیٚ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەڕام-لە مەککە- وە مزگەوتی پیغەمبەر ﷺ لە مەدینە- وە مزگەوتی ئەقصا-لە قودس-)).

❖ واتا سەفەرێك بکەی بۆ مزگەوتێك یان مەزارگەیەك یان شوێنێکی پیرۆز وە بە تەنها مەبەستت ئەوە بێت کە بچیت بۆ ئەو شوێنە ئەوە دروست نی یە تەنها بۆ ئەم سیٚ مزگەوتە دروستە کە لە فەرموودەکە دا باس کراوە. ((نووسەر)).

درۆکردن لە چ کاتێك دا دروستە؟

٨٤ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ أَنَّ حُمَيْدَ بْنَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، أَخْبَرَهُ أَنَّ أُمَّهُ أُمَّ كُلْثُومٍ بِنْتَ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ، أَخْبَرَتْهُ: أَنَّهَا سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((لَيْسَ الْكَذَّابُ الَّذِي يُصْلِحُ بَيْنَ النَّاسِ، وَيَقُولُ خَيْرًا وَيَنْمِي خَيْرًا)) رواه مسلم ٢٦٠٥.

واتە: ((درۆزن ئەو کەسە نی یە کەنێوانی دوو کەس چاك دەکاتەوە, قسەیەکی چاك بکات و قسەیەکی چاك بهێنیٚ و ببات)).

❖ با درۆش بکات هەر بە درۆ بۆی حیساب ناکریٚ ، چونکە ئەو مەبەستی ئەوەیە کە نێوانی دوو کەسەکە چاك بکاتەوە. ((نووسەر)).

❖ زانایان ڕووەو ئەو باسە ئاماژە بە سوودێك دەکەن لەسەر (مصلح) واتە ئەوەی نێوانی دوو کەس چاك دەکات پێویستە بەزۆری ئەو دەرگایەی درۆی ڕێگا پێدراوە لە خۆی نەکاتەوە مەگەر پێویستی کرد، ئەگینا دەکەوێتە ناو درۆی قەدەغە لێکراوەوە. ((م.ئەبو موسلیم)).

بەرزم مەکەنەوە زیاتر لە ئاستی خۆم

٨٥ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، سَمِعَ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابَ، يَقُولُ عَلَى الْمِنْبَرِ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((لاَ تُطْرُونِي، كَمَا أَطْرَتْ النَّصَارَى ابْنَ مَرْيَمَ، فَإِنَّمَا أَنَا عَبْدُهُ، فَقُولُوا عَبْدُ اللَّهِ، وَرَسُولُهُ)) رواه البخاري ٣٤٤٥.

واتە: ((بەرزم مەکەنەوە-لە مەدح و سەنا دا-وەك گاورەکان عیسای کوڕی مەریەم یان بەرزکردەوە-تاوەکو وتیان کوڕی خوایە- ، بەڵکو من بە ندەی خوام ، بڵێن بەندەی خوا و پێغەمبەری خوایە)).

خۆشەویسترین ناو لەلای خوای گەورە چی یە؟

٨٦ عَنِ ابْنِ عُمَرَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِنَّ أَحَبَّ أَسْمَائِكُمْ إِلَى اللهِ عَبْدُ اللهِ وَعَبْدُ الرَّحْمَنِ)) رواه مسلم ٢١٣٢.

واتە: ((بەڕاستی خۆشەویسترین ناوی خۆتان لای خوای گەورە {عبدالله و عبدالرحمن}ە)).

جوێن بە هاوەڵان { صەحابە } مەدەن

٨٧ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((لاَ تَسُبُّوا أَصْحَابِي، فَلَوْ أَنَّ أَحَدَكُمْ أَنْفَقَ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا مَا بَلَغَ مُدَّ أَحَدِهِمْ، وَلاَ نَصِيفَهُ)) رواه البخاري ٣٦٧٣.

واتە: ((جوێن بە هاوەڵانم مەدەن ، ئەگەر یەكێك لە ئێوە بەقەد كێوی ئوحود زێڕ ببەخشێت ، ناگات بە مشتێكی ئەوان وە ناگات بە نیوەشی)).

- ❖ پێغەمبەری خوا ﷺ سەرزەنشتی ئەو كەسانە دەكات كە دەكەونە زەمكردنی هاوەڵان ڕەزای خوایان لێبێ و جنێویان پێ ئەدەن ، وە قسەی ناشیاویان پێ ئەڵێن ، بۆیە سەرنجمان بۆ فەزڵ وگەورەیی ئەو كەڵە پیاوانە ڕائەكێشێ. ((م.ئەبو موسلیم)).
- ❖ بێگومان ئەو كەسانە لە جنێوو تانە گرتنیان لە ئەصحاب مەرامێكیان هەیە ئەویش ڕەتكردنەوەی قورئان وسوننەتە، چونكە ئەوان ڕەزای خوایان لێبێ لە هەموو كەسێ لە ئاین شارەزاتر بوون، وە ڕاسترین تێگەیشتنیان هەبووە بۆ قورئان و سوننەت. ((م.ئەبو موسلیم)).

كەسێك پێی خۆش بێت بە دیداری خوا شاد بێت

٨٨ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ، أَنَّ نَبِيَّ اللهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللهِ، أَحَبَّ اللهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ، كَرِهَ اللهُ لِقَاءَهُ)) رواه مسلم ٢٦٨٣.

واتە: ((هەر كەسێك پێی خۆش بێت بە دیداری خوای گەورە شاد بێت خوای گەورەش پێی خۆشە بە دیداری ئەو كەسە شاد بێت,وە هەر كەسێك پێی خۆش نەبوو بە دیداری خوای گەورە شاد بێت خوای گەورەش پێی خۆش نی یە بە دیداری ئەو كەسە شاد بێت)).

نیعمەتی لەش ساغی و بێکاری

٨٩ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((نِعْمَتَانِ مَغْبُونٌ فِيهِمَا كَثِيرٌ مِنَ النَّاسِ: الصِّحَّةُ وَالفَرَاغُ)) رواه البخاري ٦٤١٢.

واتــە: ((دوو نیعمــەت هەیــە زۆر لــە خــەڵکی خەســارەتمەند و دۆڕاون تیایــدا: ئەویش لەش ساغی و بێکاری یە)).

نەرم و نیانی

٩٠ عَنْ عَائِشَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلَّا زَانَهُ، وَلَا يُنْزَعُ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا شَانَهُ)) رواه مسلم ٢٥٩٤.

واتە: ((نەرم و نیانی لە هەر شتێك دا هەبێت ئەوا جوان و چاکی دەکات ، وە لە هەر شتێك دا نەما ئەوا ناشرین و خراپی دەکات)).

کاتێك مێشێك دەکەوێتە ناو خواردنەوەیەك

٩١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي شَرَابِ أَحَدِكُمْ فَلْيَغْمِسْهُ ثُمَّ لِيَنْزِعْهُ، فَإِنَّ فِي إِحْدَى جَنَاحَيْهِ دَاءً وَالأُخْرَى شِفَاءً)) رواه البخاري ٣٣٢٠.

واتە: ((ئەگەر مێشێك کەوتە ناو خواردنەوەی هەر یەکێکتان با نوقمی بکات پاشان با فڕێی بدات ، چونکە لە باڵێکی نەخۆشی یە وە لە باڵەکەی تری شیفایە)).

❖ وە زانستی پزیشکیش سەلماندوویەتی کە لە باڵێکی مێش دا شیفا هەیە بۆ نەخۆشی, ئەوەش یەکێکە لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرمان ﷺ. ((نووسەر)).

تاوانی پرسیارکردن لە فاڵگرەوە و جادووگەر

٩٢ عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ ﷺ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((مَنْ أَتَى عَرَّافًا فَسَأَلَهُ عَنْ شَيْءٍ، لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً)) رواه مسلم ٢٢٣٠.

واتە: ((هەر کەسێك بچێتە لای فاڵچیەك و پرسیاری شتێکی لێبکات-بێ ئەوەی باوەڕیشی پێبکات-،ئەوا چل شەو نوێژی لێ وەرناگیرێ)).

❖ تەنها بە پرسیارکردن لێی چل شەو نوێژت لێ وەرناگیرێ،ئەی ئەگەر باوەڕیشی پێ بکەی ئەوە بێگومان ئەوە کوفرە و تاوانەکەی گەورەتر دەبێت هەر وەك لە فەرمووەدەی صحیح دا هاتووە. ((نووسەر)).

سێ شت بە دوای مردوو دا دێت

٩٣ عَنْ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((يَتْبَعُ المَيِّتَ ثَلاَثَةٌ، فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى مَعَهُ وَاحِدٌ: يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ، فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَيَبْقَى عَمَلُهُ)) رواه البخاري ٦٥١٤.

واتە: ((سێ شت بە دوای مردوو دا دێت-تاکو گۆڕستان-دووانیان دەگەڕێنەوە تەنها یەکێکیان لە گەڵی دەمێنێتەوە، کەس و کار، وە ماڵەکەی، وە کردەوەکانی بە دوای دا دێت، کەس و کار و ماڵەکەی دەگەڕێنەوە، وە کردەوەکانی دەمێنێتەوە-لە گەڵی)).

❖ ئەم فەرموودە واتای ئەوەیە کە تەنها کردەوەکانت بە کەڵکت دێن بۆ قەبرو قیامەتت. ((نووسەر)).

خوێن یەکەم شتە کە خودا دادگایی خەڵکی لەسەر دەکات

٩٤ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنَ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ((أَوَّلُ مَا يُقْضَى بَيْنَ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِي الدِّمَاءِ)) رواه مسلم ١٦٧٨.

واتـە: ((یەکـەم شـت کـە دادگـایی خـەڵکی لەسـەر دەکرێـت لـە ڕۆژی قیامـەت دا خوێن ڕشتنە)).

فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە کە وێنەی تێدا هەڵواسرابێ

٩٥ عَنْ أَبِي طَلْحَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لاَ تَدْخُلُ المَلاَئِكَةُ بَيْتًا فِيهِ كَلْبٌ وَلاَ صُورَةٌ)) رواه البخاري ٣٣٢٢.

واتە: ((فریشتەکان ناچنە ماڵێکەوە کە سەگ یان وێنەی تێدا بێت)).

لە سەر چ حاڵەتێك بمری لە سەر ئەوە زیندوو دەکرێتەوە

٩٦ عَنْ جَابِرٍ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ)) رواه مسلم ٢٨٧٨.

واتـە: ((بەنـدە لـە سـەر چ حاڵـەتێك بمـرێ لـە سـەر هـەمان حاڵـەت زینـدوو دەکرێتەوە)).

پاداشتی هیدایەت دانی کەسێك

٩٧ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((...,فَوَاللَّهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللَّهُ بِكَ رَجُلًا وَاحِدًا، خَيْرٌ لَكَ مِنْ أَنْ يَكُونَ لَكَ حُمْرُ النَّعَمِ)) رواه البخاري

واتە: ((سوێند بەخوا ئەگەر تەنها کەسێك خودا لەسەر دەستی تۆدا هیدایەتی بدات ، چاکترە بۆت لە حوشترێکی سوور)).

❖ کاتی خۆی لە ناو عەرەب دا هیچ شتێك لە حوشتری سوور چاکتر نەبووە بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ نموونەی بەمە هێناوەتەوە ، کە بێگومان بەرامبەر بە شتە گران بەهاکانی ئەو سەردەمەی خۆمان دەخەملێنرێت. ((نووسەر)).

پاداشتی بەدەست هێنانی زانستی شەرعی

٩٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((...، وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْمًا، سَهَّلَ اللهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ,...)) رواه مسلم ٢٦٩٩ .

واتە: ((هەر کەسێك ڕێگایەك بگرێتە بەر بۆ بەدەست هێنانی زانستی شەرعی ئەوا خوای گەورە ڕێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات)).

❖ ئەوەش ڕەحمەتی خوای گەورەیە بۆ بەندەکانی کە بە گوناه بۆیان ناژمێرێ. ((نووسەر)).

وەسوەسەی دڵ

٩٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ،قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لِي عَنْ أُمَّتِي مَا وَسْوَسَتْ بِهِ صُدُورُهَا، مَا لَمْ تَعْمَلْ أَوْ تَكَلَّمْ)) رواه البخاري ٢٥٢٨.

واتە: ((خوای گەورە لە ئوممەتەکەم خۆشبووە لەوەی کەبە سینگیان-دڵیان- دادێت لە وەسوەسە,مادام کردەوەی پێ ناکات یان بە زمان دەری نابڕێ)).

گەورەیی و ترسناکی دۆزەخ

١٠٠ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((يُؤْتَى بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ، مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا)) رواه مسلم ٢٨٤٢.

واتە: ((لە ڕۆژی قیامەت دا دۆزەخ دەهێنن کە حەفتا هەزار قولابی پێوەیە ، هەر قولابێك حەفتا هەزار فریشتە ڕایدەکێشن)).

چاکترینی خەڵك کێ یە؟

١٠١ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((خَيْرُ النَّاسِ قَرْنِي، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ، ...)) رواه البخاري ٢٦٥٢.

واتە: ((چاکترینی خەڵك بریتی یە لە سەردەمی من,پاشان ئەوانەی لە دوایانەوە دێن-واتا تابعین-پاشان ئەوانەی لە دوایان دێن-واتا تابعی تابعین-)).

❖ ئەم سێ سەدە زێرینە پێیان دەوترێ{سەلەفی صالح}کە پێغەمبەر ز شاهێدی بۆ داون کە باشترینی خەڵکن وە هەر کەسێك بەڕاستی شوێن ئەوان بکەوێ پێی دەوترێت{سەلەفی}. ((نووسەر)).

زۆربەی خەڵکانی بەهەشت لە هەژارەکانن

١٠٢ عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ قَالَ: قَالَ مُحَمَّدٌ ﷺ ((اطَّلَعْتُ فِي الْجَنَّةِ فَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا الْفُقَرَاءَ، وَاطَّلَعْتُ فِي النَّارِ فَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا النِّسَاءَ)) رواه مسلم ٢٧٣٧

واتە: ((سەیری بەهەشتم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە هەژارەکان بوون, وە سەیری ئاگری دۆزەخم کرد بینیم زۆربەی خەڵکەکەی لە ئافرەتان بوون)).

سوێند تەنها بە خودا دەخورێت

١٠٣ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((مَنْ كَانَ حَالِفًا، فَلْيَحْلِفْ بِاللَّهِ أَوْ لِيَصْمُتْ)) رواه البخاري ٢٦٧٩.

واتە: ((هەر کەسێك سوێندی خوارد ، با بە خودا سوێند بخوات یانیش بێدەنگ بێت)).

پاداشتی ئەو کەسەی کە قەرز وەرناگرێتەوە

١٠٤ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُنْجِيَهُ اللَّهُ مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ، فَلْيُنَفِّسْ عَنْ مُعْسِرٍ، أَوْ يَضَعْ عَنْهُ)) رواه مسلم

واتە: ((هەر کەسێك پێی خۆشە خوای گەورە لە ناخۆشی و نارەحەتی یەکانی رۆژی قیامەت رزگای بکات ، ئەوا باموڵەتی زیاتر بەقەرزار بدات یان لێی وەرنەگرێتەوە)).

ئەمینی ئەم ئوممەتە کێ یە؟

١٠٥ عَنْ أَنَسٍ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((لِكُلِّ أُمَّةٍ أَمِينٌ، وَأَمِينُ هَذِهِ الأُمَّةِ أَبُو عُبَيْدَةَ)) رواه البخاري ٧٢٥٥.

واتە: ((هەموو ئوممەتێك ئەمینی خۆی هەیە ، وە ئەمینی ئەم ئوممەتە ئەبو عوبەیدەیە))

❖ ئەمە لەو کاتەوە ئەم نازناوە بە ئەبو عوبەیدە بەخشراوە کاتێك پێغەمبەری خوا ز بەخەڵکی نەجرانی فەرموو ((من کەسێکتان بۆ دەنێرم کە زۆر ئەمینە بۆ ئەوەی فێری ئاینی ئیسلامتان بکات کە بەڕاستی زۆر ئەمینە, ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەبو عوبەیدەی بۆ ناردن. ((نووسەر)).

پاداشتی صەڵاوات دان لە سەر پێغەمبەر ﷺ

١٠٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ صَلَّى عَلَيَّ وَاحِدَةً صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ عَشْرًا)) رواه مسلم ٤٠٨.

واتە: ((هەر کەسێك یەك صەڵاواتم لەسەر لێ بدات ، خوای گەورە ده صەڵاواتی لەسەر لێ دەدات)) .

❖ صەڵاواتی خوای گەورە بۆ بەندەکانی واتە ڕەحم و بەرەکەت دەخاتە سەر بەندەکانی والله أعلم. ((نووسەر)).

هەموو کەسێك دەچێتە بەهەشت تەنها ئەوەی کە نەیەوێ

١٠٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ إِلَّا مَنْ أَبَى))، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَنْ يَأْبَى؟ قَالَ: ((مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الجَنَّةَ، وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبَى)) رواه البخاري ٧٢٨٠

واتــە: ((هــەموو ئوممەتەکــەم دەچــنە بەهەشــتەوە تــەنها ئەوانــە نــەبێ کــە نایانــەوێ)) وتیــان جــا کــێ نایــەوێ؟ فــەرمووی ((هــەر کەســێك گوێڕایــەڵی فەرمانــەکانی مــن بکــات دەچــێتە بەهەشــت, وە هــەر کەســێکیش سەرپێچــی فەرمانەکانی من بکات ئەوا نایەوێ-بچێتە بەهەشت-)).

❖ بەهەشت شوێنی ئەو کەسانەیە کە گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن ،لادان لە سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ هۆکاری بێبەش بوونە لە بەهەشت. ((م.ئەبو موسلیم)).

پاداشتی نوێژی عیشا و بەیانی بە کۆمەڵ

١٠٨ عَنْ عُثْمَانُ بْنُ عَفَّانَ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ، وَمَنْ صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ)) رواه مسلم ٦٥٦.

واتە: ((هەر کەسێك نوێـژی عیشا بـە کۆمـەڵ بکات وەك ئـەوە وایـە کـە تـاوەکو نیوەی شەو شەونوێژی کردبێت, وە هەر کەسێك نوێژی بەیانی بە کۆمـەڵ بکات وەك ئەوە وایە کە شەو هەر شەونوێژی کردبێت)).

ئەگەر نوێژت بیر چوو

١٠٩ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((مَنْ نَسِيَ صَلاَةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا، لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلَّا ذَلِكَ...)) رواه البخاري ٥٩٧.

واتە: ((هەر کەسێك نوێژی بیر چوو ، هەر کاتێك بە بیری هاتەوە با نوێژەکەی بکات ، چونکە هیچ کەفارەتی بۆ نی یە تەنها ئەوە نەبێت...)).

❖ بەڵام کاتێك نوێژێکت لە بیر دەچێ هەر کاتێك بە بیرت هاتەوە دەبێ یەکسەر نوێژەکەت بکەیت نابێ تاخیری بکەی بۆ کاتێکی تر ، بۆ نموونە نوێژی بەیانیت بیر چووە نابێ تاخیری بکەی بۆ کاتی نیوەڕۆ بەڵکو کەی بە بیرت هاتەوە دەبێ یەکسەر بیکەی ئەگەر نا گوناهبار دەبی. ((نووسەر)).

خراپترین کەس لای خوای گەورە کێ یە؟

١١٠ حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ سَعْدٍ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ، يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِنَّ مِنْ أَشَرِّ النَّاسِ عِنْدَ اللهِ مَنْزِلَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ، الرَّجُلَ يُفْضِي إِلَى امْرَأَتِهِ، وَتُفْضِي إِلَيْهِ، ثُمَّ يَنْشُرُ سِرَّهَا)) رواه مسلم ١٤٣٧.

واتە: ((خراپترین کەس لای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا،پیاوێکە نزیك خێزانەکەی دەکەوێتەوە-دەچێتە لای-دواتر نهێنی یەکانی-نێوان خۆی و خێزانەکەی-ئاشکرا دەکات-بۆ خەڵکی باسی دەکات-)).

لە کاتی سەر ئاو ڕووتـان لە قیبلە مەکەن

١١١ عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((إِذَا أَتَيْتُمُ الغَائِطَ فَلاَ تَسْتَقْبِلُوا القِبْلَةَ ، وَلاَ تَسْتَدْبِرُوهَا وَلَكِنْ شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا)) رواه البخاري ٣٩٤.

واتـە: ((ئەگـەر دەسـتان بـە ئـاو گەیانـد ڕوو لـە قیبلـە مەکـەن وە پشتیشـی لێ مەکەن ، بەڵکو ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکەن یان ڕوو لە ڕۆژئاوا بکەن)).

ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان

١١٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ز قَالَ ((لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ، إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ)) رواه مسلم ٧٨٠.

واتە: ((ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان, بەڕاستی شەیتان ڕادەکات لـە ماڵێـك کـە سُورَةُ الْبَقَرَة تیابخوێنرێ)).

❖ لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێ کە قورئان خوێندن یان نوێژکردن لە گۆڕستان دا دروست نی یە. ((نووسەر)).

لە پاشی بانگ چی دەڵێی؟

١١٣ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ، حَلَّتْ لَهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ القِيَامَةِ)) رواه البخاري ٦١٤.

واتە: ((هەر كەسێك گوێی لە بانگ بوو بڵێت: اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلاَةِ القَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الوَسِيلَةَ وَالفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ، شایستەی ئەوە دەبێت كە بەر شەفاعەتی من بكەوێت لە ڕۆژی قیامەتدا)).

چ شتێك لە دونیا و ئەوەی لەناوی دایە چاكترە؟

١١٤ عَنْ عَائِشَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)) رواه مسلم ٧٢٥.

واتە: ((دوو ڕەكعەتە سوننەتەكەی -پێش نوێژی بەیانی لەلای خوا- خێری لە دونیا و ئەوەی لەناوی دایە چاكترە)).

هەموو کردەوەیەك بە نییەتە

١١٥ عَنْ عَلْقَمَةَ بْنَ وَقَّاصٍ اللَّيْثِيَّ، يَقُولُ: سَمِعْتُ عُمَرَ بْنَ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ عَلَى المِنْبَرِ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى،...)) رواه البخاري ١.

واتە: ((هەموو کردەوەیەك بە نییەتە, وە هەموو کەسێك بە پێی نییەتەکەی خۆی پاداشت وەردەگرێتەوە)).

❖ نییەت: واتا نیازی دڵ ، وە نییەت شوێنەکەی دڵە, دروست نی یە بە دەم دەربڕدرێت و کارێکی داهێنراوە و بیدعەیە هەر وەك ئیمامی النوویش ڕەحمەتی خوای لێ بێ بە بیدعەی ناساندووە. ((نووسەر)).

❖ ئەم فەرموودە وەك تەرازوویەك وایە کە کردەوەی نادیاری بەندەکان کێش دەکات, ئایا لە ئەنجامدانی کردەوەکانی دا مەبەستی پێ ڕەزامەندی خوای گەورە بووە یان بۆ پێش چاوی و بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی مرۆڤەکان ئەنجامی داون؟! وە هەروەها جۆرو چەندێتی کردەوەکانیش دەست نیشان دەکات. ((م.ئەبو موسلیم)).

هەموو ڕۆژێك دوو فریشتە دادەبەزنە سەر زەوی

١١٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَا مِنْ يَوْمٍ يُصْبِحُ الْعِبَادُ فِيهِ إِلَّا مَلَكَانِ يَنْزِلَانِ، فَيَقُولُ أَحَدُهُمَا: اللهُمَّ، أَعْطِ مُنْفِقًا خَلَفًا، وَيَقُولُ الْآخَرُ: اللهُمَّ، أَعْطِ مُمْسِكًا تَلَفًا)) رواه مسلم ١٠١٠.

واتە: ((هیچ ڕۆژێك نی یە کە بەندەکان بەیانی بکەنەوە ئیللا دوو فریشتە دادەبەزنە-سەر زەوی- یەکێکیان دەڵێ: خوایە ئەو کەسەی ماڵ دەبەخشێ بۆی

زیاد بکەی, وە ئەوەی تر دەڵێ: خوایە ئەوەی ڕەزیلی دەکات-ماڵەکەی- لەناو ببەی)).

بڵاوکردنەوەی دین

١١٧ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً ،...)) رواه البخاري ٣٤٦١.

واتە: ((لە منەوە بیگەێنن-لە دینەکەی خوا-تەنانەت ئایەتێکیش بێت)).

❖ هەر شتێك کە دەیزانین لە ئاینی ئیسلام دەبێ ڕایبگەێنین و خەڵکی لێ ئاگادار بکەینەوە, بێگومان ئەرکێکە لەسەر شانمان دەبێ جێبەجێی بکەین ئەگەر نا تاوانبار دەبین. ((نووسەر)).

پاداشتی بەرۆژوو بوونی رۆژی عەرەفە و ڕۆژی عاشورا

١١٨ عَنْ أَبِي قَتَادَةَ الْأَنْصَارِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ سُئِلَ عَنْ صَوْمِهِ؟ ... قَالَ: وَسُئِلَ عَنْ صَوْمِ يَوْمِ عَرَفَةَ؟ فَقَالَ: ((يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ وَالْبَاقِيَةَ)) قَالَ: وَسُئِلَ عَنْ صَوْمِ يَوْمِ عَاشُورَاءَ؟ فَقَالَ: ((يُكَفِّرُ السَّنَةَ الْمَاضِيَةَ)) رواه مسلم ١١٦٢.

واتە: ئەبو قەتادەی ئەنصاری دەڵێ پرسیارکرا لە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرفە ئەویش فەرمووی: ((دەبێتە کەفارەتی گوناهی ساڵی ڕابردوو وە ئەو ساڵەش کە تیّی دای)) وە دەڵێ پرسیاری لێ کرا دەربارەی بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورا ئەویش فەرمووی: ((دەبێتە کەفارەتی گوناهی ساڵی ڕابردوو)).

❖ ڕۆژی عەرەفە دەکاتە نۆیەم ڕۆژی مانگی زولحیجە, وە ڕۆژی عاشورا دەکاتە دەیەم ڕۆژی مانگی موحەڕڕەم. وە مەبەست لە گوناهە بچووکەکانە نەوەکو گوناهە گەورەکان. ((نووسەر)).

هەر کەسێك لە توانای دا هەیە با ژن بێنێت

١١٩ فَقَالَ عَبْدُ اللَّهِ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ ﷺ شَبَابًا لاَ نَجِدُ شَيْئًا، فَقَالَ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ، مَنِ اسْتَطَاعَ البَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، فَإِنَّهُ أَغَضُّ لِلْبَصَرِ وَأَحْصَنُ لِلْفَرْجِ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ)) رواه البخاري ٥٠٦٦.

واتە: ((ئەی کۆمەڵی گەنجان هەر کەسێك توانای ژن هێنانی هەیە با ژن بهێنێت, چونکە چاو دەگرێتەوە-لە نەزەرکردن- وە قەڵایەکیشە بۆ عەورەت-دەیپارێزێت لە تاوان- وە هەر کەسێك نەیتوانی-ژن بهێنێت- ئەوا با بەڕۆژوو بێت چونکە دەبێتە پارێزەر بۆی-لە تاوان-)).

قورسترین نوێژ لە سەر دووڕووەکان

١٢٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِنَّ أَثْقَلَ صَلَاةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلَاةُ الْعِشَاءِ، وَصَلَاةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لَأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا،..)) رواه مسلم ٦٥١.

واتە: ((قورسترین نوێژ لەسەر دووڕووەکان نوێژی عیشاو بەیانی یە, ئەگەر بیان زانیایە کە چ پاداشتیکی تیایە, ئەوا بە گاگۆڵەش بوایە دەهاتن بۆی-واتا دەهاتن بۆ نوێژی بەیانی و عیشا بە جەماعەت-)).

پاداشتی نوێژی بە کۆمەڵ و بەردەوام بوون لەسەری

١٢١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((مَنْ غَدَا إِلَى المَسْجِدِ وَرَاحَ، أَعَدَّ اللَّهُ لَهُ نُزُلَهُ مِنَ الجَنَّةِ كُلَّمَا غَدَا أَوْ رَاحَ)) رواه البخاري ٦٦٢.

واتە: ((هەر کەسێك بڕوات بۆ مزگەوت بەیانیان و ئێواران, ئەوا خوای گەورە بۆ هەموو جارێك ڕۆیشتنی ماڵێکی بۆ دروست دەکات لە بەهەشت دا)).

ئەگەر خرا پەیەکت بینی ئەوا بیگۆڕە

١٢٢ قَالَ أَبُو سَعِيد ... سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ، فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ، وَذَلِكَ أَضْعَفُ الْإِيمَانِ)) رواه مسلم ٤٩.

واتە: ((هەر کەسێك لە ئێوە خراپەیەکی بینی ئەوا با بە دەست بیگۆڕێ, ئەگەر نەیتوانی با بە زمان بیگۆڕێ, ئەگەر نەیتوانی با بە دڵ پێی ناخۆش بێت, وە ئەوە لاوازترینی ئیمانە)).

❖ ئێمە کەسی وامان تیایە کە بە دڵیش پێی ناخۆش نی یە, بۆ نموونە کەسێك شتێکی خراپ دەکات تۆ هەر گوێشی پێ نادەی خۆ ئەگەر تواناشت نەبێت بیگۆڕی خۆ دەتوانی بە دڵ پێت ناخۆش بێت, یان موسڵمانان ئازار دەدرێن و دەکوژرێن لە هەر شوێنێك بێت تۆ هەر بە خەیاڵیشت دانایێ, هەر چ نەبێ خۆ دەتوانی بە دڵ پێت ناخۆش بێت یان دوعای خێریان بۆ بکەی ئەگەر بە دڵ پێ ناخۆش بوون لاوازترینی ئیمان بێت ئەی ئەگەر بە دڵیش پێت ناخۆش نەبێت دەبێ ئیمانەکەت چۆن بێت!!!. ((نووسەر)).

پاداشتێك بە قەد دوو چیای گەورە

١٢٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَنْ شَهِدَ الجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلِّيَ، فَلَهُ قِيرَاطٌ ، وَمَنْ شَهِدَ حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ))، قِيلَ: وَمَا القِيرَاطَانِ؟ قَالَ ((مِثْلُ الجَبَلَيْنِ العَظِيمَيْنِ)) رواه البخاري ١٣٢٥.

واتـە: ((هـەر کەسـێك لـە سـەر مردوويـەك ئامـادە بێـت تـاوەکو نوێـژی لـە سـەر دەکات, ئەوا خێری قیراگێکی بۆ هەیە, وە هەر کەسێك لـە سەریشـی ئامـادە بێـت تاوەکو دەینێژن ئەوا خێری دوو قیراگی بـۆ هەیـە)) وتیـان دوو قـیراگ چـی یـە؟ فەرمووی ((وەك دوو چیای گەورە وایە)).

مرۆڤـ دوای مردنی چ شتێکی پێ دەگات؟

١٢٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثَةٍ: إِلَّا مِنْ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)) رواه مسلم ١٦٣١.

واتە: ((کاتێك مرۆڤ دەمرێت کردارەکانی لێ ئەپچڕێ تەنها لە سێ شت نەبێ: لە صەدەقە یەکی بەردەوام-واتا لە پاش خۆی بمێنێ-, یان زانستێکی -جێ هێشـتبێ- سوودی لێ وەربگیرێ -لە پاش خۆی-, یان منداڵێکی چاکی-جێ هێشتبێ لـە پـاش خۆی-دوعای بۆ بکا)).

سوژدە بردن دەبێ لە سەر حەوت ئێسقان ئە نجام بدرێت

١٢٥ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمٍ عَلَى الجَبْهَةِ، وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ وَاليَدَيْنِ وَالرُّكْبَتَيْنِ، وَأَطْرَافِ القَدَمَيْنِ وَلاَ نَكْفِتَ الثِّيَابَ وَالشَّعَرَ)) رواه البخاري ٨١٢.

واتە: ((من فەرمانم پێ کراوە کە سوژدە ببەم لە سەر حەوت ئێسقان: لە سەر نێوچەوان وە بە دەستی ئیشارەتی بۆ لوتیشی کرد ، وە هەردوو دەستەکان ، وە هەردوو ئەژنۆکان ، وە هەر دوو سەری پەنجەکانی پێ ، وە فەرمانم پێ کراوە کە-لە کاتی سوژدە بردن دا-جلەکانم و قژم کۆ نەکەمەوە)).

ژن بە ژنی لە ئیسلام دا دروست نی یە

١٢٦ عَنِ ابْنِ عُمَرَ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((لَا شِغَارَ فِي الْإِسْلَامِ)) رواه مسلم ١٤١٥.

واتە: ((ژن بە ژنی لە ئیسلام دا نی یە)).

نوێژە سوننەتەکان لە ماڵەوە بکەی خێری زیاترە

١٢٧ عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ قَالَ... فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((...فَإِنَّ خَيْرَ صَلَاةِ المَرْءِ فِي بَيْتِهِ إِلَّا الصَّلَاةَ المَكْتُوبَةَ)) رواه البخاري ٦١١٣.

واتـە: ((...بەڕاسـتی چـاکترین نوێـژی کەسـێك ئەوەیـە کـە لەماڵەکـەی خـۆی دا بیکات بێجگە لە نوێژە فەرزەکان)).

❖ (بدل)یشی پێ دەڵێن واتا گۆڕینەوە جۆرە مارەبڕینێکی پوچەڵ و حەرامە بـەپێی وتـەی(الجمهور) جا مارەیی لەنێوانیاندا هەبێ یان نا, یان مارەییەکەیان وەك یـەك بـێ یـان لێـك جیـاواز بـێ, یـان

مارەیی یەکێکیان دیاری کرا بێت ئەوی تریان دیاری نەکرابێت, گشتی پوچەڵن, پێشەوایان (مالك) و (شافعی) ڕەحمەتی خوایان لێ بێ فەتوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم جۆرە مارە بڕینەیان داوە, (إبن عبدالبر)یش دەڵێت: هەڵدەوەشێتەوە پێش گواستنەوەو دوای گواستنەوەش. (م.ئەبو موسلیم).

چاکترین خێر و خۆشی دونیا چی یە؟

١٢٨ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو أَنَّ رَسُولَ اللهِ ز قَالَ ((الدُّنْيَا مَتَاعٌ، وَخَيْرُ مَتَاعِ الدُّنْيَا الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ)) رواه مسلم ١٤٦٧.

واتە: ((دونیا خێرو خۆشی یە, وە چاکترین خێرو خۆشی دونیا ئافرەتێکی چاکە)).

❖ وە هەروەها بۆ ئافرەتیش چاکترین خێرو خۆشی بۆی پیاوێکی چاك و لە خواترسە. ((نووسەر)).

دەوڵەمەندی بە شتی زۆر نی یە بەڵکو بە دڵ و دەروونە

١٢٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ز قَالَ ((لَيْسَ الغِنَى عَنْ كَثْرَةِ العَرَضِ، وَلَكِنَّ الغِنَى غِنَى النَّفْسِ)) رواه البخاري ٦٤٤٦.

واتە: ((دەوڵەمەندی بەشتی زۆر نی یە-بەماڵی زۆر نی یە-, بەڵکو دەوڵەمەندی بە دڵ و دەروونە)).

نوێژ قبولْ نی یە بەبیْ خوێندنی سورەتی فاتیحە

١٣٠ عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ، يَبْلُغُ بِهِ النَّبِيَّ ز ((لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ)) رواه مسلم ٣٩٤.

نەفرەت کراوە لەو ئافرەتانەی کە برۆیان دەکەن

١٣١ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ عَنِ النَّبِيِّ ز قَالَ ((لَعَنَ اللَّهُ الوَاشِمَاتِ وَالمُوتَشِمَاتِ، وَالمُتَنَمِّصَاتِ وَالمُتَفَلِّجَاتِ، لِلْحُسْنِ المُغَيِّرَاتِ خَلْقَ اللَّهِ)) رواه البخاری ٤٨٨٦.

واتە: ((خوای گەورە نەفرەتی کردووە لەو ئافرەتانەی کە خالْ دەکوتن-تاتۆ ئەکەن-لە سەر جەستەیان وە ئەوەشی بۆی دەکات ، وە ئەوانەش کە مووی برۆیان لا دەبەن, وە ئەوانەش کە (شاش) دەخەنە نێو ددانەکانیان بۆ جوانکاری, کە دروستکراوی خوای گەورە دەگۆڕن)).

نوێژ کردن لەم دوو حالْەتە دا دروست نی یە

١٣٢ عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا سَمِعَتْ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((لَا صَلَاةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ، وَلَا هُوَ يُدَافِعُهُ الْأَخْبَثَانِ)) رواه مسلم ٥٦٠.

واتە: ((نوێژ ناکرێت لە کاتی ئامادەبوونی خواردن دا, وە لە کاتێکیشدا کە پیسی و میز زۆری بۆ هێنان-واتا لە کاتی تەنگاو بوون دا-)).

لە دونیا وەك غەرییبێك یان ڕێبوارێك بژی

١٣٣ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ قَالَ: أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ بِمَنْكِبِي فَقَالَ ((كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ أَوْ عَابِرُ سَبِيلٍ)) رواه البخاري ٦٤١٦.

❖ واتە نابێ زۆر هیواو ئاواتت درێژ بێت لە دونیا دا,چونکە ژیانی دونیا زۆر کورتە لە چاو ژیانی ئاخیرەت ، بەڵکو وا بژی کە هەروەك عبد الله ی کوڕی عمر دەڵێ: وا لە دونیا بژی کە ئەگەر ئێوارەت بە سەر دا هات چاوەڕێی بەیانی مەکە ، وە ئەگەر بەیانیت بە سەر دا هات چاوەڕێی ئێوارە مەکە. ((نووسەر)).

نوێژ ناکرێ لە کاتی قامەت کردن دا

١٣٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلَاةُ فَلَا صَلَاةَ إِلَّا الْمَكْتُوبَةُ)) رواه مسلم ٧١٠.

واتە: ((کاتێ قامەت کرا بۆ نوێژ جگەلە نوێژە فەرزەکە نوێژی تر ناکرێت)).

❖ وە ئەگەر تۆ نوێژت دەست پێ کردبوو ئینجا قامەت کرا دەبێ نوێژەکەت ببڕی ، بەڵام ئەگەر زۆرت نەمابوو نوێژەکەت تەواو بکەی یان ئەگەر زانیت بە الله أکبری یەکەم ڕادەگەی ئەوا مەیبڕە تا تەواوی دەکەی والله أعلم.((نووسەر)).

ناوەکانی پێغەمبەر ﷺ

١٣٥ عَنْ جُبَيْرِ بْنِ مُطْعِمٍ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((إِنَّ لِي أَسْمَاءً، أَنَا مُحَمَّدٌ، وَأَنَا أَحْمَدُ، وَأَنَا المَاحِي الَّذِي يَمْحُو اللَّهُ بِيَ الكُفْرَ، وَأَنَا الحَاشِرُ الَّذِي يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى قَدَمِي، وَأَنَا العَاقِبُ)) رواه البخاري ٤٨٩٦.

واته کەس لە دوامەوە نایەت لە پێغەمبەران واتا کۆتا پێغەمبەرم-)).

پاداشتی ڕیزی پێشەوە _ ڕیزی یەکەم _

١٣٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَوْ تَعْلَمُونَ–أَوْ يَعْلَمُونَ–مَا فِي الصَّفِّ الْمُقَدَّمِ لَكَانَتْ قُرْعَةً)) رواه مسلم ٤٣٩.

واتا : ((ئەگەر-خەڵکی-بیان زانیایە چ خێرێك لە ڕیزی پێشەوە دا هەیە ئەوا دەبوایە تیروپشکیان بۆ بکردایە-کە کێ بچێتە پێشەوە-)).

ئاواتی مردن مەخوازە

١٣٧ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((لاَ يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ المَوْتَ مِنْ ضُرٍّ أَصَابَهُ، فَإِنْ كَانَ لاَ بُدَّ فَاعِلًا، فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الحَيَاةُ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الوَفَاةُ خَيْرًا لِي)) رواه البخاري ٥٦٧١.

واتە: ((هیچ کەسێك لە ئێوە ئاواتی مردن نەخوازێت بە هۆی ئەوەی توشی نەخۆشی یەك یان بەڵایەك بووە ، وە ئەگەر هەر ئاواتی مردنی خواست ئەوا با

بلێ: خوایە بم ژیێنە ئەگەر ژیان بۆ من چاکترە ، وە بم مرێنە ئەگەر مردن چاکترە بۆم)).

ئافرەتانێك هەن پۆشتەن لە هەمان کاتدا ڕووتن

١٣٨

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا، قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَا النَّاسَ، وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ، رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ، لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ، وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا، وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)) رواه مسلم ٢١٢٨.

واتە: ((دوو پۆل هەن ئەهلی ئاگرن وە من نەمبینیون: کۆمەڵێك قامچی یان پێ یە وەك کلکی مانگایەپێی لە خەڵکی دەدەن ، وە ئافرەتانێك هەن پۆشتەن وە لە هەمان کاتدا رووتن وە مەیلدارن و سەرنجڕاکێشەرن ، قژیان وەك پشتی حوشتر بەرز دەکەنەوە ، ئەوانە ناچنە بەهەشت ، وە بۆنیشی ناکەن ، کە بۆنی بەهەشت ئەوەندە و ئەوەندە دەڕوا)).

پۆشتەن لە هەمان کاتدا رووتن: واتا جلیان لەبەرە بەلام هەموو جەستەیان بەتەواوی دانەپۆشتووە ، وە یان جلیان لەبەرە بەڵام جلەکە تەنکە یان کورتە یان تەسکە. ((نووسەر)).

قژیان بەرز دەکەنەوە وەك پشتی حوشتر: واتا قژیان کۆ دەکەنەوە و لە ناوەڕاستی سەریان دەیبەستن والله أعلم. ((نووسەر)).

دەبێ پێغەمبەرمان ﷺ لە خۆشمان خۆشتر بوێت

١٣٩ عَنْ أَنَسٍ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ قَالَ ((لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ، حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)) رواه البخاري ١٥ .

واتە: ((ئیمانی کەستان تەواو نابێت تاوەکو منی لە دایك و باوکی و منداڵەکانی وە هەموو خەڵکیش خۆشتر نەوێت)).

سەرکردە ئەگەر موسڵمان بێت نابێ لە قسەی دەربچی

١٤٠ عَنْ حُذَيْفَةُ بْنُ الْيَمَانِ عَنْ النَّبِيُّ ﷺ قَالَ ((يَكُونُ بَعْدِي أَئِمَّةٌ لَا يَهْتَدُونَ بِهُدَايَ، وَلَا يَسْتَنُّونَ بِسُنَّتِي، وَسَيَقُومُ فِيهِمْ رِجَالٌ قُلُوبُهُمْ قُلُوبُ الشَّيَاطِينِ فِي جُثْمَانِ إِنْسٍ))، قَالَ: قُلْتُ: كَيْفَ أَصْنَعُ يَا رَسُولَ اللهِ، إِنْ أَدْرَكْتُ ذَلِكَ؟ قَالَ: ((تَسْمَعُ وَتُطِيعُ لِلْأَمِيرِ، وَإِنْ ضُرِبَ ظَهْرُكَ، وَأُخِذَ مَالُكَ، فَاسْمَعْ وَأَطِعْ)) رواه مسلم ١٨٤٧.

واتە: ((لە پاش من ئیمام و سەرکردەی وا دێن کە لەسەر هیدایەتی من نین ، وە لەسەر سوننەتی من نین ، وە پیاوی وایان تیا هەڵدەکەوێ کە دڵیان دڵی شەیتانە لەلاشەی مرۆڤ دا)) ، حذیفە وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چی بکەم ئەگەر گەیشتم بەو ڕۆژە؟ فەرمووی ((گوێڕایەڵ بەو لە ژێر فەرمانی ئەمیر بە, ئەگەر لە پشتی دای و ماڵیشی بردی لە ژێر فەرمانی بەو گوێڕایەڵ بە)).

نابێ بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێك بیت لە شوێنێکی چۆڵ

١٤١ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لاَ يَخْلُوَنَّ رَجُلٌ بِامْرَأَةٍ إِلَّا مَعَ ذِي مَحْرَمٍ)) رواه البخاري ٥٢٣٣.

واتە: ((نابێ هیچ پیاوێك لە گەڵ ئافرەتێك بە تەنها بێ مەگەر لە گەڵ مەحرەمێکی دا بێت)).

سزای خۆ بە گەورە زانین { تکبر }

١٤٢ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُودٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مَنْ كَانَ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ مِنْ كِبْرٍ)) قَالَ رَجُلٌ: إِنَّ الرَّجُلَ يُحِبُّ أَنْ يَكُونَ ثَوْبُهُ حَسَنًا وَنَعْلُهُ حَسَنَةً، قَالَ ((إِنَّ اللهَ جَمِيلٌ يُحِبُّ الْجَمَالَ، الْكِبْرُ بَطَرُ الْحَقِّ، وَغَمْطُ النَّاسِ)) رواه مسلم ٩١.

واتە: ((ناچێتە بەهەشتەوە هەر کەسێك مسقاڵە زەڕەیەك خۆ بەگەورە زانینی لە دڵ دا هەبێت)) ئینجا پیاوێك وتی: پیاو حەز ئەکا جلەکەی جوان بێ و پێڵاوەکەی جوان بێ, پێغەمبەر ز فەرمووی ((بێگومان خودا جوانە و جوانیشی خۆش دەوێت, خۆبەگەورە زانین ئەوەیە کە حەق ڕەتبکەیەوە و وەری نەگریت وە خەڵکی بە کەم بزانی)).

هەموو موسڵمانێك خێر كردنی لەسەرە

١٤٣ حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ أَبِي بُرْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ صَدَقَةٌ))، فَقَالُوا: يَا نَبِيَّ اللَّهِ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ ((يَعْمَلُ بِيَدِهِ، فَيَنْفَعُ نَفْسَهُ وَيَتَصَدَّقُ)) قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ ((يُعِينُ ذَا الحَاجَةِ المَلْهُوفَ)) قَالُوا: فَإِنْ لَمْ يَجِدْ؟ قَالَ ((فَلْيَعْمَلْ بِالْمَعْرُوفِ، وَلْيُمْسِكْ عَنِ الشَّرِّ، فَإِنَّهَا لَهُ صَدَقَةٌ)) رواه البخاري ١٤٤٥.

واتە : ((هەموو موسڵمانێك خێركردنی لە سەرە)) ، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەی ئەگەر نەیبوو؟ فەرمووی ((با بە دەستی خۆی ئیش بكات سوود بەخۆی بگەیەنێت و خێر بكات)) وتیان ئەی ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی ((با یارمەتی خاوەن پێداویستیەكان بدات)) وتیان ئەی ئەگەر نەیتوانی؟ فەرمووی ((با كاری چاك بكات و خۆی لە خراپە بە دوور بگرێ ئەوە خێرە بۆی)).

❖ واتە: ئەگەر نەتتوانی كاری چاك بكەی ئەوا خۆت لە خراپە بە دوور بگرە ئەوە خۆی لە خۆی دا بە خێر بۆت دەنووسرێ. ((نووسەر)).

كاری ئیماندار زۆر جێگای سەرسوڕمانە

١٤٤ عَنْ صُهَيْبٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ، إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ، وَلَيْسَ ذَاكَ لِأَحَدٍ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ، إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ، وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ، فَكَانَ خَيْرًا لَهُ)) رواه مسلم ٢٩٩٩.

واتە: ((كاری ئیماندار زۆر سەیرە, هەموو كارەكانی هەر بە چاكە بۆ دەنووسـرێ, وە ئەوە بۆ كەس نی یە تەنها بۆ ئیمانداره, ئەگەر توشی خۆشی یەك بێت ئـەوا سوپاسی خوا دەكات, سەرەنجام دەبـێ بـە خێـر بـۆی, وە ئەگـەر تووشـی ناخۆشـی یەك بێت ئەوا ئارام دەگرێت, سەرەنجام دەبێت بە خێر بۆی)).

تووڕە بوون دەرگای هەموو شەڕێكە

١٤٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَجُلًا قَالَ لِلنَّبِيِّ ﷺ أَوْصِنِي، قَالَ ((لاَ تَغْضَبْ)) فَرَدَّدَ مِرَارًا، قَالَ ((لاَ تَغْضَبْ)) رواه البخاري ٦١١٦.

واتە: پیاوێك بە پێغەمبەری خوای ﷺ وت ئامۆژگاریم بكە, ئەیش فەرمووی ((تووڕە مەبە)) پیاوەكە چەند جارێك دووبارەی كردەوە وتی ئامۆژگاریم بكە,ئەویش دەیفەرموو ((تووڕە مەبە)).

❖ گوتوویانە: (دەرگای هەموو شەڕێك تووڕە بوونە) ، واتا ئەگەر تووڕە نەبی ئەوا لە هەموو شەڕ ێك بە دوور دەبی. ((نووسەر)).

هیچ کارێکی چاك بە کەم سەیر مەکە

١٤٦ عَنْ أَبِي ذَرٍّ، قَالَ: قَالَ لِيَ النَّبِيُّ ﷺ ((لَا تَحْقِرَنَّ مِنَ الْمَعْرُوفِ شَيْئًا، وَلَوْ أَنْ تَلْقَى أَخَاكَ بِوَجْهٍ طَلْقٍ)) رواه مسلم ٢٦٢٦.

واتە: ((هیچ کارێکی چاك بە کەم و بێ بایەخ سەیر مەکە, ئەگەر ئەوەش بێت کە بە ڕوویەکی خۆش و کراوە ڕووبەڕووی برایەکت بووەستی)).

❖ ڕووخۆشی و زەردەخەنەکردن بەرامبەر بە برایانی بڕوادار لای خوای گەورە بەچاکە دەنوسرێت و لەسەر ئەم ڕەوشتە جوانە پاداشتی بەندەکانی ئەداتەوە ، ئەگەر چی ئەم کارە لای زۆرێك لە خەڵکی بایەخدار نی یە ، بەڵام دەبێ ئێمەی بڕوادار دەستی پێوە بگرین و بایەخی زۆری پێبدەین. ((م.ئەبو موسلیم)).

پاداشتی بە خێوکردنی هەتیوو

١٤٧ عَنْ سَهْلٍ، قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((وَأَنَا وَكَافِلُ اليَتِيمِ فِي الجَنَّةِ هَكَذَا)) وَأَشَارَ بِالسَّبَّابَةِ وَالوُسْطَى. رواه البخاري ٥٣٠٤.

واتە: ((من و بەخێوکەری هەتیو ئاواین لە بەهەشت دا)) ئاماژەی بە پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاست کرد-واتا زۆر لێك نزیکن وەك ئەم دوو پەنجەیە.

مانای چاکە و خراپە چی یە؟

١٤٨ عَنِ النَّوَّاسِ بْنِ سِمْعَانَ الْأَنْصَارِيِّ، قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ عَنِ الْبِرِّ وَالْإِثْمِ فَقَالَ ((الْبِرُّ حُسْنُ الْخُلُقِ، وَالْإِثْمُ مَا حَاكَ فِي صَدْرِكَ، وَكَرِهْتَ أَنْ يَطَّلِعَ عَلَيْهِ النَّاسُ)) رواه مسلم ٢٥٥٣.

واتە: ((چاکە واتا جوانی ڕەوشت ، وە خراپە واتا ئەو شتەی کە لە دڵت دا خوت خوتە بکات و پێت ناخۆش بێت کە خەڵك پێی بزانن)).

گەنجینەیەك لە گەنجینەکانی بەهەشت

١٤٩ عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ... عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((أَلاَ أَدُلُّكَ عَلَى كَلِمَةٍ مِنْ كَنْزٍ مِنْ كُنُوزِ الجَنَّةِ)) قُلْتُ: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ، فَدَاكَ أَبِي وَأُمِّي، قَالَ:((لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ)) رواه البخاري ٤٢٠٥.

واتە: ((ئایا وشەیەکت پێ نەڵێم کە گەنجینەیەکە لە گەنجینەکانی بەهەشت)) وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم ، فەرمووی-بڵێ- ((لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّه)).

وشەی { ئەگەر } دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە

١٥٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ، خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ، وَفِي كُلٍّ خَيْرٌ احْرِصْ عَلَى مَا يَنْفَعُكَ، وَاسْتَعِنْ بِاللهِ وَلَا تَعْجَزْ، وَإِنْ أَصَابَكَ شَيْءٌ، فَلَا تَقُلْ لَوْ أَنِّي فَعَلْتُ كَانَ كَذَا وَكَذَا، وَلَكِنْ قُلْ قَدَرُ اللهِ وَمَا شَاءَ فَعَلَ، فَإِنَّ لَوْ تَفْتَحُ عَمَلَ الشَّيْطَانِ)) رواه مسلم ٢٦٦٤.

واتە : ((ئیمانداری بەهێز چاکترو خۆشەویسترە لای خوا لە ئیماندارێکی لاواز ، وە لە هەردوو کیشیان چاکە هەیە ، سووربە لە سەر ئەو شتەی کە سوودت پێ دەگەیەنێ ، وە پشت بە خوا ببەستە ، دەستەوسان مەبە ، ئەگەر شتێکت تووش هات ، مەڵێ ئەگەر وام بکردایە واو وا دەبوو ، بەڵکو بڵێ خوا وای بڕیار داوە ، وە هەر شتێك بیەوێ دەیکا ، چونکە {ئەگەر} دەرگای کاری شەیتان دەکاتەوە)).

چۆن بەرەکەت دەکەوێتەماڵەکەت و تەمەنت درێژ دەبێ؟

١٥١ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ سَرَّهُ أَنْ يُبْسَطَ لَهُ فِي رِزْقِهِ، أَوْ يُنْسَأَ لَهُ فِي أَثَرِهِ، فَلْيَصِلْ رَحِمَهُ)) رواه البخاري ٢٠٦٧.

واتە: ((هەر کەسێك پێی خۆشە کە رۆزی زیاد بکات, یان تەمەنی درێژ بێت, ئەوا با پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنێت)).

حەفتا هەزار کەس بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە

١٥٢ عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((يَدْخُلُ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِي سَبْعُونَ أَلْفًا بِغَيْرِ حِسَابٍ)) قَالُوا: مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ ((هُمُ الَّذِينَ لَا يَسْتَرْقُونَ، وَلَا يَتَطَيَّرُونَ، وَلَا يَكْتَوُونَ، وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ)) رواه مسلم ٢١٨.

واتە: ((حەفتا هەزار کەس لە ئوممەتەکەم دەچنە بەهەشتەوە بەبێ لێپرسینەوە)) وتیان ئەوانە کێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ؟ فەرمووی ((ئەوانەن کە داوای روقیە خوێندن لە خەڵك ناکەن, وە هەڵفڕین ناکەن, وە خۆیان داخ ناکەن-بۆ چارەسەری-، وە پشت بە خوای گەورە دەبەستن)).

- **يسترقون: واتا داوا لە خەڵك بکەی کە قورئانت لە سەر بخوێنن بۆ چارەسەری نەخۆشی{هەر چەندە کە ئەمە کاریکی رێگە پێدراویشە لە شەرعدا بەڵام ئەوانەی بەبێ حساب دەچنە بەهەشت داوای ئەوە ناکەن} . ((نووسەر)).**
- **يتطيرون: لە سەردەمی نەفامی ئەگەر بیان ویستایە کە سەفەرێك بکەن ئەوا باڵندەیەکیان هەڵدەفڕاند ئەگەر بە لای راست دا هەڵفڕی بوایە ئەوا سەفەرەکەیان دەکرد وە ئەگەر بەلای چەپیشدا هەڵفڕی بوایە ئەوا لە سەفەرەکەیاندا پاشگەز دەبوونەوە. ((نووسەر)).**
- **يكتون: واتا داخ کردنی ئەو شوینەی کە بریندار بووە کە ئەوەش یەکێکە لە چارەسەرییەکانی بریندار بوون ، بەلام ئەوە لە شەرعدا رێگەپێنەدراوە. ((نووسەر)).**
- **بێگومان هۆکاری واز هێنانیان لەم کارانەی باسکرا لە بەر پتەوی پشت بەستانیانە بەخوای گەورە، هەروەکو لە کۆتایی فەرموودەکەشدا لە دواین سیفەتیان باسی کردووە. ((م.ئەبو موسلیم)).**

کارێك پاداشتەکەی وەك جیهاد کردن وایە

١٥٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((السَّاعِي عَلَى الأَرْمَلَةِ وَالمِسْكِينِ، كَالْمُجَاهِدِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، أَوِ القَائِمِ اللَّيْلَ الصَّائِمِ النَّهَارَ)) رواه البخاري ٥٣٥٣.

واتـە: ((ئـەوی کـە بێـوەژن و هـەژاران بەسـەر دەکاتـەوە ، وەك خەباتکارێکـە لـە ڕێگـای خـودا ، یـان وەك کەسـێکە کـە بـە شـەو شـەونوێژ دەکـات و بـە ڕۆژیـش بەڕۆژوو دەبێت)).

چاکترین ڕۆژوو و چاکترین نوێژ کامەیە؟

١٥٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((أَفْضَلُ الصِّيَامِ، بَعْدَ رَمَضَانَ، شَهْرُ اللهِ الْمُحَرَّمُ، وَأَفْضَلُ الصَّلَاةِ،بَعْدَ الْفَرِيضَةِ، صَلَاةُ اللَّيْلِ)) رواه مسلم ١١٦٣.

واتە: ((چاکترین ڕۆژوو لە پاش ڕەمەزان ، مانگە حەرامەکانە ، وە چاکترین نوێژ لە پاش نوێژە فەرزەکان ، شەو نوێژە)).

❖ مانگـە حەڕامـەکان چـوار مـانگن کـە بـریتین لـە: مـانگی زولقەعـدە و زولحیجـە و موحـەڕەم و ڕەجەب. ((نووسەر)).

باوێشك دان لە شەیتانەوەیە

١٥٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((التَّثَاؤُبُ مِنَ الشَّيْطَانِ، فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَرُدَّهُ مَا اسْتَطَاعَ، فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَالَ: هَا، ضَحِكَ الشَّيْطَانُ)) رواه البخاري ٣٢٨٩.

واتە: ((باوێشك دان لە شەیتانەوەیە ، ئەگەر یەكێك لە ئێوە باوێشكی هات با بیگێڕێتەوە ئەوەندەی لە توانای دایە, چونكە ئەگەر یەكێك لە ئێوە باوێشی دا وتی هـــا, شەیتان پێدەكەنێ)).

تاوانی یاری كردن بە { زار }

١٥٦ عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بُرَيْدَةَ، عَنْ أَبِيهِ، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((مَنْ لَعِبَ بِالنَّرْدَشِيرِ، فَكَأَنَّمَا صَبَغَ يَدَهُ فِي لَحْمِ خِنْزِيرٍ وَدَمِهِ)) رواه مسلم ٢٢٦٠.

واتە: ((هەر كەسێك یاری بە زار بكات ، وەك ئەوە وایە كە دەستی سواغ دابێ- بۆیە كردبێ- بە گۆشت و خوێنی بەراز)).

❖ واتـە: هـەر یارییـەك بـە زار بكـرێ حەڕامـە وەك: تاوڵـە و زارومـار و دۆمینـەش دەگرێتـەوە والله أعلم وە هەر یارییەك هاوشێوەی ئەوان بێت و بە زار بكرێ. ((نووسەر)).

ئەگەر دڕکیش لە پێت ڕابچیٚ بە چاکە بۆت دەنووسریٚ

١٥٧ وَعَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ: عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((مَا يُصِيبُ المُسْلِمَ، مِنْ نَصَبٍ وَلاَ وَصَبٍ، وَلاَ هَمٍّ وَلاَ حُزْنٍ وَلاَ أَذًى وَلاَ غَمٍّ، حَتَّى الشَّوْكَةِ يُشَاكُهَا، إِلَّا كَفَّرَ اللَّهُ بِهَا مِنْ خَطَايَاهُ)) رواه البخاري ٦٥٤١.

واتە: ((هەر موسڵمانیك توشی هەر ماندووبوون و شەكەتیەك بێت ، وە دووچاری هەر نەخۆشی و خەفەت و دڵتەنگی و ئازار و غەمباریەك بێت ، هەتا ئەگەر دڕكێكیش-لە پێی-ڕابچێ ، ئەوا خوای گەورە بۆی دەكات بە كەفارەتی تاوانەكانی)).

❖ ئەوەش ڕەحم و بەزەیی خوای گەورەیە بۆ بەندە موسڵمانەكانی. ((نووسەر)).

لە خواردنی حەڕام بەدوور بە تا دوعاکانت قبولٚ بیٚ

١٥٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ز ((أَيُّهَا النَّاسُ، إِنَّ اللهَ طَيِّبٌ لَا يَقْبَلُ إِلَّا طَيِّبًا)) ... ((ثُمَّ ذَكَرَ الرَّجُلَ يُطِيلُ السَّفَرَ أَشْعَثَ أَغْبَرَ، يَمُدُّ يَدَيْهِ إِلَى السَّمَاءِ، يَا رَبِّ، يَا رَبِّ، وَمَطْعَمُهُ حَرَامٌ، وَمَشْرَبُهُ حَرَامٌ، وَمَلْبَسُهُ حَرَامٌ، وَغُذِيَ بِالْحَرَامِ، فَأَنَّى يُسْتَجَابُ لِذَلِكَ)) رواه مسلم ١٠١٥.

واتە: ((ئەی خەڵكینە ، بەڕاستی خوای گەورە پاكە و هەرچی پاكیش نەبێت وەریناگریٚ)) ... ((دوایی-پێغەمبەری خوا ﷺ باسی پیاوێكی كرد كە دەمێك لە سەفەرەكەی دا بووبیٚ و قژی هاتووە بە یەك داو تۆزاوی بووە, هەردوو دەستی

بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمان دەڵێ ئەی پەروەردگارم ئەی پەروەردگارم لەکاتێکدا کە خواردنی حەرامە, وە خواردنەوەی حەرامە, وە پۆشاکی حەرامە ، وە بە حەرام تێر بووە ، جا ئەمە چۆن خوای گەورە وەڵامی دەداتەوە)).

❖ لەم فەرموودەوە بۆمان بەدیار دەکەوێ کە یەکێك لە مەرجەکانی قبوڵ بوونی دوعا پێویستە خواردن و خواردنەوەمان حەڵاڵ بێت. ((نووسەر)).

بە ئەنجامدانی ئەم کارە لە پاداشتی جومعەکەت ناهێڵێ

١٥٩ عَنْ سَعِيدُ بْنُ المُسَيِّبِ، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ أَخْبَرَهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ يَوْمَ الجُمُعَةِ: أَنْصِتْ، وَالإِمَامُ يَخْطُبُ، فَقَدْ لَغَوْتَ)) رواه البخاري ٩٣٤.

واتە: ((ئەگەر بە هاوەڵەکەی خۆت وت بێدەنگ بە لە ڕۆژی هەینی دا وە ئیمام وتاری دەدا ، ئەوا قسەی بێ سوود و پڕو پوچت کردووە)).

❖ واتە: بە هیچ شێوەیەك نابێ قسە بکەی کاتێك ئیمام وتارەکەی دەخوێنێتەوە ، ئەگەر نا لە پاداشتی جومعەکەت کەم دەبێتەوە ، تا ئەو ئەندازەی کە هیچ پاداشتێکت بۆ نابێت. ((نووسەر)).

خوای گەورە پلەی کێ بەرز دەکاتەوە؟

١٦٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ قَالَ ((...وَمَا تَوَاضَعَ أَحَدٌ لِلَّهِ إِلَّا رَفَعَهُ اللهُ)) رواه مسلم ٢٥٨٨.

واتە: ((هەر کەسێك لەبەر خاتری خوا خۆبەکەمزان{متواجع}بێت ، ئەوا خوای گەورە پلەی بەرز دەکاتەوە)).

❖ واتە: خوای گەورە هەم لە دونیا و هەم لە دوارۆژیش پلەو پایەی خۆ بەکەم زانان بەرز دەکاتەوە. ((نووسەر)).

نەهی کردن لە شوێنکەوتنی جولەکە و گاورەکان

١٦١ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((لَتَتْبَعُنَّ سَنَنَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ، شِبْرًا شِبْرًا وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا جُحْرَ ضَبٍّ تَبِعْتُمُوهُمْ))، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، اليَهُودُ وَالنَّصَارَى؟ قَالَ ((فَمَنْ)) رواه البخاري ٧٣٢٠.

واتە: ((ئێوە شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون ، بست بە بست ، وە باڵ بە باڵ ، هەتا ئەگەر بچنە کونی بزنمژەکەوە هەر شوێنیان دەکەون)) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ مەبەستت جولەکە و گاورەکانە؟ فەرمووی ((ئەی کێ))

❖ لەم فەرموودەیەدا بۆمان بەدیار دەکەوێ کە نابێ شوێن جولەکەو گاورەکان بکەوین لە هەموو شتێك لە: جلوبەرگ و هەڵسوکەوت و ڕەفتار و بۆنەکانیان...هتد. ((نووسەر)).

چ شتێك لای پێغەمبەرمان ز زۆر خۆشەویستە؟

١٦٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((لَأَنْ أَقُولَ سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ، أَحَبُّ إِلَيَّ مِمَّا طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ)) رواه مسلم ٢٦٩٥.

واتە: ((ئەگەر بلێیم {سُبْحَانَ اللهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، وَلَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَاللهُ أَكْبَرُ} ئەوا خۆشەویسترە لام لەوەی کە خۆری لێ هەڵبێت)).

خۆشەویسترین کار لای خوا گەورە چی یە؟

١٦٣ عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((... وَأَنَّ أَحَبَّ الأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ)) رواه البخاري ٦٤٦٤.

واتە : ((...بەڕاستی خۆشەویسترین کار لای خوای گەورە ئەوەیە کە بەردەوام بیت لە سەری ئەگەر کەمیش بێت)).

❖ لە نەریتی پێغەمبەری خوا ﷺ وابوە لە سەر کردەوی چاك بەردەوام دەبوو ئەگەر کەمیش بوایە. ((م.ئەبو موسلیم)).

سزای فێڵ کردن

١٦٤ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ حَمَلَ عَلَيْنَا السِّلَاحَ فَلَيْسَ مِنَّا، وَمَنْ غَشَّنَا فَلَيْسَ مِنَّا)) رواه مسلم ١٠١.

واتە : ((ئەوی چەك لە دژمان هەڵ بگرێ لە ئێمە نی یە, وە ئەوەی فێڵمان لێ بکات لە ئێمە نی یە)).

ڕاست کردنی ریزەکانی ناو نوێژ

١٦٥ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((سَوُّوا صُفُوفَكُمْ، فَإِنَّ تَسْوِيَةَ الصُّفُوفِ مِنْ إِقَامَةِ الصَّلَاةِ)) رواه البخاري ٧٢٣.

واتە: ((ڕیزەکانتان ڕاست بکەن ، چونکە ڕاست کردنی ڕیزەکان لە تەواوی نوێژ دایە)).

❖ **ڕیز بەستن بەڕاستی لە نوێژی بەکۆمەڵ لە تەواوی نوێژە و هۆکارێکیشە بۆ بەدەست هێنانی پاداشتی تەواو ، ئەمە ڕاسپاردەی پەیامبەری خۆشەویستمانە ﷺ نابێ پشت گوێی بخەین. ((م.ئەبو موسلیم)).**

خوای گەورە سەیری دڵەکان و کردەوەکان دەکات

١٦٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِنَّ اللهَ لَا يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ، وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ)) رواه مسلم ٢٥٦٤.

واتە: ((خوای گەورە سەیری شێوە و ماڵەکانتان ناکات ، بەڵکو سەیری دڵەکانتان و کردەوە کانتان دەکات)).

❖ ئەم فەرموودە زۆر کەس بە هەڵە لێی تێگەیشتووە کە دەڵێ کاکە خوای گەورە سەیری سەرو ڕیش و جلوبەرگمان ناکات, تەنها دڵ شەرتە ، بەڵام ئەگەر سەیری کۆتایی فەرموودەکە بکەین وەڵامی ئەم گومانەمان دەست دەکەوێ کەدەفەرموێ سەیری کردەوەکانیشتان دەکات ، کەوابوو ڕیشیش ئیشە سەرو سیماش ئیشە !!!. ((نووسەر)).

چاك بوون لە گەڵ دراوسێ

١٦٧ عَنِ ابْنِ عُمَرَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ)) رواه البخاري ٦٠١٥.

واتە: ((بەردەوام جبریل ئامۆژگاری دەکردم کە لە گەڵ دراوسێ چاك بم, هەتا گومانم برد کە میرات لە یەکتر دەگرن)).

دونیا زیندانی موسڵمانە

١٦٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((الدُّنْيَا سِجْنُ الْمُؤْمِنِ، وَجَنَّةُ الْكَافِرِ)) رواه مسلم ٢٩٥٦.

واتە: ((دونیا زیندانی موسڵمانانە ، وە بەهەشتی بێباوەڕانە))

❖ بەلام لەڕۆژی دوایی دا بەهەشت بۆ موسڵمانانەو دۆزەخیش بۆ بێبەوەڕانە. ((نووسەر))

نەفرەت کردن لە موسڵمان وەك کوشتنی وایە

١٦٩ عَنْ أَبِي قِلاَبَةَ: أَنَّ ثَابِتَ بْنَ الضَّحَّاكِ وَكَانَ مِنْ أَصْحَابِ الشَّجَرَةِ حَدَّثَهُ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((... وَمَنْ لَعَنَ مُؤْمِنًا فَهُوَ كَقَتْلِهِ، وَمَنْ قَذَفَ مُؤْمِنًا بِكُفْرٍ فَهُوَ كَقَتْلِهِ)) رواه البخاري ٦٠٤٧.

واتە: ((...نەفرەت کردن لە موسڵمان وەك کوشتنی وایە, وە هەر کەسێك موسڵمانێك بە کافر تۆمەتبار بکات وەك ئەوە وایە کوشتبێتی)).

❖ بەڕاستی زۆرێك لە موسڵمانان کەوتوونەتە ناو ئەم تاوانە ، بۆیە دەبێ خۆمان لە نەفرەت کردن-لەعنەت کردن- بەدوور بگرین بۆ ئەوەی تووشی ئەم تاوانە نەبین. ((نووسەر)).

دەتەوێ هەزار چاکەت بۆ بنووسرێ؟

١٧٠ عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ، حَدَّثَنِي أَبِي قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللهِ ﷺ ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَكْسِبَ، كُلَّ يَوْمٍ أَلْفَ حَسَنَةٍ؟)) فَسَأَلَهُ سَائِلٌ مِنْ جُلَسَائِهِ: كَيْفَ يَكْسِبُ أَحَدُنَا أَلْفَ حَسَنَةٍ؟ قَالَ ((يُسَبِّحُ مِائَةَ تَسْبِيحَةٍ، فَيُكْتَبُ لَهُ أَلْفُ حَسَنَةٍ، أَوْ يُحَطُّ عَنْهُ أَلْفُ خَطِيئَةٍ)) رواه مسلم ٢٦٩٨.

واتـە: ((کەسێك هەیـە لـە ئێـوە نـەتوانێ هـەموو ڕۆژێـك هـەزار چـاکە بکـات؟)) پرسـیارکەرێك لـە مەجلیسـەکەی پرسـیاری کـرد: چـۆن یـەکێك لـە ئێمـە هـەزار چـاکە بـە دەسـت دێـنێ؟ فـەرمووی ((سـەد جـار {سـبحانە اللە} بکـات ، هـەزار چاکەی بۆ دەنووسرێ ، یان هەزار گوناهی لێ هەڵدەوەرێ)).

تێگەیشتن لە دین

١٧١ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ، قَالَ: قَالَ حُمَيْدُ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ، سَمِعْتُ مُعَاوِيَةَ، خَطِيبًا يَقُولُ سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)) رواه البخاري ٧١.

واتە: ((هەر کەسێك خوا خێری بۆی بوێت ئەوا تێگەیشتووی دەکات لە دین)).

❖ تێگەیشـتن لـە دیـن پلەیـەکی گـەورەو مـەزنی هەیـە لـە ئیسـلام دا ، چـونکە ئەگـەر موسـڵمان تێگەیشـت لـە کاروبـاری دینەکـەی ئـەوا ئەرکـەکان بـە تـەواوی جێبـەجێ دەکـات و خـۆی لـە قەدەغەکراوەکان بەدوور دەگرێ وە دینداری دەکا لەسەر علم و بصیرە واتا بە بەڵگە کار دەکات وە سەرکەوتوو دەبێت لە کاری چاکەو دڵخۆشی دونیاو قیامەت دەبێت واللە أعلم. ((نووسەر)).

لەم کەسانە دوور بکەونەوە

١٧٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ أَنَّهُ قَالَ((سَيَكُونُ فِي آخِرِ أُمَّتِي أُنَاسٌ يُحَدِّثُونَكُمْ مَا لَمْ تَسْمَعُوا أَنْتُمْ، وَلَا آبَاؤُكُمْ، فَإِيَّاكُمْ وَإِيَّاهُمْ)) رواه مسلم في المقدمة ٦.

واتە: ((لە کۆتایی ئوممەتەکەم خەڵکانێك دێن شتی واتان بۆ دەگێڕنەوە کە نە ئێوە بیستووتانە وە نە باب و باپیرتان, جا ئاگاداری ئەمانە بن و لێیان دوور بکەونەوە)).

خەتم کردنی قورئان لە چەند ساتێکی کەم دا

١٧٣ عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ أَنْ يَقْرَأَ فِي لَيْلَةٍ ثُلُثَ الْقُرْآنِ ؟)) قَالُوا: وَكَيْفَ يَقْرَأْ ثُلُثَ الْقُرْآنِ؟ قَالَ ((قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ تَعْدِلُ ثُلُثَ الْقُرْآنِ)) رواه البخاري ٨١١.

واتە: ((کەسێك هەیە لە ئێوە نەتوانێت کە سێیەکی قورئان بخوێنێت لە شەوێکدا؟)) وتیان جا چۆن دەتوانێ سێیەکی قورئان بخوێنێت-لە شەوێکدا-؟ فەرمووی ((قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ سێیەکی قورئانە)).

❖ واتا سێ جار خوێندنی سورەتی{قل هو الله أحد}وەك ئەوە وایە کە خەتمێکی قورئانت کردبێت والله أعلم. ((نووسەر)).

گەورەیی سوژدە بردن

١٧٤ عَنْ ثَوْبَانَ مَوْلَى رَسُولِ اللهِ ﷺ... فَقَالَ: سَأَلْتُ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللهِ ﷺ فَقَالَ ((عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ لِلَّهِ، فَإِنَّكَ لَا تَسْجُدُ لِلَّهِ سَجْدَةً، إِلَّا رَفَعَكَ اللهُ بِهَا دَرَجَةً، وَحَطَّ عَنْكَ بِهَا خَطِيئَةً)) رواه مسلم ٤٨٨.

واتە: ((زۆر سوژدە بەرە بۆ خوا ، چونكە تۆ یەك سوژدە نابەیت بۆ خوا ، ئیللا خوای گەورە پلەیەك بەرزت دەكاتەوە ، وە تاوانێكیشت لە سەر لا دەبات)).

تاوانی ئەو كەسەی خۆی بداتە پاڵ جگە لە باوكی خۆی

١٧٥ عَنْ عَاصِمٍ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا عُثْمَانَ،قَالَ: سَمِعْتُ سَعْدًا، وَأَبَا بَكْرَةَ، فَقَالاَ: سَمِعْنَا النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((مَنِ ادَّعَى إِلَى غَيْرِ أَبِيهِ، وَهُوَ يَعْلَمُ فَالْجَنَّةُ عَلَيْهِ حَرَامٌ)) رواه البخاري ٤٣٢٦.

واتە: ((هەر كەسێك ناو و ڕەچەڵەكی خۆی دایە پاڵ جگە لە باوكی خۆی ، وە دەشزانێت-كە ئەوە باوكی خۆی نی یە- ئەوا بەهەشتی لە سەر حەڕام كراوە)).

قسەی خێر بکە لە سەر نەخۆش یان لەسەر مردوو

١٧٦ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَرِيضَ، أَوِ الْمَيِّتَ، فَقُولُوا خَيْرًا، فَإِنَّ الْمَلَائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ)) رواه مسلم ٩١٩.

واتە: ((کاتێك دەچن بۆ لای نەخۆش, یان ئامادەی جەنازەی مردوویەك دەبن ، ئەوا قسەی خێر و باش بکەن ، چونکە هەرچی بڵێن فریشتەکان ئامینی لە سەر دەکەن)).

کێ لە ژێر سێبەری خوای گەورە دا حەشر دەکرێت؟

١٧٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ، يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلَّا ظِلُّهُ :الإِمَامُ العَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي المَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ، فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ، وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ، أَخْفَى حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)) رواه البخاري ٦٦٠.

واتە : ((حەوت کۆمەڵ هەن کە لە ژێر سێبەری خوای گەورە دا حەشر دەکرێن ، کە لەو ڕۆژە دا هیچ سێبەرێك نی یە تەنها سێبەری خوای گەورە نەبێت: سەرکردەیەکی دادپەروەر ، وە گەنجێك کە تەمەنەکەی لە خوا پەرستی دا خەرج کردبێت ، وە کەسێك کە دڵی بەسترابێتەوە بە مزگەوت ، وە دوو کەس لە پێناوی خوای گەورە یەکتریان خۆش بوێت لەسەر ئەو خۆشەویستیە کۆبوو

نەتەوەو هەر لەسەر ئەم خۆشەویستیەش لە مەجلیس دا لێك جیا بوونەتەوە, وە پیاوێك کە ئافرەتێکی پلەوپایە بەرز و جوان داوای کاری ناشەرعی لێ بکات پیاوەکەش بڵێ من لە خوا دەترسم-ئەم کارە ناکەم- ، وە کەسێك خێربکات بە نهێنی تاوەکو دەستی چەپی نەزانێ کە دەستی ڕاستی چ خێرێکی کردووە, وە کەسێك کە بەتەنها دەبێت یادی خوای گەورە دەکات-لە ترسی خوا-فرمێسك لە چاوەکانی دێتە خوار)).

❖ مەبەست لە سێبەری خوا سێبەری عەرشی خوایە سبحانە وتعالی ، هەروەکو لە فەرموودەی (معاذ بن جبل) ڕەزای خوای لێ بێ هاتووە : ((المتحابون في الله في ظل العرش)) رواه ابن حبان ٥٧٧ . کۆمەڵێك لە زانایان دەفەرموون : ئەو فەرموودانەی دەربارەی سێبەری خوا هاتوون مەبەستیان پێ سێبەری عەرشی خوایە. ((م.ئەبو موسلیم)).

خوا دەوڵەمەندی لە خواترسی شاراوەی خۆش دەوێت

١٧٨ عَنْ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((إِنَّ اللهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ، الْغَنِيَّ، الْخَفِيَّ)) رواه مسلم ٢٩٦٥.

واتە : ((بەڕاستی خوای گەورە بەندەیەکی لە خواترسی ، دەوڵەمەندی ، شاراوەی خۆش دەوێت)).

❖ دەوڵەمەند لێرە دا مەبەستی دەوڵەمەندی دڵ و دەروونە (دەوڵەمەندی نەفس), وە شاراوە واتە: کردەوە چاکەکان بە نهێنی دەکات نەك لە پێش چاوی خەڵکی تاوەکو لە ڕیا خۆی بپارێزێ والله أعلم. ((نووسەر)).

❖ لەم فەرموودە دا سیفەتی (محبة) خۆشەویستی خوا بۆ بەندە گۆێڕایەڵەکانی بە دیار دەخات، دە کەواتە با بەندەکان کۆشش بکەن بۆ بە دەست هێنانی ئەم خۆشەویستی یە کە بە گوێڕایەڵی خواو ئەنجامدانی کردەوەی چاك بەدی دێت. ((م.ئەبو موسلیم)).

هاوکاری کردنی یەکتر لە نێوان موسڵمانان

١٧٩ عَنْ أَبِي مُوسَى عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((إِنَّ الْمُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا)) وَشَبَّكَ أَصَابِعَهُ. رواه البخاري ٤٨١.

واتە : ((بەڕاستی ئیماندار بۆ ئیماندار وەك خانوو یەك وایە کە-خشتەکانی-هەندێکی هەندێکی تری توند و قایم دەکات)) پەنجەکانی دەستی کرد بە یەکدا.

❖ لەم فەرموودەدا ئەوەی لێ دەفامێتەوە کە بڕوادار پێویستی بە هاوئـاینی خـۆی دەبێـت، چـەندەی یەکگرتووبن و یارمەتی یەکتری بـدەن بەئاسـانی دەتـوانن بەسـەر گرفت وتەنگوچـەڵەمەکان زاڵ ببن. ((م.ئەبو موسلیم)).

نموونەی ئیماندار بۆ ئیماندار وەك لاشەیەك وایە

١٨٠ عَنِ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَثَلُ الْمُؤْمِنِينَ فِي تَوَادِّهِمْ، وَتَرَاحُمِهِمْ، وَتَعَاطُفِهِمْ مَثَلُ الْجَسَدِ إِذَا اشْتَكَى مِنْهُ عُضْوٌ تَدَاعَى لَهُ سَائِرُ الْجَسَدِ بِالسَّهَرِ وَالْحُمَّى)) رواه مسلم ٢٥٨٦.

واتـە: ((نموونـەی ئیمانـداران لـە دۆسـتایەتی ، وبـەزەیی ، وخۆشەویسـتیان بـۆ یـەکتری وەك لاشـەیەك وایـە ، ئەگـەر ئەنـدامێکی ئـێش و ئـازاری هـەبێت ئـەوا هەموو لاشەی لە پێناوی دا بێ خەو دەبێت و تا دەیگرێت)).

نموونەی هاوڕێی چاك و هاوڕێی خراپ

١٨١ عَنْ أَبِي مُوسَى قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((مَثَلُ الجَلِيسِ الصَّالِحِ وَالسَّوْءِ، كَحَامِلِ المِسْكِ وَنَافِخِ الكِيرِ، فَحَامِلُ المِسْكِ: إِمَّا أَنْ يُحْذِيَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَبْتَاعَ مِنْهُ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ مِنْهُ رِيحًا طَيِّبَةً، وَنَافِخُ الكِيرِ: إِمَّا أَنْ يُحْرِقَ ثِيَابَكَ، وَإِمَّا أَنْ تَجِدَ رِيحًا خَبِيثَةً)) رواه البخاري ٢١٠١.

واتە: ((نموونەی هاوڕێی چاك و خراپ: وەك نموونەی هەڵگری بۆنی میسك-واتا بۆن فرۆش- و فووكار بە كورە دا-واتا ئاسنگەر-وایە ، هەڵگری بۆنی میسك: یان لەو بۆنەت پێ دەبەخشێت ، وە یان لێی دەكڕی ، وە یان بۆنی خۆشی لێ دەكەیت ، وە فووكار بە كورە: یان جلەكانت دەسوتێنێت ، وە یان بۆنی پیسی لێ دەكەیت)).

خوا نەرم و نیانە وە كەسی نەرم و نیانی خۆش دەوێت

١٨٢ عَنْ عَائِشَةَ، زَوْجِ النَّبِيِّ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((يَا عَائِشَةُ إِنَّ اللهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ، وَيُعْطِي عَلَى الرِّفْقِ مَا لَا يُعْطِي عَلَى الْعُنْفِ، وَمَا لَا يُعْطِي عَلَى مَا سِوَاهُ)) رواه مسلم ٢٥٩٣.

واتە : ((ئەی عائیشە بەڕاستی خوای گەورە نەرم و نیانە وە نەرم و نیانی خۆش دەوێ ، وە ئەوەی لە سەر نەرم و نیانی دەیدات ، لە سەر توند و تیژی نایدات ، وە لە هیچ بارودۆخێكی تردا-لەهەموو ڕەفتارێكی دوور لە نەرم ونیانی-نایدات)).

خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە

١٨٣ – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ ((إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْمًا، مِائَةً إِلَّا وَاحِدًا، مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الجَنَّةَ)) رواه البخاري ٧٣٩٢.

واتە: ((خوای گەورە نەوەد و نۆ ناوی هەیە ، لە سەد یەکی کەمە ، هەر کەسێك لە بەریان بکات دەچێتە بەهەشتەوە)).

- بەڵام تەنها لەبەر کردنی هیچ سوودێکت پێ ناگەیەنێ, بەڵکو لە گەڵ لەبەر کردنەکە دەبێ باوەڕت بە هەموو ناوەکانی خوای گەورە هەبێت و لە ماناکەی بگەی و کاری پێ بکەی و پێیان بپاڕێیەوە. ((نووسەر))
- زانایان لە سەر ئەوە یەك دەنگن کە خوای گەورە جگە لەو نەوەد و نۆ ناوە ناوی تریشی هەیە ، وە مەبەست لەو فەرموودەیەش ئەوەیە کە هەر کەسێك تەنها ئەو نەوەد و نۆ ناوە لەبەر بکات کاری پێ بکات دەچێتە بەهەشتەوە, هەر وەك ئیمامی إبن القیم و النووی ڕەحمەتی خوایان لێ بێت باسیان کردووە.((نووسەر)).

قورئان شەفاعەت بۆ خوێنەرەکەی دەکات

١٨٤ عَنْ أَبُو أُمَامَةَ الْبَاهِلِيُّ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ ((اقْرَءُوا الْقُرْآنَ فَإِنَّهُ يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ شَفِيعًا لِأَصْحَابِهِ،...)) رواه مسلم ٨٠٤.

واتە : ((قورئان بخوێنن چونکە لە رۆژی قیامەت دا دێت و دەبێتە تکاکار بۆ خاوەنەکەی-واتا خوێنەرەکەی-)).

خراپترین ناو لای خوای گەورە

١٨٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ ((أَخْنَى الأَسْمَاءِ يَوْمَ القِيَامَةِ عِنْدَ اللَّهِ رَجُلٌ تَسَمَّى مَلِكَ الأَمْلاَكِ)) رواه البخاري ٦٢٠٥.

واتە: ((خراپترین ناوێك لە ڕۆژی قیامەت لای خوای گەورە ئەو کەسەیە کە بە {پاشای پاشایان} خۆی ناو بنێت-یا ناوی بنرێت یا نازناوی بێت-)).

❖ وە زۆر ناو هەیە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی کە هاوشێوەی ئەم ناوەن بۆ نموونە : شاسوار و شاجوان و ... هتد ((نووسەر)).

نوێژ کردن ڕووەو قەبر دروست نی یە

١٨٦ عَنْ أَبِي مَرْثَدٍ الْغَنَوِيِّ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ ((لَا تُصَلُّوا إِلَى الْقُبُورِ، وَلَا تَجْلِسُوا عَلَيْهَا)) رواه مسلم ٩٧٢.

واتە: ((ڕووەو قەبر-گۆڕ- نوێژ مەکەن ، وە لە سەریشی دامەنیشن)).

❖ بەداخەوە هەندێ لە مزگەوتەکان گۆڕی تیایە ئەو گۆڕانەش لە نوێژ خوێنەکان دیارە، بۆیە نابێ لەو مزگەوتانە نوێژ بکەن والله أعلم. ((نووسەر))

ئەگەر شەرمت نەکرد چی دەکەی بیکە !!!

١٨٧ عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ، قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((إِنَّ مِمَّا أَدْرَكَ النَّاسُ مِنْ كَلاَمِ النُّبُوَّةِ، إِذَا لَمْ تَسْتَحْيِ فَاصْنَعْ مَا شِئْتَ)) رواه البخاري ٣٤٨٤.

واتە: ((ئەوەی بە خەڵکی گەیشتووە لە وتەی پێغەمبەرانی پێشوو ئەوەیە ، ئەگەر شەرمت نەکرد چی دەکەی بیکە)).

❖ واتە: کەسی بێشەرم هەموو شتێك دەکات چونکە شەرمی نی یە و گوێی پێ نادات وبێ شەرمی یەکەی دەیخاتە ناو بێ فەرمانی خوای گەورە. ((نووسەر)).

پاداشتی شەش ڕۆژەکەی مانگی شەوال

١٨٨ عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الْأَنْصَارِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((مَنْ صَامَ رَمَضَانَ ثُمَّ أَتْبَعَهُ سِتًّا مِنْ شَوَّالٍ، كَانَ كَصِيَامِ الدَّهْرِ)) رواه مسلم ١١٦٤.

واتە : ((هەر کەسێك مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت پاشان شەش ڕۆژ لە مانگی شەوال بەڕۆژوو بێت ، وەك ئەوە وایە کە ساڵێك بەڕۆژوو بوو بێت)).

❖ کەسێك ڕۆژووی ڕەمەزان قەرزاربێت نابێت شەش ڕۆژی شەوال بگرێت تا ڕۆژووی ڕەمەزان بەتەواوی نەگرێت، چونکە لە فەرموودەکەدا هاتووە (ثُمَّ أَتْبَعَهُ) پاشان واتە دوای تەواو بوونی ڕەمەزان ئەم شەش ڕۆژەی بەدوای یەوە بێنێت جا بەڕاستەوخۆ بەڕۆژوو بێت یان بەجیا. ((م.ئەبو موسلیم)).

گەورەیی نوێژکردن لە مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ

١٨٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ:أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((صَلاَةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا خَيْرٌ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِيمَا سِوَاهُ، إِلَّا المَسْجِدَ الحَرَامَ)) رواه البخاري ١١٩٠.

واتە : ((نوێژکردن لە مزگەوتی من چاکترە لە هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر, جگە لە مزگەوتی حەڕام نەبێت)).

❖ یەك نوێژ لە مزگەوتی حەڕام-واتا کەعبە-چاکترە لە سەد هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر وە یەك نوێژ لە مزگەوتی قودس چاکترە لەپێنج سەد نوێژی مزگەوتەکانی تر. ((نووسەر)).

ئەرکانەکانی ئیمان

١٩٠ {وَفِي حَدِيث جِبْرِيل} , عنْ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ ...قَالَ (أي جِبْرِيل عَلَيهِ السَّلَام) فَأَخْبِرْنِي عَنِ الْإِيمَانِ: قَالَ النَّبِيَّ ﷺ ((أَنْ تُؤْمِنَ بِاللهِ، وَمَلَائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)) رواه مسلم ٨.

واتە: ((ئیمان ئەوەیە کە باوەڕت بە خوا و فریشتەکان و کتێبەکان و پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی هەبێت, وە باوەڕت بە قەدەر هەبێت بە خێر و شەڕی)).

❖ دەبێ باوەڕت بە هەمووی هەبێت ونابێ گومانیشت لێیان هەبێت, چونکە باوەڕنەبوون یان گومان هەبوونی کەسێك لە یەکێك لە ئەرکانەکانی ئیمان ئەوا لە ئیسلام دەچێتە دەرەوە. ((نووسەر)).

گوێ نەدان بە حەڵاڵ و بە حەرام

١٩١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((يَأْتِي عَلَى النَّاسِ زَمَانٌ، لاَ يُبَالِي الْمَرْءُ مَا أَخَذَ مِنْهُ، أَمِنَ الحَلاَلِ أَمْ مِنَ الحَرَامِ)) رواه البخاري ٢٠٥٩.

واتە : ((سەردەمێك بەسەر خەڵكی دا دێت كە مرۆڤ گوێ ناداتە ئەوەی كە لێی وەردەگرێ-ئەو ماڵەی كەپەیدای دەكات-ئایا حەڵاڵە یان حەرامە)).

پەلە بكەن لە ناشتنی مردوو

١٩٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ ((أَسْرِعُوا بِالْجِنَازَةِ، فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا، وَإِنْ يَكُ سِوَى ذَلِكَ، فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ)) رواه البخاري ١٣١٥.

واتە: ((پەلە بكەن لە ناشتنی مردوو, چونكە ئەگەر كەسێكی چاك بێت ئەوا بە خێر و خۆشی بەرێی ئەكەن, وە ئەگەر كەسێكی خراپ بێت ئەوا شەرێكە لە كۆڵ خۆتانی دەكەنەوە)).

دین ئامۆژگاری یە

١٩٣ عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ ((الدِّينُ النَّصِيحَةُ)) قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ ((لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلِأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ)) رواه مسلم ٥٥.

واتە : ((دین ئامۆژگاریە-دڵسۆزیە-)) وتمان بۆ كێ؟ فەرمووی ((بۆ خوا و بۆ كتابەكەی و بۆ پێغەمبەرەكەی و بۆ ئیمامی موسڵمانان و بۆ گشت موسڵمانان))

- ئامۆژگاری بۆ خوا: واتا باوەڕت بە خوا هەبێت و شەریکی بۆ بڕیار نەدەی و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەی.
- ئامۆژگاری بۆ کتابەکەی: واتا بڕوات پێی هەبێت کە کەلامی خوایە وە ملکەچی بیت و حوکمی پێ بکەی.
- ئامۆژگاری بۆ پێغەمبەرەکەی: واتا لە خۆت و ماڵ و منداڵت و هەموو خەڵکی خۆشتر بوێت وە گوێڕایەڵی بیت و سوننەتەکانی جێبەجێ بکەی و سەری بخەی.
ئامۆژگاری بۆ ئیمامی موسڵمانان: واتا لە قسەی دەرنەچیت و گوێ ڕایەڵی بکەی لە چاکە.
ئامۆژگاری بۆ گشت موسڵمانان: واتا هەرچی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ ئەوانیش پێت خۆش بێت.

والله أعلم. ((نووسەر)).

سزای ناو گۆڕ

١٩٤ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ ﷺ بِقَبْرَيْنِ، فَقَالَ ((إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ، وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ، أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَتِرُ مِنَ البَوْلِ، وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ)) رواه البخاري ٢١٨.

واتە: پێغەمبەر ﷺ بەلای دوو گۆڕ دا تێپەڕی ، فەرمووی ((ئەم دوانە سزا دەدرێن ، وە لەسەر گوناهی گەورە سزا نادرێن ، بەڵکو یەکێکیان لە میزکردن دا پەنای نەدەکرد ، وە ئەوەی تر دوو زمانی دەکرد-قسەی دەهێنا و دەبرد-)).

- واتە: لەبەر چاوی خەڵك میزی دەکرد یان لە ڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێ خۆی لە میز پاك نەدەکردەوە. ((نووسەر)).

قورئان یان بەڵگەیە بە دەستت یان بەڵگەیە لەسەرت

١٩٥ عَنْ أَبِي مَالِكٍ الْأَشْعَرِيِّ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((الطُّهُورُ شَطْرُ الْإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَأُ الْمِيزَانَ،وَسُبْحَانَ اللهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ تَمْلَآَنِ – أَوْ تَمْلَأُ – مَا بَيْنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ، وَالصَّلَاةُ نُورٌ، وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ، وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ، كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَايِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا)) رواه مسلم ٢٢٣.

واتــە: ((پاكوخــاوێنی-دەســت نوێــژ-نیــوەی ئیمانــە, وە {الحمــدلله} تــەرازوو پــڕ دەكـات, وە {سـبحانەالله والحمـدلله} نێـوان ئاسمـان و زەوی پڕدەكاتــەوە, وە نوێــژ نــوره-ڕووناكی یــە-, وە صــەدەقە بەڵگەیــە-بــۆ ئیمانــدار-, وە ئــارامگرتن تیشــك و ڕووناكی یە, وە قورئـان بەڵگەیـە بـۆت -شـەفاعەتت بـۆ دەكـات- یـان بەڵگەیـە لـە سـەرت-شـكاتت لـێ دەكـات-, هـەموو خـەڵكی بـەیانی دەكاتــەوە نەفسـی خـۆی دەفرۆشێت یان ڕزگاری دەكات-بە گوێ ڕایەڵی خوا- یـان لـەناوی دەبـات -بەسـەر پێچی و تاوان-)).

گەورەترین تاوان چی یە؟

١٩٦ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ قَالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ: أَيُّ الذَّنْبِ أَعْظَمُ عِنْدَ اللَّهِ؟ قَالَ ((أَنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وَهُوَ خَلَقَكَ)). قُلْتُ: إِنَّ ذَلِكَ لَعَظِيمٌ، قُلْتُ:ثُمَّ أَيُّ؟ قَالَ ((وَأَنْ تَقْتُلَ وَلَدَكَ تَخَافُ أَنْ يَطْعَمَ مَعَكَ)).قُلْتُ:ثُمَّ أَيُّ؟ قَالَ ((أَنْ تُزَانِيَ حَلِيلَةَ جَارِكَ)) رواه البخاري ٤٤٧٧.

واتە: ((عبداللەی کوڕی مسعود دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر ز کرد: گەورەترین تاوان چی یە؟ فەرمووی ((شەریك بۆ خوا دابنێیێ لە کاتێکدا ئەو تۆی دروست کردووە)). وتم ئەوە زۆر گەورەیە, وتم پاشان چی؟ فەرمووی ((منداڵەکەت بکوژی لە ترسی نان دانی)). وتم پاشان چی؟ فەرمووی ((زینا کردن لە گەڵ ئافرەتی دراوسێکەت)).

❖ لەم فەرموودەیە دا بۆمان بە دیاردەکەوێ کە شیرك لە هەموو تاوانەکان گەورەترە, وە لێخۆشبوونیشی بۆ نی یە ئەگەر تەوبە نەکەی لە سەری. والله أعلم. ((نووسەر)).

ڕۆیشتنی گوناهەکان لە گەڵ ئاوی دەستنوێژ

١٩٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ ((إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُالْمُسْلِمُ–أَوِ الْمُؤْمِنُ– فَغَسَلَ وَجْهَهُ خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ– أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ–، فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ كَانَ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ–أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ –، فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلَاهُ مَعَ الْمَاءِ–أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ– حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنَ الذُّنُوبِ)) رواه مسلم ٢٤٤.

واتـە : ((ئەگـەر بەنـدەی موسـڵمان دەسـتنوێژی گـرت دەموچـاوی شـۆرد, هـەر گوناهێـك بـە چـاو کردوویـەتی لـە گـەڵ ئاوەکـەدا دەڕوات-یـان لەگـەڵ دوا تنـۆکی ئاوەکە-, ئەگەر دەستەکانی شۆرد, ئەو گوناهانەی بە دەست کردوویـەتی لـە گـەڵ ئاوەکـەدا دەڕوات-یـان لەگـەڵ دوا تنـۆکی ئاوەکـە-, ئەگـەر پێیـەکانی شـۆرد, ئـەو گوناهانـەی بـەو پێیانـەی بـۆێ چـووە لـە گـەڵ ئاوەکـەدا دەڕوات-یـان لەگـەڵ دوا تنۆکی ئاوەکە-, هەتا پاك دەبێتەوە لە گوناه)).

سزای ئەو کەسەی هاوار دەکاتە غەیری خوا

١٩٨ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ مَسْعُودٍ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ ((مَنْ مَاتَ وَهْوَ يَدْعُو مِنْ دُونِ اللَّهِ نِدًّا دَخَلَ النَّارَ)) رواه البخاري ٤٤٩٧.

واتە: ((هەر کەسێك بمرێت و هاواری کردبێتە غەیری خوا دەچێتە ناو ئاگرەوە)).

❖ ئەم فەرمووده ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە هاوار دەکەنە غەیری خوا وە لەسەر ئەم حاڵتە بمرن, وە ئەوکەسە تەوبەی نەکردبێ لە سەر ئەم هاوبەش بڕیار دانەی بۆ خوا, جا هاوارکردنەکە لە هەر کەسێك بێت پێغەمبەر بێت یان شێخ یان پیاو چاك یان هەر شتێکی تر هەمووی هەر شیرکە و تاوانە, وە بەداخەوە لە لای هەندێ لە موسڵمانان ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت، کە دەچن بۆ سەر قەبر و مەزارەکان, داوا لە مردووان دەکەن پەنا بەخوا . ((نووسەر)).

پاداشتی {تەوحید} یەك خوا پەرستی

(١٩٩) عَنْ عُثْمَانَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ ((مَنْ مَاتَ وَهُوَ يَعْلَمُ أَنَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، دَخَلَ الْجَنَّةَ)) رواه مسلم ٢٦.

واتە : ((هەر کەسێك مرد وە زانیبێتی کە هیچ پەرستراوێك نی یە بە حەق جگە لە خوای گەورە ئەوا دەچێتە بە هەشتەوە)).

❖ لەم فەرموودەیەدا گەورەیی تەوحید و شەهادەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەوەی هەڵگری ئەم شەهادەیە بێت و کاری بە ناوەڕۆکی کردبێت سەرفرازی دونیاو دواڕۆژ دەبێت، ئەم وشەیەی تەوحید کلیلی چوونە ناو بەهەشتە. ((م.ئەبو موسلیم)).

پەناگرتن بە خوا لە چوار شت پێش سەلام دانەوە لە نوێژ

٢٠٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ يَدْعُو وَيَقُولُ ((اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ)) رواه البخاري ١٣٧٧.

واتە: پێغەمبەر ﷺ دوعای دەکرد و دەیفەرموو ((خوایە پەنات پێ دەگرم لە سزای ناو گۆڕ ، وە لە سزای ئاگری دۆزەخ ، وە لە فیتنەی زیندووان و مردووان ، وە لە فیتنەی مەسیحی دەجال)).

❖ فیتنەی مردووان: فیتنەی سەرەمەرگ و ناوگۆڕ دەگرێتەوە ، مرۆڤ ئەو کاتە لەم دوو فیتنەیە ڕزگاری دەبێت کە لە سەرەمەرگ دا جێگیرو ڕاگیر بێت وە لەناو گۆڕ دا بە سانایی پرسیاری دوو فریشتەکان وەڵام بداتەوە. ((م.ئەبو موسلیم)).

سیاسەتی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت) چۆن بوو؟

٢٠١ عَنْ أَبِي حَازِمٍ، قَالَ: قَاعَدْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ خَمْسَ سِنِينَ فَسَمِعْتُهُ يُحَدِّثُ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ ، قَالَ: ((كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ تَسُوسُهُمُ الْأَنْبِيَاءُ، كُلَّمَا هَلَكَ نَبِيٌّ خَلَفَهُ نَبِيٌّ، وَإِنَّهُ لَا نَبِيَّ بَعْدِي، وَسَتَكُونُ خُلَفَاءُ فَتَكْثُرُ)) ، قَالُوا: فَمَا تَأْمُرُنَا؟ قَالَ: ((فُوا بِبَيْعَةِ الْأَوَّلِ، فَالْأَوَّلِ، وَأَعْطُوهُمْ حَقَّهُمْ، فَإِنَّ اللهَ سَائِلُهُمْ عَمَّا اسْتَرْعَاهُمْ)) رواه مسلم ١٨٤٢.

واتە : ((نەوەی ئیسرائیل لەلایەن پێغەمبەران بەڕێوە دەبرا ، هەر کاتێك پێغەمبەرێك نەمابا ئەوا پێغەمبەرێکی تر شوێنی دەگرتەوە ، بەڵام هیچ پێغەمبەرێك لەدوای من نایەت ، وە لەپاش من جێنشین زۆر دەبێت)) ، وتیان: چ فەرمانێکمان پێ دەکەی؟ فەرمووی: ((وەفا بە بەڵێنەکانتان بکەن-لە گەڵ جێنشینی-یەکەم ، وە مافیشیان بدەن ، بێگومان خوای گەورەش پرسیاریان لێ دەکات سەبارەت بەو کەسانەی کە لە ژێردەستی دابوون)).

❖ وشەی (سیاسەت) کە لە فەرموودەکە دا هاتووە بەمانای بەڕێوەبردنی کار و مشورخۆری خەڵك دێت نەوەك ئەو سیاسەتەی کە حزبە بەناو ئیسلامیەکانی ئەو سەردەمە دەیکەن. وە مانای جێنشین زۆر دەبێت واتا زیاتر لە حاکمێك بەیعەتی پێدەدرێ لە یەك کاتدا. وە دەفەرمووێ بەیعەت بدەنە جێنشینی یەکەم واتا تەنها بەیعەتی یەکەم شەرعیەتی دەبێت ئەوانی تر هەمووی بەتاڵ و ناشەرعی دەبن. وە مافیان بدەن واتا گوێڕایەڵیان بکەن لە چاکە. ((نووسەر)).

دوعای پێغەمبەر ﷺ بۆ خزمەتکارەکەی

٢٠٢ عَنْ قَتَادَةَ، قَالَ: سَمِعْتُ أَنَسًا، قَالَ: قَالَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ لِلنَّبِيِّ ﷺ: أَنَسٌ خَادِمُكَ، قَالَ: ((اللَّهُمَّ أَكْثِرْ مَالَهُ، وَوَلَدَهُ، وَبَارِكْ لَهُ فِيمَا أَعْطَيْتَهُ)) رواه البخاري ٦٣٣٤.

واتە: ((خوایە ماڵ و منداڵی زۆرکەی, وە بەرەکەت بڕژێنیە ئەو شتانەی کە داوتە پێی)) {واتا ئەنەسی کوڕی مالك رضي الله عنه}.

سوپاسگوزاربە بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خودا بەدەست بێنی

٢٠٣ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((إِنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ الْعَبْدِ أَنْ يَأْكُلَ الْأَكْلَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا)) رواه مسلم ٢٧٣٤.

واتە: ((بەڕاستی خوای گەورە ڕازی دەبێ لە بەندە کاتێك کە خواردنێك دەخوات سوپاس و ستایشی خوای لەسەر دەکات ، یان ئاوێك دەخواتەوە سوپاس و ستایشی خوای لەسەر دەکات)).

- ❖ ڕەزامەندی خوا بە کەمترین هۆکارو هەوڵێکی کەمیش بێ بەدەست دێت. ((م.ئەبو موسلیم)).
- ❖ خواردن وخواردنەوەش ئادابی کرداری و گوفتاری خۆیان هەیە ،ئادابی کرداری: وەك خواردن بەدەستی ڕاستەو لەو بەشەی لەبەردەم خۆیەتی, ئادابی گوفتاریش: وەك بسم الله کردن لەسەرەتای دەست پێکردنی، وە الحمدلله کردن لەکۆتاییەکەی دا. ((م.ئەبو موسلیم)).

مافی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی چی یە؟

٢٠٤ عَنْ مُعَاذٍ قَالَ: كُنْتُ رِدْفَ النَّبِيِّ ﷺ عَلَى حِمَارٍ يُقَالُ لَهُ عُفَيْرٌ، فَقَالَ: ((يَا مُعَاذُ، هَلْ تَدْرِي حَقَّ اللَّهِ عَلَى عِبَادِهِ، وَمَا حَقُّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ؟))، قُلْتُ:اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((فَإِنَّ حَقَّ اللَّهِ عَلَى العِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوهُ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا، وَحَقَّ العِبَادِ عَلَى اللَّهِ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا))،فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَلاَ أُبَشِّرُ بِهِ النَّاسَ؟ قَالَ:((لاَ تُبَشِّرْهُمْ، فَيَتَّكِلُوا)) رواه البخاري ٢٨٥٦.

واتە : موعازی کوڕی جەبەل دەڵێ: لە دوای پێغەمبەر ﷺ لە سەر پشتی گوێدرێژێك سوار بووم کە بەم گوێدرێژە دەوترا{عوفەیر} ، فەرمووی: ((ئەی موعاز, ئایا تۆ دەزانی مافی خودا لەسەر بەندەکانی چی یە, وە مافی بەندە لەسەر خودا چی یە؟)) وتم: خوداو پێغەمبەرەکەی دەزانن ، فەرمووی: ((بەڕاستی مافی خودا لەسەر بەندەکانی ئەوەیە کە -بەتەنها-بیپەرستن و هیچ هاوەڵێکی-شەریکێکی-بۆ بڕیار نەدەن, وە مافی بەندە لەسەر خودا ئەوەیە کە سزای ئەو کەسە نەدات کە هیچ شەریکێکی بۆ بڕیار نەداوە)) ، وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئایا موژدە نەدەمە خەڵك؟-سەبارەت بەم هەواڵە خۆشە-, فەرمووی: ((موژدەیان پێ مەدە چونکە تەمبەڵی دەکەن-واتا ئەگەر بیزانن تەنها پشت دەبەستن بەو موژدەیە-)).

❖ لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (فاخبر معاذ عند موتە تأثما) واتە: موعاز لە سەرەمەرگ ئەم فەرموودەی گێڕاوە لە ترسی تاوانی شاردنەوەی زانستی شەرعی. ((نووسەر)).

دڵی مرۆڤەكان لە نێوان دوو پە نجەی خوای گەورە دان

٢٠٥ عَبْدَ اللهِ بْنَ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، يَقُولُ: أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، يَقُولُ: ((إِنَّ قُلُوبَ بَنِي آدَمَ كُلَّهَا بَيْنَ إِصْبَعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ الرَّحْمَنِ، كَقَلْبٍ وَاحِدٍ، يُصَرِّفُهُ حَيْثُ يَشَاءُ)) ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ:((اللهُمَّ مُصَرِّفَ الْقُلُوبِ صَرِّفْ قُلُوبَنَا عَلَى طَاعَتِكَ)) رواه مسلم ٢٦٥٤.

واتە : ((بەڕاستی دڵەكانی بەنی ئادەم هەر هەمووی لە نێوان دوو پەنجە لە پەنجەكانی خوای گەورە دایە ، وەكو یەك دڵ دەیگۆڕێت چۆنی بوێت)) پاشان پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ((ئەی خودای هەڵسوڕێنەری دڵەكان دڵەكانمان هەڵسوڕێنە بۆ گوێڕایەڵی كردنی خۆت)).

❖ پەنجە: سیفەتێكە لە سیفەتەكانی خوای گەورە, واجبە لە سەرمان كە باوەڕمان پێی هەبێت و دانی پێدا بنێین هەر وەك چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ دانی پێدا ناوە بەبێ ئەوەی بیچوێنێت بە پەنجەی دروست كراوەكانی چونكە پەنجەی پەروەردگار لە پەنجەی هیچ كەس ناچێت وە دروستیش نی یە (تەئویل)ی بكەین واتە بە مانایەكی تر لێكی بدەینەوە. ((نووسەر)).

ئیمانداری قورئان خوێن وەك {الاترجه :كەبادی شامی} وایە

٢٠٦ عَنْ أَبِي مُوسَى، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: ((مَثَلُ المُؤْمِنِ الَّذِي يَقْرَأُ القُرْآنَ كَالأُتْرُجَّةِ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَرِيحُهَا طَيِّبٌ، وَمَثَلُ الَّذِي لاَ يَقْرَأُ كَالتَّمْرَةِ، طَعْمُهَا طَيِّبٌ وَلاَ رِيحَ لَهَا، وَمَثَلُ الفَاجِرِ الَّذِي يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمَثَلِ الرَّيْحَانَةِ، رِيحُهَا طَيِّبٌ وَطَعْمُهَا مُرٌّ، وَمَثَلُ الفَاجِرِ الَّذِي لاَ يَقْرَأُ القُرْآنَ كَمَثَلِ الحَنْظَلَةِ، طَعْمُهَا مُرٌّ وَلاَ رِيحَ لَهَا)) رواه البخاري ٧٥٦٠.

واتە : ((نموونەی ئەو ئیماندارەی كە قورئان دەخوێنێت وەك -كەبادی تام وبۆن خۆش-(الاترجه) وایە, وایە خواردنی خۆشەو بۆنیشی خۆشە, وە نموونەی-ئەو ئیماندارەی-كە قورئان ناخوێنێت وەك خورما وایە ، خواردنی خۆشە بەڵام بۆنی نی یە, وە نموونەی ئەو خراپەكارەی كە قورئان دەخوێنێت وەك ڕەیحانە وایە, بۆنی خۆشە بەڵام تامەكەی تاڵە, وە نموونەی ئەو خراپەكارەی كە قورئان ناخوێنێت وەك گوژاڵك وایە ، خواردنی تاڵە وە بۆنیشی نی یە)) .

❖ وە لە ڕیوایەتی موسلیم دا نموونەی خراپەكارەكە بە دووڕوو واتا منافق هاتووە. ((نووسەر)).

❖ پێغەمبەری خوا ﷺ بۆئەوەی بەرامبەرەكانی حاڵی بكات نموونەی بۆیان دەهێنایەوە ،تا چاوڕوونی یان بۆ فەراهەم بێنێ وە بە درووستی لەباسەكە بەهرەمەند ببن، بۆیە ئێمەش دەبێ لەكاری بانگەوازییماندا ڕەچاوی ئەم خاڵە گرنگە بكەین. ((م.ئەبو موسلیم)).

خوای گەورە ئەگەر ڕەحمت پیٚ نەکات ناچیتە بەهەشت

٢٠٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((لَنْ يُدْخِلَ أَحَدًا مِنْكُمْ عَمَلُهُ الْجَنَّةَ)) قَالُوا: وَلَا أَنْتَ؟ يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: ((وَلَا أَنَا، إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللهُ مِنْهُ بِفَضْلٍ وَرَحْمَةٍ)) رواه مسلم ٢٨١٦.

واتە : ((هیچ یەك لە ئێوە بە كردەوەكانی ناچێتە بەهەشت))، وتیان: تۆش؟ ئەی پێغەمبەری خوا-ﷺ- فەرمووی: ((منیش ، مەگەر خوا نقومی ناو فەزڵ و ڕەحمەتی خۆیم بكات))

❖ لەم فەرموودەیەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە ئەگەر خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی لەگەڵمان نەكات و بە كردەوەی خۆمان لێپرسینەوەمان لە گەڵدا بكات ئەوا هیچ یەكێك لە ئێمە ناچێتە بەهەشت, چونكە كردەوەكانمان بەشی ئەوە ناكات كە شایستەی ئەو بەهەشتە نەبڕاوەیە بین ، بەڵكو هەر یەكێك بچێتە بەهەشت ئەوا بێگومان بە ڕەحمی خوای پەروەردگار پێی ناوەتە بەهەشتەوە, وە ئەوەش مانای ئەوە نی یە كە ئێمە كردەوەی چاك نەكەین ، چونكە ئەگەر بتەوێ ئەو ڕەحمەی خوای پەروەردگار بەدەست بێنی دەبێ كردەوەی چاك بكەی ، والله أعلم. ((نووسەر)).

پێغەمبەرمان ﷺ چۆن ئوممەتەکەی دەناسێتەوە لە قیامەتدا؟

٢٠٨ عَنْ نُعَيْمٍ الْمُجْمِرِ، قَالَ: رَقِيتُ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ عَلَى ظَهْرِ الْمَسْجِدِ، فَتَوَضَّأَ، فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ ((إِنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ, ...)) رواه البخاري ١٣٦.

واتە: ((بەڕاستی ئوممەتەکەم لە ڕۆژی قیامەتدا بانگ دەکرێن و دەناسرێنەوە بە شوێنەواری دەست نوێژ کە بریسکەدار و سپی دەبن)).

چەند کارێك بۆ سڕینەوەی تاوانەکان و پلەبەرزبوونەوە

٢٠٩ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((أَلَا أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللهُ بِهِ الْخَطَايَا، وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ؟)) قَالُوا بَلَى يَا رَسُولَ اللهِ قَالَ: ((إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ، وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ، وَانْتِظَارُ الصَّلَاةِ بَعْدَ الصَّلَاةِ، فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ)) رواه مسلم ٢٥١.

واتە: ((ئایا کارێکتان پێ نیشان بدەم کە بەهۆیەوە خوای گەورە تاوانەکانتان بسڕێتەوەو پلەتان بەرز بکاتەوە؟ وتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا-ﷺ- فەرمووی: ((دەستنوێژ گرتن -بەچاکی- لەکاتی ناڕەحەتی دا ، وە زۆر هەنگاونان بەرەو مزگەوت ، وە چاوەڕوان کردنی نوێژ لە دوای نوێژ, ئەم سیفەتانەی تێدا بێت وەکو ئەوە وایە ئێشکگری کردبێت لە کاتی تێکۆشان لە پێناوی خوادا)).

❖ لە هۆکارەکانی سڕینەوەی گوناهو سەرپێچی یەکانی ئادەمی و بەرزبوونەوەی پلەی لەلای خوا عزوجل زۆر هەنگاونانە بۆ مزگەوت و ئامادەبوونی بەندەکانە بەمەبەستی ئەنجامدانی نوێژە فەرزەکان. ((م.ئەبو موسلیم)).

❖ وەبەردەوام بوونیش لەسەر کردەوەی چاك جۆرێکە لە تێکۆشان لە پێناو خوادا، هەرکەسێك ئەم سیفەتانەی لێ هاتەدی کە لە فەرموودەکەدا هاتووەو لەسەری بەردەوام بێت لەتاوان دەیپارێزێت ، چونکە پەیوەست بووە بە مزگەوت وهەردەم لە چاوەڕوانی نوێژدایە ، هەروەها وەکو ئەوە وایە ئێشکگری کردبێت لە کاتی تێکۆشان لە پێناوی خوادا. ((م.ئەبو موسلیم)).

دەرگای ڕەییان بۆ کێ یە؟

٢١٠ عَنْ سَهْلٍ ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ ، قَالَ: ((إِنَّ فِي الجَنَّةِ بَابًا يُقَالُ لَهُ الرَّيَّانُ، يَدْخُلُ مِنْهُ الصَّائِمُونَ يَوْمَ القِيَامَةِ، لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ، يُقَالُ: أَيْنَ الصَّائِمُونَ؟ فَيَقُومُونَ لاَ يَدْخُلُ مِنْهُ أَحَدٌ غَيْرُهُمْ، فَإِذَا دَخَلُوا أُغْلِقَ فَلَمْ يَدْخُلْ مِنْهُ أَحَدٌ)) رواه البخاري ١٨٩٦.

واتە: ((لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی دەوترێت {ڕەییان}، تەنها ڕۆژووەوانەکان لە قیامەتدا لێی یەوە دەچنە ژوورەوە, هیچ کەسێك ناچێتە ناوی تەنها ئەوان نەبن ، دەوترێت: کوا ڕۆژووەوانەکان؟ ئەوانیش هەڵدەستن هیچ کەسێك ناچێتە ناوی تەنها ئەوان نەبن, کاتێك دەچنە ژوورەوە -دەرگاکە- دادەخرێت کەسی تر ناچێتە ناوی)).

نوێژی بە کۆمەڵ دەبێتە لێخۆشبوونی تاوان و گوناهەکان

٢١١ عَنْ عُثْمَانَ بْنِ عَفَّانَ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: ((مَنْ تَوَضَّأَ لِلصَّلَاةِ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ مَشَى إِلَى الصَّلَاةِ الْمَكْتُوبَةِ، فَصَلَّاهَا مَعَ النَّاسِ أَوْ مَعَ الْجَمَاعَةِ أَوْ فِي الْمَسْجِدِ غَفَرَ اللهُ لَهُ ذُنُوبَهُ)) رواه مسلم ٢٣٢.

واتە: ((هەر -ئیمانداریك- دەستنوێژ بگرێت بۆ نوێژ دەستنوێژێکی تەواو ، پاشان بڕوات بۆ ئەنجامدانی نوێژێکی فەڕز ، لەگەڵ خەڵك نوێژ بکات یان لە گەڵ کۆمەڵێك یان لە مزگەوت -ئەوا- خوای گەورە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت)).

سزای ڕیبا خۆر

٢١٢ عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: ((رَأَيْتُ اللَّيْلَةَ رَجُلَيْنِ أَتَيَانِي، فَأَخْرَجَانِي إِلَى أَرْضٍ مُقَدَّسَةٍ، فَانْطَلَقْنَا حَتَّى أَتَيْنَا عَلَى نَهَرٍ مِنْ دَمٍ فِيهِ رَجُلٌ قَائِمٌ وَعَلَى وَسَطِ النَّهَرِ رَجُلٌ بَيْنَ يَدَيْهِ حِجَارَةٌ، فَأَقْبَلَ الرَّجُلُ الَّذِي فِي النَّهَرِ، فَإِذَا أَرَادَ الرَّجُلُ أَنْ يَخْرُجَ رَمَى الرَّجُلُ بِحَجَرٍ فِي فِيهِ، فَرَدَّهُ حَيْثُ كَانَ، فَجَعَلَ كُلَّمَا جَاءَ لِيَخْرُجَ رَمَى فِي فِيهِ بِحَجَرٍ، فَيَرْجِعُ كَمَا كَانَ، فَقُلْتُ مَا هَذَا؟ فَقَالَ: الَّذِي رَأَيْتَهُ فِى النَّهَرِ آكِلُ الرِّبَا)) رواه البخاري ٢٠٨٥.

واتە: ((ئەم شەو -لەخەودا- دوو پیاوم بینی هاتنە لام, منیان برد بۆ خاکێکی پیرۆز ، ڕۆیشتین تاکو گەیشتینە سەر ڕووبارێکی خوێن پیاوێك لەناو ئاوەکەدا بووە وە پیاوێکیش لە لێواری ڕووبارەکە دا بوو ، جا کاتێك ئەو پیاوەی لەناو

ئاوەکە دا بوو دەیویست بێتە دەرەوە کە دەگەیشتە لای ئەو پیاوەی لێوارەکە بەردێکی دەکێشا بەناو دەمیدا ، دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی-ناو ڕووبارە خوێنەکە- ، بەم شێوەیە هەموو جارێ کە دەیویست دەربچێت پیاوەکەی تر نەیدەهێشت و بەردێکی دەکێشا بەناو دەمیدا ، دەگەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی ، منیش وتم ئەمە چی یە؟ وتیان: ئەوەی کە لەناو ڕووبارەکەدا بینیت -ئەوە- ڕیبا خۆرە)).

ئایا دەزانن موفلیس کێ یە لە قیامەت دا؟

٢١٣ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، قَالَ: ((أَتَدْرُونَ مَا الْمُفْلِسُ؟)) قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لَا دِرْهَمَ لَهُ وَلَا مَتَاعَ، فَقَالَ: ((إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلَاةٍ، وَصِيَامٍ، وَزَكَاةٍ، وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا، وَقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مَالَ هَذَا، وَسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)) رواه مسلم ٢٥٨١.

واتە: ((ئایا دەزانن موفلیس کێ یە؟)) وتیان: موفلیس لای ئێمە ئەو کەسەیە کە نە پارەی هەیەو نە ماڵ ، فەرمووی: ((بەڕاستی موفلیس لە ئوممەتی من لە ڕۆژی قیامەت دا دێت بە نوێژو, ڕۆژوو, وە زەکات ، -بەڵام-قسەی ناشرینی بە ئەو وتووەو بوختانی بۆ ئەم هەڵبەستووە ، وەماڵی ئەوی خواردووەو ، خوێنی ئەوی ڕشتووەو, لەوی داوە ، بۆیە لە چاکەکانی هەڵدەگیرێت-دەدرێت بەو کەسەی کە خراپەی بەرامبەر کردووە-, ئەگەر چاکەکانیشی تەواو بوو, ئەوا

لەتاوانەکانی کەسی بەرامبەری هەڵدەگرێت ، پاشان فڕێ دەدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە)) .

- ❖ ئەم فەرموودە ڕێنموویمان دەکات بۆ چاکە کردن لەگەڵ خەڵکی وە دەست درێژی نەکەینە سەریان وخۆمان بپارێزین لە ئەنجامدانی ڕەفتارو گوفتاری نابەجێ لە دژیان. ((م.ئەبو موسلیم)).
- ❖ هەروەها نوقورچێکیشە بۆ ئەوانەی ستەم لە کەسانی تر دەکەن کەبەو هۆیەوە کردەوە چاکەکانیشی هەڵبوەشێتەوە ، کەوابوو بڕواداران لەهەوڵی پاراستنی چاکەکانیان بن بەهۆی گوفتارو ڕەفتاری نابەجێیان لە ڕۆژی دوایی لە بری چاکە نەبن بە هەڵگری کۆڵێك تاوان. ((م.ئەبو موسلیم)).

موسڵمان نابێت تاوانەکانی خۆی ئاشکرا بکات

٢١٤ عَنْ سَالِمِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ: سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ، يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ:((كُلُّ أُمَّتِي مُعَافًى إِلَّا المُجَاهِرِينَ، وَإِنَّ مِنَ المُجَاهَرَةِ أَنْ يَعْمَلَ الرَّجُلُ بِاللَّيْلِ عَمَلًا، ثُمَّ يُصْبِحَ وَقَدْ سَتَرَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ، فَيَقُولَ: يَا فُلاَنُ، عَمِلْتُ البَارِحَةَ كَذَا وَكَذَا، وَقَدْ بَاتَ يَسْتُرُهُ رَبُّهُ، وَيُصْبِحُ يَكْشِفُ سِتْرَ اللَّهِ عَنْهُ)) رواه البخاري ٦٠٦٩.

واتە: ((هەموو ئوممەتەکەم عەفوو دەکرێن تەنها ئەوانە نەبێت کە تاوانەکانیان ئاشکرا دەکەن ، وە بەڕاستی بەشێك لە تاوان ئاشکراکردن ئەوەیە کە کەسێك بەشەو کارێك بکات و ئینجا بەیانی لەکاتێکدا کە خوای گەورە دایپۆشیوە بڵێت: ئەی فڵان من شەوی ڕابردوو ئەم کارەو ئەم کارەم کردووە ، لەکاتێکدا کەلە شەودا خوای گەورە دایپۆشیوە, کەچی خۆی بەیانی خۆی ئاشکرا دەکات و پەردەی خوای گەورە لەسەر خۆی هەڵدەماڵێت)).

- ❖ نەفسی بەندەکان لایان ئەمانەتە دەبێ ڕەچاویی لێبکەن ئاراستەی نەکەن بۆ کارێك کە خوای پێ تووڕەدەبێت وکەبەهۆیەوە تووشی خەشمی ئەو دەبێت .((م.ئەبو موسلیم)).
- ❖ هەندێ لە زانایان دەڵێن: بیدعەو داهێنانیش یەکێکە لەو تاوانانەی کە بیدعەکارەکە ئاشکرای دەکات، بۆیە ئەویش بەر لێبوردنی خوای پەروەدگار ناکەوێت خوا پەنامان بدات. ((م.ئەبو موسلیم)).

ئایا دەزانن غەییەت چی یە؟

٢١٥ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، قَالَ: ((أَتَدْرُونَ مَا الْغِيبَةُ؟)) قَالُوا: اللهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ، قَالَ: ((ذِكْرُكَ أَخَاكَ بِمَا يَكْرَهُ)) قِيلَ أَفَرَأَيْتَ إِنْ كَانَ فِي أَخِي مَا أَقُولُ؟ قَالَ: ((إِنْ كَانَ فِيهِ مَا تَقُولُ، فَقَدِ اغْتَبْتَهُ، وَإِنْ لَمْ يَكُنْ فِيهِ فَقَدْ بَهَتَّهُ)) رواه مسلم ٢٥٨٩.

واتە: ((ئایا دەزانن غەیبەت چی یە؟)) وتیان خواو پێغەمبەرەکەی دەزانن, فەرمووی: ((باسی براکەت بکەی بەوەی کە پێی ناخۆشە)) وترا ئەگەر ئەوەی کە من دەیڵێم لە براکەم دا هەبوو؟ فەرمووی: ((ئەگەر ئەوەی تێدا بوو کە دەیڵێی, ئەوا غەیبەتت کردووە, وە ئەگەر تێیدا نەبوو ئەوا بوهتانت بۆ کردووە)).

ڕیباخۆر نەفرەتی لێ کراوە لەلایەن پێغەمبەری خوا ﷺ

٢١٦ عَنْ جَابِرٍ، قَالَ: ((لَعَنَ رَسُولُ اللهِ ﷺ آكِلَ الرِّبَا، وَمُؤْكِلَهُ، وَكَاتِبَهُ، وَشَاهِدَيْهِ)) ، وَقَالَ: ((هُمْ سَوَاءٌ)) رواه مسلم ١٥٩٨.

واتە: ((پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لە ڕیباخۆر ، وە لە وەرگرەکەی، وە لەوەی کە دەینوسێت ، وە ئەوەی دەبێتە شایەت بۆی)) وە فەرمووی: ((هەموویان-لەو تاوانە-یەکسانن)).

بۆیە کردنی مووی سپی سەرو ڕیش

٢١٧ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: ((إِنَّ اليَهُودَ وَالنَّصَارَى لَا يَصْبُغُونَ، فَخَالِفُوهُمْ)) رواه البخاري ٥٨٩٩.

واتە: ((بەڕاستی جوولەکەو گاورەکان مووی سپی بۆیە ناکەن ، بۆیە ئێوە پێچەوانەیان بکەن)).

❖ بەڵام بۆیەکردن بە ڕەنگی ڕەش دروست نی یە و حەرامە بە بەڵگەی چەندین فەرموودەی صحیح. ((نووسەر)).

دە ڕەفتار هەن لە سروشتی مرۆڤی پاك دان

٢١٨ عَنْ زَكَرِيَّا بْنِ أَبِي زَائِدَةَ، عَنْ مُصْعَبِ بْنِ شَيْبَةَ، عَنْ طَلْقِ بْنِ حَبِيبٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الزُّبَيْرِ، عَنْ عَائِشَةَ، قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ((عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ: قَصُّ الشَّارِبِ، وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ، وَالسِّوَاكُ، وَاسْتِنْشَاقُ الْمَاءِ، وَقَصُّ الْأَظْفَارِ، وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ، وَنَتْفُ الْإِبِطِ، وَحَلْقُ الْعَانَةِ، وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ)) قَالَ زَكَرِيَّا: قَالَ مُصْعَبٌ: وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلَّا أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ. رواه مسلم ٢٦١.

واتە: ((دە ڕەفتار هەن لە سروشتی مرۆڤ دان-لە فیترەتی مرۆڤی پاك دان-: کورتکردنی سمێڵ و هێشتنەوەی ڕیش و سیواك کردن و ئاو لە لووت ڕادان و نینۆك کردن و شۆردنی جومگەکانی پەنجە و هەڵگرتنی مووی بن باڵ و تاشینی مووی سەر عەورەت-دامێن- و خۆپاك کردنەوە بە ئاو)) زەکەریا دەڵێ: موصعەب دەڵێ: دەیەمم لە بیر کردووە وابزانم ئاو لە دەم ڕادان بوو.

قەدەغە کردن لە خواردنەوە لە نێو قاپی زێڕو زیو

٢١٩ عَنِ ابْنِ أَبِي لَيْلَى، قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ حُذَيْفَةَ، وَذَكَرَ النَّبِيَّ ﷺ قَالَ: ((لاَ تَشْرَبُوا فِي آنِيَةِ الذَّهَبِ وَالفِضَّةِ،وَلاَ تَلْبَسُوا الحَرِيرَ وَالدِّيبَاجَ، فَإِنَّهَا لَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَكُمْ فِي الآخِرَةِ)) رواه البخاري ٥٦٣٣.

واتە: ((لە نێو قاپی زێڕو زیو مەخۆنەوە ، وە ئاوریشم و دیباج لەبەر مەکەن ، چونکە ئەمانە بۆ کافرەکانە لە دونیا ، وە بۆ ئێوەیە لە ڕۆژی دوایدا)).

❖ دیباج: جۆرێکە لە ئاوریشم یان پۆشاکێکە لە ئاوریشم دروست کراوەو بەم ناوەوە تایبەتکراوە. ((نووسەر)).

خۆتان لە دوو نەفرەت هێنەرەکان بپارێزن

٢٢٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((اتَّقُوا اللَّعَّانَيْنِ)) قَالُوا: وَمَا اللَّعَّانَانِ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: ((الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّاسِ، أَوْ فِي ظِلِّهِمْ)) رواه مسلم ٢٦٩.

واتە: ((خۆتان بپارێزن لە دوو نەفرەت هێنەرەکان)) وتیان دوو نەفرەت هێنەرەکان چین ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((ئەو کەسەی پیسایی دەکات لەسەر ڕێگای خەڵکی، یان لە سێبەریاندا)).

پێشخستنی ڕاستە لە هەموو کارەکان

٢٢١ عَنْ عَائِشَةَ ، قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ ((يُعْجِبُهُ التَّيَمُّنُ ، فِي تَنَعُّلِهِ ، وَتَرَجُّلِهِ ، وَطُهُورِهِ ، وَفِي شَأْنِهِ كُلِّهِ)) رواه البخاري ١٦٨.

واتە: ((پێغەمبەری خوا ﷺ پێشخستنی لای ڕاستی پێ خۆش بووە, لە پێڵاو لە پێ کردنیدا و سەرو ڕیش شانەکردنیدا و دەستنوێژ و شۆردنیدا وە لە هەموو کارێکیدا)).

حەڕامە میز بکرێتە ناو ئاوی وەستاو

٢٢٢ عَنْ جَابِرٍ عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ ((أَنَّهُ نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي الْمَاءِ الرَّاكِدِ)) رواه مسلم ٢٨١.

واتە : ((پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگری کردووە لە میز کردنە ناو ئاوی وەستاوەوە)).

❖ زانایان دەڵێن: میزکردن لەو ئاوەی ڕاوەستاوە حەرامە، بەڵام ئاوێك لەبەری بڕوات وجاری بێ ئەو کاتە میزکردن تێیدا مەکروهە، هەروەها دیسان سەردەکێشێ بۆ حەرام ئەگەر هاتوو بەکەمی لەبەری بڕوات، چونکە ئەگەری گۆڕینی ئاوەکەی هەیە .خوای گەورەش زاناترە. ((م.ئەبو موسلیم)).

شەرم نەکردن لە تێگەیشتن لە دین

٢٢٣ عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ قَالَتْ: جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ ، فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحِي مِنَ الحَقِّ، فَهَلْ عَلَى المَرْأَةِ غُسْلٌ إِذَا احْتَلَمَتْ؟ فَقَالَ: ((نَعَمْ، إِذَا رَأَتِ المَاءَ)) رواه البخاري ٦١٢١.

واتە : أُمِّ سَلَمَة دەڵێ: أُمُّ سُلَيْم هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا, بەڕاستی خوای گەورە لە باسکردنی حەق شەرم ناکات ، ئایا خۆشۆردن پێویستە لەسەر ئافرەت ئەگەر لە خەودا وای بینی کە لەشگران بووە؟ فەرمووی: ((بەڵێ ، ئەگەر ئاوی بینی)).

❖ ئەم فەرمووده سوودی ئەوەی تێدایە کە لە کاتی پرسیارکردن یان باسکردنی ئەو بابەتانەی کە جێی شەرمن واباشە لە پێشدا بوترێت:{إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحِي مِنَ الحَقِّ}واتا:{خوای گەورە لەباس کردنی حەق شەرم ناکات}. بەڵام زۆرێك لە خەڵکی لەم کاتانەدا وتەیەکی زۆر هەڵە دەڵێن بە پێشەکی بۆ پرسیارکردن یان باسکردنی ئەو بابەتانەی کەوا جێی شەرمن کە بریتی یە لە وتەی:{لا حياء في الدين}واتا:{دین شەرمی تێدا نی یە}, ئەمەش زۆر هەڵەیە چونکە پێچەوانەی چەندین فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرە ز کە باس لەوە دەکەن کە شەرم بەشێکە لە ئیمان واتا بەشێکە لە دین وەك فەرموودەی: ((الحياء شعبة من الإيمان)) یان ((إن الحياء من الإيمان)) وە چەندین فەرموودەی تر والله أعلم. ((نووسەر)).

کێ یەکەم کەس لە گۆر دێتە دەرەوە؟

٢٢٤ عَنِ الْأَوْزَاعِيِّ، حَدَّثَنِي أَبُو عَمَّارٍ، حَدَّثَنِي عَبْدُ اللهِ بْنُ فَرُّوخَ، حَدَّثَنِي أَبُو هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنْهُ الْقَبْرُ، وَأَوَّلُ شَافِعٍ وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ)) رواه مسلم ٢٢٧٨.

واتە: ((من گەورەی کوڕەکانی ئادەمم لە ڕۆژی دوایی دا ، وە یەکەم کەسم کەلە گۆر دێمە دەرەوە ، وە یەکەم تکاکارم وە یەکەم کەسم کە تکاکەم وەردەگیرێت)).

خۆچواندن بە ئافرەتان نەفرەتی لەسەرە

٢٢٥ عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا قَالَ: ((لَعَنَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ المُتَشَبِّهِينَ مِنَ الرِّجَالِ بِالنِّسَاءِ، وَالمُتَشَبِّهَاتِ مِنَ النِّسَاءِ بِالرِّجَالِ)) رواه البخاري ٥٨٨٥.

واتە: ((پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرەتی کردووە لەو پیاوانەی کە خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتان, وە لەو ئافرەتانەش کە خۆیان دەچوێنن بە پیاوان)).

❖ بێگومان ئەم کارەی خۆچواندن ولاسایی کردنەوەی پیاو بە ئافرەتان یان بە پێچەوانەوە لە تاوانە گەورەکانە، چونکە هەرکارێك نەفرەتی لێکرابێ ئەو تاوانە لە ڕیزی تاوانە گەورەکان دەژمێردرێت. ((م.ئەبو موسلیم))

❖ هەروەها خۆچواندن تەنها لە جل وبەرگ نیە، بەڵکو لە ڕەفتارو قسەو هەڵسوکەوتیشە. ((م.ئەبو موسلیم)).

جوێن دان بە زەمانەو ڕۆژگار دروست نی یە

٢٢٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: ((لَا تَسُبُّوا الدَّهْرَ، فَإِنَّ اللهَ هُوَ الدَّهْرُ)) رواه مسلم ٢٢٤٦.

واتە: ((جوێن بە ڕۆژگار-زەمانە- مەدەن, چونکە خوای گەورە خۆی ڕۆژگارە-زەمانەیە- واتا خوای گەورە ڕۆژگار دێنێت و دەبات و شەوو ڕۆژ دروست دەکات)).

دوو شت لەگەڵ مرۆڤ دا گەورە دەبێ

٢٢٧ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ((يَكْبَرُ ابْنُ آدَمَ وَيَكْبَرُ مَعَهُ اثْنَانِ: حُبُّ المَالِ، وَطُولُ العُمُرِ)) رواه البخاري ٦٤٢١.

واتە: ((نەوەکانی ئادەم گەورە دەبن وە دوو شت لە گەڵیاندا گەورە دەبێ: خۆشەویستی ماڵ و هیوا درێژی)).

❖ واتا مرۆڤ هەر چەند گەورەو بەتەمەن بێت ئەوا هەردەم خۆشەویستی ماڵ و هیوا درێژی لە دڵی دا دەمێنێ دەستبەرداری نابێت. ((نووسەر)).

ئەگەر دادوەر کۆششی کردو پێکای دوو پاداشتی بۆ هەیە

٢٢٨ عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، أَنَّهُ سَمِعَ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَالَ: ((إِذَا حَكَمَ الْحَاكِمُ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَصَابَ، فَلَهُ أَجْرَانِ، وَإِذَا حَكَمَ فَاجْتَهَدَ ثُمَّ أَخْطَأَ، فَلَهُ أَجْرٌ)) رواه مسلم ١٧١٦.

واتە: ((ئەگەر دادوەر کۆششی کردو پێکای ، ئەوا دوو پاداشتی بۆ هەیە ، وە ئەگەر کۆششی کردو نەیپێکا ، ئەوا یەك پاداشتی بۆ هەیە)).

❖ دوو پاداشتی بۆ هەیە واتا پاداشتێك لەسەر کۆششەکەی وە پاداشتێکیش لەسەر پێکانی ڕاستیەکەی وەردەگرێت ، وە مەبەست لەوەی یەك پاداشتی بۆ هەیە واتا پاداشتێك لەسەر کۆششەکەی وەردەگرێت. ((نووسەر)).

مرۆڤ چەندی هەبێت داوای زیاتر دەکات !!!

٢٢٩ عَنْ عَطَاءٍ، قَالَ: سَمِعْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا، يَقُولُ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يَقُولُ: ((لَوْ كَانَ لِابْنِ آدَمَ وَادِيَانِ مِنْ مَالٍ لاَبْتَغَى ثَالِثًا، وَلاَ يَمْلَأُ جَوْفَ ابْنِ آدَمَ إِلَّا التُّرَابُ، وَيَتُوبُ اللَّهُ عَلَى مَنْ تَابَ)) رواه البخاري ٦٤٣٦.

واتە: ((ئەگەر ئادەمی زاد دوو دۆڵیان هەبێت ئەوا ئارەزووی ئەوە دەکەن بیکەنە سیان, وە گەدەی-سکی- ئادەمی زاد پڕ نابێت تەنها بە خۆڵ نەبێت, وە خوای گەورەش تەوبە وەردەگرێت لەو کەسەی کە تەوبە دەکات)).

لەكاتی شەڕكردن دا لە دەموچاوی كەس مەدن

٢٣٠ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((إِذَا قَاتَلَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيَجْتَنِبِ الْوَجْهَ)) رواه مسلم ٢٦١٢.

واتە: ((ئەگەر یەكێك لە ئێوە لەگەڵ براكەی خۆی جەنگا-شەڕی كرد- ئەوا با خۆی بپارێزێ -لە لێدان- لە دەموچاوی)) .

❖ خۆی شەڕكردن لە بنەڕەتدا دروست نی یە بە بەڵگەی فەرموودەی صەحیح سەیری فەرموودەی ژمارە ٣٣ بكە لەم كتێبە ، بەڵام مەبەست لە فەرموودەكەدا ئەوەیە ئەگەر توشی شەڕ بووی لەگەڵ برایەكت ئەوا نابێت وای لێ بدەیت كە دەموچاوی بشێوێنی ، چونكە دەموچاو شوێنێكی ناسكەو ئەندامەكانی هەستیارن وە ناتوانرێت دابپۆشرێت و بشاردرێتەوە وەك شوێنەكانی تر ئەوكاتە كەسی لێدراو هەست بە كەمووكوڕی و دابەزین دەكات والله أعلم. ((نووسەر)).

ڕەحمەتی خودا سەد بەشە تەنها یەك بەشی لەسەر زەوی یە

٢٣١ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: ((إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ الرَّحْمَةَ يَوْمَ خَلَقَهَا مِائَةَ رَحْمَةٍ، فَأَمْسَكَ عِنْدَهُ تِسْعًا وَتِسْعِينَ رَحْمَةً، وَأَرْسَلَ فِي خَلْقِهِ كُلِّهِمْ رَحْمَةً وَاحِدَةً، فَلَوْ يَعْلَمُ الكَافِرُ بِكُلِّ الَّذِي عِنْدَ اللَّهِ مِنَ الرَّحْمَةِ لَمْ يَيْئَسْ مِنَ الجَنَّةِ، وَلَوْ يَعْلَمُ المُؤْمِنُ بِكُلِّ الَّذِي عِنْدَ اللَّهِ مِنَ العَذَابِ لَمْ يَأْمَنْ مِنَ النَّارِ)) رواه البخاري ٦٤٦٩.

واتە: ((بەڕاستی خوای گەورە كاتێك ڕەحمەتی دروست كرد -كردی بە- سەد بەش, نەوەدونۆ ڕەحمەتی لای خۆی هێشتۆتەوە, وە تەنها یەك ڕەحمەتی بۆ هەموو دروستكراوەكانی ناردووە ، ئەگەر بێباوەڕ دەیزانی بەو هەموو

ڕەحمەتەی خودا ئەوا هەرگیز بێ ئومێد نەدەبوو لە بەهەشت ، وە ئەگەر باوەڕدار دەیزانی بەو هەموو سزایەی خودا ئەوا هەرگیز ئەمین نەدەبوو لە دۆزەخ)).

یەکێك لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە کوشتن زۆر دەبێ

٢٣٢ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، قَالَ: ((لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَكْثُرَ الْهَرْجُ)) قَالُوا: وَمَا الْهَرْجُ يَا رَسُولَ اللهِ؟ قَالَ: ((الْقَتْلُ الْقَتْلُ)) رواه مسلم ١٥٧.

واتە: ((قیامەت هەڵناسێت تاوەکو هەرەج زۆر دەبێت)) وتیان: هەرەج چی یە ئەی پێغەمبەری خوا؟ فەرمووی: ((کوشتن کوشتن)).

پاراستنی زمان و داوێن پاداشتەکەی بەهەشتە

٢٣٣ عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ، عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: ((مَنْ يَضْمَنْ لِي مَا بَيْنَ لَحْيَيْهِ وَمَا بَيْنَ رِجْلَيْهِ أَضْمَنْ لَهُ الجَنَّةَ)) رواه البخاري ٦٤٧٤.

واتە: ((هەر کەسێك گرێنتیم بداتێ -لەپاراستنی- نێوان دوو ڕیشەکەی وە نێوان دوو قاچە کانی ئەوا من گرێنتی بەهەشتی دەدەمێ))

❖ نێوان دوو ڕیشەکەی مەبەستی نێوان سمێڵ و ڕیشە واتا زمانی. وە نێوان قاچەکانی مەبەست پێی داوێنە. ((نووسەر)).

عەرشی خوای گەورە لەسەر ئاوە

٢٣٤ عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ ، يَقُولُ: ((كَتَبَ اللهُ مَقَادِيرَ الْخَلَائِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ، قَالَ: وَعَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ)) رواه مسلم ٢٦٥٣.

واتە: ((خوای گەورە ئەندازەی دروستکراوەکانی نووسیوە پێش دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی بە پەنجاهەزار ساڵ ، -پاشان- فەرمووی: عەرشی خوای گەورە لە سەر ئاوە)).

ترسان لە ڕۆژی دوایی

٢٣٥ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيِّبِ، أَنَّ أَبَا هُرَيْرَةَ كَانَ يَقُولُ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: ((لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا، وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا)) رواه البخاري ٦٤٨٥.

واتە: ((ئەگەر ئەوەی من دەیزانم ئێوە بتان زانیایە ئەوا کەم پێدەکەنین و زۆر دەگریان)).

- ❖ پێغەمبەران (عليهم السلام) بە ڕێگای سرووش زۆرێك لە زانیاری دەزانن خەڵکی نایزانن، ئەوەی خوای گەورە بیهەوێ بۆیان دەخاتە ڕوو تا لە هەموو کەس ترسیان لە خوا زیاتر بێ. ((م.ئەبو موسلیم)).
- ❖ گریان لەترسی خودا کارێکی ڕێگا پێدراوە، بەڵام زۆر پێکەنین ئەو کەسە پەلکێش دەکات بۆ بێ ئاگایی ودڵی رەق دەکات. ((م.ئەبو موسلیم)).

خوای گەورە پێی خۆشە لە بەندەکانی خۆش بێت

٢٣٦ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ لَمْ تُذْنِبُوا لَذَهَبَ اللهُ بِكُمْ، وَلَجَاءَ بِقَوْمٍ يُذْنِبُونَ، فَيَسْتَغْفِرُونَ اللهَ فَيَغْفِرُ لَهُمْ)) رواه مسلم ٢٧٤٩.

واتە: ((سوێند بەو کەسەی کە نەفسی منی بەدەستە ئەگەر تاوان نەکەن خوای گەورە ئێوە لادەبات ، وە قەومێك دەهێنێ کە تاوان بکەن ، -پاشان ئەو قەومە- داوای لێخۆشبوون دەکەن لەخوای گەورە ، خوای گەورەش لێیان خۆشدەبێت)).

بەهەشت زۆر نزیکە لە بەندە وە دۆزەخیش بەهەمان شێوە

٢٣٧ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ ، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: ((الجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُمْ مِنْ شِرَاكِ نَعْلِهِ، وَالنَّارُ مِثْلُ ذَلِكَ)) رواه البخاري ٦٤٨٨.

واتە: ((بەهەشت زۆر نزیکترە لێتان لە قەیتانی پێڵاوەکانتان, وە دۆزەخیش بەهەمان شێوە)).

ناوی ڕووبارەکانی بەهەشت

٢٣٨ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((سَيْحَانُ وَجَيْحَانُ، وَالْفُرَاتُ وَالنِّيلُ كُلٌّ مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ)) رواه مسلم ٢٨٣٩.

واتە: ((سەیحان و جەیحان, وە فوڕات و نیل هەموویان لە ڕووبارەکانی بەهەشتن)).

❖ لەم فەرموودەدا دەردەکەوێت کەوا بەهەشت درووستکراوەو هەیە بەگشت نیعمەتەکانی یەوە، هەروەکو چۆن ئاگریش بەگشت ئەو ناڕەحەتی و سزایەی تەیدایە درووست کراوەو ئێستا هەیە.

((م.ئەبو موسلیم)).

کەی بەڕۆژوو بین وکەی بیشکێنین _ بیکەین بە جەژن _ ؟

٢٣٩ عَنْ ابْنَ عُمَرَ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: ((إِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَصُومُوا، وَإِذَا رَأَيْتُمُوهُ فَأَفْطِرُوا، فَإِنْ غُمَّ عَلَيْكُمْ فَاقْدُرُوا لَهُ)) رواه البخاري ١٩٠٠.

واتە: -پێغەمبەری خوا ﷺ باسی مانگی یەك شەوەی کرد-، فەرمووی: ((ئەگەر بینیتان ئەوە بە ڕۆژوو بن، ئەگەر بینیشتانەوە بیشکێنن -واتا بیکەن بەجەژن-، وە ئەگەر هەور بەرچاوی گرتبوون ئەوا سی ڕۆژی مانگی شەعبان تەواو بکەن - باشان بیکەن بە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان-)).

گەورەترین فیتنەو بەڵا چی یە کە بەسەر خەڵکی دا دێت؟

٢٤٠ عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ قَالَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ ﷺ يَقُولُ: ((مَا بَيْنَ خَلْقِ آدَمَ إِلَى قِيَامِ السَّاعَةِ خَلْقٌ أَكْبَرُ مِنَ الدَّجَّالِ)) رواه مسلم ٢٩٤٦.

واتە : ((هیچ -فیتنەیەك- دروست نەبووە لەنێوان دروستبوونی ئادەم تا ڕۆژی دوایی لە فیتنەی دەججال گەورەتر بێت)).

❖ دەججال مرۆڤێکە لە ئاخیر زەمان دا دێت, لەنێو چاوانی نووسراوە {ك ف ر} واتا كافر هەموو موسڵمانێك دەیخوێنێتەوە, چاوی لای ڕاستی کوێرە, لە ئەصفەهانەوە دێت کە حەفتاهەزار جولەکە شوێنی دەکەون, لەسەرەتادا وەك پیاوچاك خۆی نیشان دەدات دواتر بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات پاشان بانگەشەی خوایەتی دەکات. ((نووسەر)).

✓ تەواو بووم لە نووسینی ئەم کتێبە الحمدلله هیوادارم خوای گەورە لێم وەربگرێت و سوودێك بە من بگەیەنێت لە دونیا و قیامەتدا وە هیوادارم ئێوەش سوودتان لێ وەرگرتبێت و لە دوعای خێر بێبەشم مەکەن.

✓ وە زۆر سوپاسی مامۆستای بەڕێزم م.ئەبو موسلیم ئاریانی دەکەم کە زۆر ماندوو بوو لە گەڵم بە پێداچوونەوەو ڕێکخستنی ئەم کتێبە ، لێرەوە داوا لە خوای گەورە دەکەم بۆی بکات بە توێشووی قیامەتی.

✓ وە لێرەوە بە پێویستی دەزانم کە زۆر سوپاسی ئەو کەسانە بکەم کە یارمەتیان دام لە دروستکردنی بەرگی کتێبەکەو جوانکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە ، خوای گەورە پاداشتی بەخێریان بداتەوە.

بۆ هەر ڕەخنە و پرسیارێك لە سەر ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەتوانن پەیوەندیم پێوە بکەن بەم ناونیشانەی خوارەوە :

abuanaskurdi@gmail.com

الفقير إلى ربه القدير

أبى أنس الكردى

ناوەڕۆك

٢٣٩	کەی بەڕۆژوو بین و کەی بیشکێنین _ بیکەین بە جەژن _؟	١٢٤
٢٤٠	گەورەترین فیتنەو بەڵا چی یە کە بەسەر خەڵکی دا دێت؟	١٢٥